هاوکاری

« التضامن »

دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
مەیدانی الخلانی ـ شەقامی « الجمهوریە »
بەغدا ـ پ.ب ١٤٠١٦ تەلەفۆن ٨٨٧٥٧٩٥ ـ ٥ خەت
« هاوکاری » رۆژنامەیەکی هەفتانەیە ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

٨ لاپەڕە — ٢٥ فلسە

سەرنوسەر سعاد ادیب

● دووشەممە ٢ی تەممووزی ١٩٧٩ ژمارە ٤٨١ ●

● الاثنین ٢ تموز ١٩٧٩ العدد ٤٨١ ●

باوەڕێکی مەزنمان بە توانای نەتەوەکەمان هەیە بۆ پەڕینەوە بەسەر ناهامەتیدا ؛ هەرچەندە پیلانەکان خەست و ترسناك بن و هەرچەندە دوژمنان توانایەکی گەورەو چەپەڵەم پێناوەدا بخەنەکار .

سەرۆکی فەرماندە
احمد حسن البکر

گفتوگۆی نێوان عراق و ئەردەن

عمان ـ ئا.د.ع .. پەیڕەوی ئێوارە لە کۆشکی الهاشمیە لە عمان کۆبوونەوەیەکی داخراو لە نێوان بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و خاوەن شکۆ مەلیك حسین بن طلال کرا .

لە کۆبوونەوەکەدا باسی ئەو بارودوخە تازەیە کرا کە ناوچەی عەرەبی بە خۆیەوە دەبینێ و چۆنیەتی پشتگیرکردنی هاریکاری عەرەبی بۆ رووبەڕووبوونی ئەو هێرشە درندانەیە کە دەکرێتە سەر نەتەوەی عەرەب و سەرەڕای باسکردنی پەیوەندی دوو قۆڵی لە نێوان هەردوو وڵاتی برادا.

شایانی باسە جێگری بەڕێز و خاوەن شکومەلیك حسین پێرێ ئێوارە لە کۆشکی الهاشمیە کۆبوونەوەیەکی کورتیان کرد و ئەندامانی وەفدەکەکە لە گەڵ جێگری بەڕێز بوون تیادا ئامادە بوون و لە لایەنی ئەردنیەوە الشریف عبدالمجید شرف سەرۆکی دیوانی مەلەکی و بەڕێز عامر خماش سەرۆکی بلاطو عدنان ابوعودە جێگری وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوە و وەزیری راگەیاندن و سلیمان عرار وەزیری ناوخۆ ئامادە بوون .

ئەرد بوو بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و وەفدەکەی لەتەکی لە سەعات دووو چل و پێنج دەتیقەی دوای نێوەڕۆی رۆژی شەممە بەسەردانێکی رەسمی گەیشتبووە عمان .

لە کاتی گەیشتنی جێگری بەڕێز پێشوازیەکی رەسمی و میللی گەورەی بۆ کراو لە پێش هەموویانەوەش خاوەن شکومەلیك حسین مەلیکی مەملەکەی ئەردەنی هاشمی و بەڕێز ئەمیر حسن و سەروك وەزیران و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران و هەردوو باڵوێزی عیراق و سوریا و دەستەو بێوەندەکانی هەردوو باڵوێزخانەکان لە عمان .

هەروەها لە پێشوازیکردنی جێگری بەڕێز سەرۆکی دیوانی راگەیاندن و وەزیری راگەیاندن و هەواڵدان کردنەوەو بەڕێز حداد ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و دوکتۆر سعدون حمادی وەزیری دەرەوە . هەروەها بەڕێز سعدون شاکر ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کە لە بەیانی رۆژی شەممە گەیشتبووە عمان خۆی گەیاندە وەفدەکەی تەکە جێگری بەڕێز .

جەماوەر نارەزایی خۆی بەرامبەر سیاسەتی شۆفینیادنەی حوکم ڕاکانی ئێران دەردەبڕێ

لە گەورەترین کۆبوونەوەداله یاریگەی گەل ، پێری ئێوارە جەماوەرمان نارەزایی خۆیی بەرامبەر سیاسەتی شۆفینیانەو هەڵس و کەوتی رەگەز پەرستانەی حوکمرا نۆی یەکانی ئێران دەربڕی و هاواریان دەکرد بە هەرەشەکردنە سەر ئەو پیلانە نوێیەی حوکمراکانی ئێران رای دەپەڕێنن و سەرەتای لەوە وەدەرکەوت کە داوای نارەوایی دورگەکانی عەرەبی و بەحرین دەکەن بۆ ئێران .

ئەندامی سەرکردایەتی قطری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست ئەمین سری سەرکردایەتی لقی بەغدا هاوڕێ طاهر توفیق و تاریکی خوێندەوە تیایدا دووپاتی کردەوە کە هەزن بونی کاروانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست و بنچدا کوتانی ـ تافی کردنەوەی شۆڕشگێرانەی لە ولاتەکە تیکوشەرەکەماندا ، قینی داموودەزگاکانی ئیمپریالیزم و زایونیزم و نۆکەرەکانی هەستاندوە .

هەروەها وتی : رێکەوتنامە نادەین بە وەرەسەی رژیمی شاهنشاهی پەلاماری ماڤەکانی نەتەوەکەمان و رێزی بەدەن و رێکابە رێزەوی دوژمنایەتی کاری و سیاسەتی خۆفراوان ـ کردن و زۆرداری و خەتاکاریەکانیان نادەین .

دوای ئەوە ابو رسالە وتاری بزوتنەوەی نیشتمانی عەرەبستانی خوێندەوە و تیایدا وتی : ئەی پاڵەوانەکانی گەلی عەرەب لە عیراق ، لە خاکی عەرەبستانی رابەربوەوە دژی زوڵم و رەگەز پەرستی بەوە هاتوم ئازاری ملیونەهانم لەسەر سارم هەڵگرتوەو زمانم دەنگی بێوە ژنەکان و هەتیوکەوتوەکانی هەڵگرتوە ئەوانەی عەسکەرەکانی حوکم رای رەگەز پەرستی نۆی بەلامارياں داون و ئەوانیش بە خوێنی پاکیان خاکی محمرەو عبادان و شاری ئەحوازیان ئاودا .

دوای ئەوە برادەر ابو خان وتاری بزوتنەوەی نیشتمانی بلاشی خوێندەوە ئەوەی تیا دووپات کردەوە کە بزوتنەوەی گەلی باوشی تێکوشەر لە پێناوی سەربەستی و دەر زۆرداری و جەوساندنەوەیە بۆ دنیا ئاشکرا دەکا کە سلطانی ئێران لە دژی دەیکەن .

هەروەها بوینەری نەتەوەی ئاذربایجان لە ئێران بەرامبەر کریز سنجاقی لە وتاردەکەیدا نارەزایی دەربڕی بەرامبەر کاروباری رەگەز پەرستانەو تبك، دەرانەی جنرالی فاشی مدنی و داوای هەڵکێشانی رەگی زۆرداری کردو دوایی هێنان بەو راونانەی ئێران دژی تێکۆشەرەکانی نەتەوە چەوساوە تێکوشەرەکان بەکاری دێنێ و لە پێناوی مافی رەوای خۆیاندا کەحوکمی زاتیە .

ابو سەرداریش لە وتاری بزوتنەوەی نیشتمانی کوردیدا ڕوونی کردەوە کە پەلاماری درندانەی ناپەوا بۆ سەر کورد لەئێران لە لایەن رەگەز پەرستەکانی ئێرانەوە درندانەترە لەرژیمی پێشوو هیچ جیاوازیەك نیە لە نێوان بیروسلوکی ئەوان و رابوردودا.

سوریا دەچێتە هیئەتی قەزائی (ئەوابیك)ەوە

کوێت ـ ٢٨ ـ ئا. د. ع

باڵوێزی سوریا لەکوێت بەڕێز عزالدین نعیسە لەگەڵ ئەمینداری گشتی ی رێکخراوی وڵاتە عەرەبە نەوت فرۆشەکان (ئەوابیك) دوکتۆر علی عتیقەداکۆبۆتەوە .

باڵوێزی سوریا لە دوای کۆبوونەوەکە وتوویەتی .. کە وەسیقەی «ئینزیمامی» سوریا بۆ هەیئەتی قەزائی رێکخراوەکەی داوەبە دکتور عتیقە ، ئەو وەسیقەیە لەلایەن سەرۆك حافظ الاسدەوە مۆرکراوە .

سەرۆك البکر عقید قذافی بەڕێ دەکا

سەر لە ئێوارەی رۆژی چوارشەممەی رابوردوو لە کۆشکی کۆماری لەبەغدا گفتوگۆی رەسمی لە نێوان بەڕێز سەرۆك احمد حسن البکر و عەقید معمر القذافی دەستی پێ کرد .

لە لایەن عیراقەوە لە گفتوگۆکەدا بەڕێزان طە یاسین رمضان ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و وەزیری خانەنشینی و ئاوەدان کردنەوەو دکتۆر سعدون حمادی وەزیری دەرەوەو لطیف نصیف جاسم وەزیری کشتوکاڵ و چاککردنی کشتوکاڵ و صباح ابراهیم الحورانی باڵوێزی عیراق لە ئەرابلوس بەشداریان تیدا کردووە . وە لەلایەنی لیبیاوە بەڕێزان رائید الخویلدی الحمیدی و محمد الزوی جێگری ئەمینداری گشتی ی کۆنگرەی گشتی ی گەل و عبدالمجید القصود ئەمینداری پەیوەندی و ئەبو زید دوردە ئەمینداری شارەوانی و دکتۆر علی عبدالسلام التریکی ئەمینداری دەرەوەو بەڕێوەبەری ئیشوکاری لیبیا لەبەغدا بەشداریان لە گفتوگۆکەدا کردووە .

لە گفتوگۆکەدا باسی پەیوەندی دوو قۆڵی نێوان هەردوو وڵاتی دۆست و برا کرا سەرەرای دۆخی ئیستای عەرەبی .

وەك ئاشکرایە سەرۆکی لیبیا سەعات دوازدەو دە دەقیقە سەر لە بەیانی رۆژی چوار شەممەی رابوردوو گەیشتە بەغداو پێشوازیەکی رەسمی گەورە لە فرۆکەخانەی بەغدای دەولی بۆ العقید القذافی کرابوو لە پێشوازیکەدا بەڕێز سەرۆك احمد حسن البکر و بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و وەزیرەکان و فەرمانبەرە گەورەکانی مەدەنی و سەربازی و عەمیدی سلکی دبلۆماسی و سەرۆکی نێراوە دبلۆماسیەکانی عەرەب لەبەغدا بەشداریان کردبوو .

بەڕێز صدام حسین سەری لە العقید القذافی داوە

سەر لە ئێوارەی رۆژی پێنج شەممەی رابوردوو بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بۆ دیدەنی العقید معمر القذافی چۆتە کۆشکی بەغدا جێگای حەوانەوەی .

جێگری بەڕێز و العقید القذافی کۆبونەوەیەکیان کردووە لەو کۆبوونەوەیەدا باسی پەیوەندی هەردوو وڵاتی برایان کرووە ، وەبیرو رایان دەربارەی گەلێ مەسەلەی ئەمڕوی عەرەب و جیهانی کۆربوەتەوە .

لەو کۆبوونەوەیەدا کە دەوروبەری دوو سەعات و نیوی خایاندووە الرائد الخویلدی الحمیدی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی لیبیا بەشداری کردووە . لە کۆتایی کۆبونەوەکەدا جێگری بەڕێز لە لایەن العقید القذافی و وەفدەکەی تەکی و دکتۆر سعدون حمادی وەزیری دەرەوەو بەڕێز لطیف نصیف جاسم وەزیری کشتوکاڵ و چاککردنی کشتوکاڵ و سەرۆکی نێراوی شەرەن بۆ باوەری العقید القذافی و عبدالحسین الجمالی جێگری وەزارەتی دەرەوە بە زۆر گەرمی و رێزەوە بەرێ کراوە .

دوای سەردانێکی جوار رۆژی سەرۆکی لیبی العقید معمر القذافی رەسمیکەی تەکی سەر لە بەیانی رۆژی شەممەی رەنگەوتی ٣٠ مانگی رابوردوو بەغدای بەجێ هێشت و بەرەو کوێت کەوتەرێ . لە فرۆکەخانەی بەغدای دەولی بەرێکردنێکی رەسمی گەورە بۆ عقید القذافی کراوە بەرێز سەرۆك احمد حسن البکر و ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و وەزیرەکان و فەرمانبەرە گەورەکانی مەدەنی و سەربازی لەو بەرێکردنەدا بەشداریان کردووە ئەوەبوو سەرۆك احمد حسن البکر بە مەوکیبێکی رەسمی میوانەکەی لە کۆشکی بەغداوە بەرد بۆ فرۆکەخانە .

بە گەیشتنی بەڕێز سەرۆك و میوانەکەی بۆ فرۆکەخانە لە هۆڵی شەرەف کەلێی حەسانەوە دوای ئەوە العقید القذافی لەتەك بەڕێز سەرۆکدا چوو بۆ سلاوکردن لە بەرێکەرانی کە بریتی بوون لە ئەندامانی سەرکردایەتی شۆڕش و وەزیرەکان و فەرمانبەرانی گەورە لە سلکی مەدەنی و سەربازیداو سەرۆکی نێراوە دبلۆماسی یەکانی عەرەب لەبەغدا ..

ئا . د . ع

یەکەم دەورەی جامیعەی عەرەبی لە بارەگای نوێیدا

ئەمڕو لە تونس جامیعەی عەرەبی لە دەورە کتوپڕەکەیدا بە سەرجەمی ئەندامەکانیەوە جگە لە میسر دەستی پێ کرد .

وەکو بوونەوەکانی دەورەکە لە بارەکای نوێیدا لە لایەن سەرەك حکومەتی تونسی یەوە بەڕێز هادی نویرەوە دەستی پێ کرد . ئیشوکاری دەورەکە دوو رۆژ دەخایەنێت بۆ لێکۆڵینەوە لە ئەو راپۆرتەی لیژنە شەش قۆلیکەی عەرەب لە ئەنجامی ئیشوکارەکانیدا ئامادەی کردووە سەبارەت جێبەجێ کردنی بریارەکانی کۆنگرەی بەغدای وەزیرانی دەرەوەو ئابوری عەرەب کە تایبەت بوو بە دوورکەوتنەوەو خۆدابڕین لە رژێمی سادات لە بارەی سیاسی و ئابوری یەوە .

هەر وەك لەم دەورەبەبدا دەگەڕێت بۆ هەڵبژاردنی ئەمینداریکی نوێ بۆ جامیعەکە .

لە سەرەتای ئەم کۆبوونەوانەدا ئەمینداری گشتی ی وەختی جامیعەی عەرەبی بەڕێز اسعد الاسعد وتارێکی خوێندەوە لە وتارەکەیدا .. دەست نیشانی دۆخی سیاسی عەرەبی کردووە پاش رێکەوتنە خیانەت کارێکەی سادات و زایونیزم هەر لەم بارەیەوە وتوویەتی .. کۆنگرەی بەغدا وەڵامدانەوەیەکی کارامە بوو بۆ بەرەوروو بوونەوەی پیلانەکەو خواستی نەتەوەی عەرەبی نیشاندا بۆ یەکبوون و رزگاریخوازی . لە کاروباری دەورەکەدا بەڕێز حامد علوان وەزیری دەوڵەت بۆ ئیشوکاری دەرەوە نوێنەری عیراقە .

بەرەی نیشتمانی سلاولە راگەیاندنە سیاسی یەکە دەکا

بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز سلاوی لە راگەیاندنە سیاسی یەکەی هیئەتی سیاسی بەرزی نێوان عیراق و سوریای را کردووە کە نموونەیەکی کاریگەرو ئارامەی پێشکەوتووە لە رێگای یەك بوونی هەردوو وڵاندا .

بەرەکە ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە یەك ریزی تێکۆشانی یەك گرتووو رادەوەستێت بۆ بەرگری کردن لە رینبازی یەك بوون و پارێزگاری کردنی ئامانجەکانی و بەنین کردنی هەنگاوەکانی و پشتگیری کردنی هەموو کارێك کە لەو رێگایەدا بکرێت .

ئەوەش لەو بروسکەیەدا نیشان دراوە کە سکرتاریەتی گشتی ی بەرەکە بۆ بەڕێز سەرۆك احمد حسن البکر و بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشیان ناردووە .

هەروەك بەهەمان ناوەڕوك بروسکەیەکی بۆ بەڕێز سەرۆك حافظ الاسد سەرەك کۆماری سوریای عەرەب ناردووە .

ئەمەش تەواوی بروسکەکەیە:

لە کاتێکی پڕ لە هەواو گەش بینیەکی قووڵ و باوەڕیکی گەورە بە سەرکەوتنی نەتەوەی عەرەبمان لە شەرە چارە نووسێکەیدا دژی دوژمنەکانی و بنیات نانی پاشە رۆژی یەك گرتووی سۆشیالیستانەی پرشنگدار ، جەماوەری گەلی عیراقمان و هێنرە نیشتمانی و نەتەوەیە پێشکەوتنخوازەکانی پێشوازی راگەیاندنە میژوویی یەکەی بەغدایان کرد کە لە کۆ بوونەوەکانی هەیئەتی بەرزی سیاسی میساقی کاری نەتەوەیی هاوبەشەو درچووەو دامەزراندنی سەرکردایەتیەکی سیاسی یەك گرتوو لە نێوان هەردوو وڵاتی برادا کە بە رینبازی یەك بووندا گوزەر دەکەن ، عیراق و سوریا کە ئەویش نموونەی دارشتنێکی بەکارو پێشکەوتوانەیە لە رێگای بنیات نانی یەك بوونی هەردوو وڵاتدا و قوڵ کردنەوەی و تەتبیق کردنی ناوەڕوکەکانی میساقی کاری نەتەوەیی هاوبەش تەتبیق کردنێکی خولقینە رانەی هۆشمەندو دانانی بچینەیەکی پتەو کە کۆشکی قەشەنگی یەك بوون لە نێوان هەردوو وڵاتی تێکۆشەری عەرەبدا بتوانی خۆی لە سەر رابگرێت وەك بەدی هێنانی ئاواتەکانی جەماوەری عەرەب لە هەردوو وڵات و نیشتمانی گەورەی عەرەبدا .

جەماوەری نەتەوەکەمان کە چارەڕوانی بە یەك گەیشتنە مێژوویەکەی بەغدا بوو لە نێوان دوو سەرکردەی تێکۆشەردا البکر و الاسد ئەوەی دەزانی کە ئەم بەیەك گەیشتنە مانای پێگ گەیشتنی مێژوو خواستە مەزنە نەتەوایەتیکمان و سوور بوون لە سەر وەدەست هێنانی

بڕوانە : ل : ٧

Institut Kurde de Paris

لە بروسکەیەکدا بۆ سەرۆك البکرو بەڕێز صدام حسین :-

دەرچوونی دەورەی « الصمود » لە زانکۆی سلێمانی بەڵێنیان داوە کە وزەو توانایان بۆ خزمەت کردنی ڕەوتی شۆڕش بخەنە کار

دەرچوانی دەورەی « الصمود » لە زانکۆی سلێمانی بەڵێنیان دا کە دلسۆزی بیروباوەڕەکانی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیستو شۆڕشی ١٧ ی تەمووز بزو وزەو توانا و بسپۆریان بۆ خزمەت کردنی ڕەوتە سەرکەوتووەکەی شۆڕشو نەخشەکانی پەرەسەندن بخەنە کار .

ئەمەش لە بروسکەیەکدا بووە کە بە بۆنەی ئاهەنگ گێڕانی دەرچوونیانەوە بۆ سەرۆکی بەڕێز احمد حسن البکرو بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورشیان ناردووە .

ئەمەش دەقی بروسکەکە یە :-

ئێمە دەرچوانی ئەم ساڵی دەورەی « الصمود »ی زانکۆی سلێمانی . ئەم بۆنە گرنگ و نازیزە بە هەل ئەزانین بۆ ئەوەی بەڵێن بە سەرکردایەتی حزبو شورش بدەین کە هەر سەربازی دلسۆزو بەئەمەکی بڕوباوەڕەکانی حزبی فەرماندەمان حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست و ئامانجو دەسکەوتەکانی شورشە مەزنەکەمان شورشی ئەتەوەیی سوشیالیستی ١٧ ی تەمووز ئەبین و وزەو تواناو بسپۆڕی زانستیانەمان بۆ خزمەت کردنی ڕەوتە سەرکەوتووەکەی شۆڕش و نەخشەکانی ئاودەهاش داکۆکی لە ئۆتۆنۆمی ئەکەین و هەر بمێنن بۆ تێکۆشان .

هەر وەها لە قوڵایی دڵەوە پیرۆز بایی ئاگاداری یە سیاسی یەکە ئەکەین کە لە لایەن دەستەی بەڕێزی سیاسی بەرنامەی ناوکۆیی کاری ئەنەودیەوە دەرچووو پیرۆزبایی ڕەوتە سەر کەوتنەکەی ئێوان هەردوو هەرێمی برا عیراق و سوریا ئەکەین بۆ ئەوەی بێتە بنەرەتێکی قایمی یەکگرتنی سەرتا بارگیرانەی عەرەب و کوردو وڵامی پراتیك و بەلایەکا خەرانەی پیلانەکانی نیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنە پەرستان و بە چۆکا هاتن و خۆ بە دەستەوە دانی سادات کە زەبرێکی توندی لە کەرامەتی عەرەب دا .

سوورین و بروامان دووبات ئەکەینەوە کە شورەیەکی پۆڵایینی باراستنی شۆڕش و دەسکەوتە سۆشیالیستیەکانی بین و ڕووبەڕووی هەموو نەخشەکانی نیمپریالیزم و زایۆنیزم و چۆن داکۆکی لە شۆڕش ئەکەین ئاودەهاش داکۆکی لە ئۆتۆنۆمی ئەکەین و هەر بمێنن بۆ تێکۆشان .

دابەش کردنی دیاری یەکانی سەرۆکی بەڕێز بەسەر ماڵە جوتیارەکانی هەولێردا

هەفتەی ڕابوردوو ماڵە جوتیارەکانی گوندی هاوچەرخی کورەتو لە پارێزگای هەولیر دیاری یەکانی سەرۆکی بەڕێز احمد حسن البکریان وەرگرت کە بریتی بوو لەوەی هەر ماڵە جوتیارە تەنەفزیۆنێکی بدرێتێ .. بەم پێیە ١٢٤ ماڵە جوتیار لەم گوندە تەلەفزیۆنان وەرگرتووە .

لە ئاهەنگێکی فراوانی جەماوەریدا بەڕێز طلعة هادی قایمقامی زێبار دیاری یەکانی سەرۆکی بەڕێزی بە سەر هاوولاتیانی ئەم گوندەدا دابەشی کردووە .

هەروەها لە ئاهەنگەکەدا کە لەم گوندە گێڕدرا چەند وتارێك خوێنرایەوە تێیاندا ستایشی ئەو بایەخە کرد کە سەرکردایەتی حزبو شۆڕش بە ناوچەی ئۆتۆنۆمی ئەدات .

هەر وەها هاو وڵاتیان سوپاسی کەرمی سەرۆکیان بەڕێزیان کردووە بەرامبەر بەو دیاریەی بۆی ناردوونو ئەو بایەخەی بە هاوولاتیاتی ناوچەکە ئەدرێت .

بەم پێیە ژمارەی ئەو ماڵە جوتیارانەی لە گوندە هاوچەرخەکانی پارێزگای هەولێردا دیاری سەرۆکیان بەڕێزیان وەر گرتووە کە بریتی بوو لە تەلەفزیۆن گەیشتوتە دوو هەزارو ٦٨١ ماڵە جوتیار .

ئاو . د . ع

دەرچوونی دەورەی « الصمود » لە زانکۆی سلێمانی

بە چاودێری دکتۆر عصام بالاو لێکۆڵینەوەی زانستی ئێوارەی ٢٦-٦-١٩٧٩دا کردبە بەڕێکردنی هەشتەم خۆڕاگرتنەوە (الصمود) .

لە ئاهەنگەکە گێڕانی خولی ناوبراودا کە ژمارەیەکیش لە ئەمیندارەکانی دەزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و بەڕێز ارشد احمد محمد پارێزگاری سلێمانی و هاوڕێ عبدالرزاق فارس ئەمیندارە نهێنی سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لە سلێمانی لەگەل جەماوەرێکی زۆردا ئامادەبوو بە سەرەتا ئاهەنگەکە بە خۆپیشاندانی دەرچوەکانو ئەنجومەنی زانکۆو ئەندامانی دەستەی مامۆستایانی زانکۆ دەست پێکراو دوو وێنەی سەرۆکی فەرمانده احمد حسن البکرو هاوڕێ صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە پێش خۆیانەوە هەڵگرتبوو .

بەم بۆنەیەوە دکتۆر طارق رشاد عبدالله سەرۆکی زانکۆی سلێمانی وتارێکی خوێندەوەو تیایدا بیرۆزبایی لە دەرچوەکان کردو لە باشاندا وتی بۆیە ئەم خولەمان بە نێوی خولی خۆڕاگرتنەوە ناوناوە بۆ ئەوەی دەنگی خۆڕاگرتمان بەرامبەر بە نەخشەو پیلانەکانی نیمپریالیزمو زایۆنیزم بە گوێی هەموو مرۆڤێکی دۆستو دوژمندا بدین .

بەڕێز سەرۆکی زانکۆ جارێکی تر ڕوی کردەوە قوتابی یە دەرچوەکانو داوای لێدەکردن کە پێویستە هەمیشە بڕوایان بە خۆیان ببێتو بیرو هۆشیان لە پێناوی بنیاتنانو ئاوەدان کردنەوەی نیشتمانداکۆ بکەنەوەو بیخەنە گەڕو لە کاتی کارکردنیانا خۆیان لە بیر بچێتەوەو بەرەو ئەو قۆناغە بڕۆن کە سەرکردایەتی حزبو شۆڕش بۆی دیاری کردون .

باشان کاك سامان محمد علی جێگری سەرۆکی عبد علی وەزیری فێرکردنی لە کاتژمێری شەشی زانکۆی سلێمانی دەستی خولی قوتابیان بە نێوی خولی عەرەبی سوشیالیست لە سلێمانی لەگەل جەماوەرێکی زۆردا ئامادەبوو بە سەرەتا ئاهەنگەکە بە خۆپیشاندانی دەرچوەکانو ئەنجومەنی زانکۆو ئەندامانی دەستەی مامۆستایانی زانکۆ دەست پێکراو دوو وێنەی سەرۆکی فەرمانده احمد حسن البکرو هاوڕێ صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە پێش خۆیانەوە هەڵگرتبوو .

بەم بۆنەیەوە دکتۆر طارق رشاد عبدالله سەرۆکی زانکۆی سلێمانی وتارێکی خوێندەوەو تیایدا بیرۆزبایی لە دەرچوەکان کردو لە باشاندا وتی بۆیە ئەم خولەمان بە نێوی خولی خۆڕاگرتنەوە ناوناوە بۆ ئەوەی دەنگی خۆڕاگرتمان بەرامبەر بە نەخشەو پیلانەکانی نیمپریالیزمو زایۆنیزم بە گوێی هەموو مرۆڤێکی دۆستو دوژمندا بدین .

بەڕێز سەرۆکی زانکۆ جارێکی تر ڕوی کردەوە قوتابی یە دەرچوەکانو داوای لێدەکردن کە پێویستە هەمیشە بڕوایان بە خۆیان ببێتو بیرو هۆشیان لە پێناوی بنیاتنانو ئاوەدان کردنەوەی نیشتمانداکۆ بکەنەوەو بیخەنە گەڕو لە کاتی کارکردنیانا خۆیان لە بیر بچێتەوەو بەرەو ئەو قۆناغە بڕۆن کە سەرکردایەتی حزبو شۆڕش بۆی دیاری کردون .

باشان کاك سامان محمد علی جێگری سەرۆکی لقی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی عێراق وتازێکی داو پاش پیرۆزبایی لێکردنی دەرچوان داوای دەکرد کە بەرهەمی زانستی خۆیان لە برازی زانیاریدا بخەنە کارو هەوڵو هاریکاری لەگەڵ ئەو نەخشەو بەرنامانەدا بکەن کە بە شێوەیەکی فراوان بۆ کەشەپێدانو پێش خستنی وڵاتەکەمان کێشراون ..

دوای خوێندنەوەی ئەم وتارانە لە لایەن وەزیری بەڕێزدەوە دەست گرابە پێشکەش کردنی ئەو خەڵاتانەی کە سەرۆکی فەرمانده احمد حسن البکر بە بەکەمەکانی بەخشیوە لەگەڵ خەڵاتەکانی سەرۆکی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بە بەکەمەکانی بەخشیوە لەگەڵ خەڵاتەکانی بەڕێز طه محی الدین معروف جێگری سەرەك کۆمار بۆ قوتابیانی سێیەمی ئەم خولەی زانکۆی سلێمانی .

ئەمەو دابەش کردنی هەندێ خەڵاتی تر بەسەر قوتابیانی سەرکەوتودا وەك خەڵاتی سەرکردایەتی ئەتەوابەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست، لەگەڵ وەزارەتەکانو هەردوو ئەنجومەنی ڕابەڕاندنو باسادانانی ناوچەی کوردستانو ژمارەیەك لە ئەمیندارێتیە گشتی یەکانو خەڵاتی بەڕێز ارشد احمد محمد پارێزگاری سلێمانی و دەزگا زانیاری یەکانو یەکێتی و ڕێکخراوە جەماوەری یەکان .

شایانی باسە لە خولی ئەمسالی زانکۆی سلێمانیدا (٦٢٧) قوتابی کوڕو کچ بەڕێکران لەوانە (٢٧) قوتابیان لە خوێندنی باڵاو ماجیستر و دبلۆمی بەرزن .

فریا عبدالله
پ . هاوکاری لە سلێمانی

٤٦٠ ماڵە جوتیار لەدهۆك خانوی نوێیان وەرگرت

هەفتەی ڕابوردوو (٤٦٠) ماڵە جوتیار لەگوندی « هێزاوە »و « تل کبر »و « باطوفە »و (پیرسقی)و (بیکوفەی) فەزای زاخۆی پارێزگای دهۆك خانوی نوێیان درایەو لەو ئاهەنگەشدا کە بۆ دابەش کردنی ئەم خانوانە سازکرابوو بەڕێز یحیی محمد رشید پارێزگاری دهۆك و هاوڕێ مزهر مطنی ئەمینداری نهێنی لقی دهۆکی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست سەرپەرشتیان کرد .

ئەم ماڵانە لەکاتی ئاهەنگەکەدا سەرلەنوێ بەڵێنیان بۆ سەرکردایەتی حزبو شۆڕش نوێکردەوە کە ئەوبەری هەوڵ بدەنو لەپێناو قولکردنەوەی ڕەوتی کۆڕانە سوشیالیستی یەکانو جێبەجێ کردنی پرۆژەکانی ڕەخشەی گەشەپێدان کۆشش بکەن .

بەم پێیە ژمارەی ئەو خانوانەی ئەم ساڵو پار بەسەر ماڵە جوتیارەکانی پارێزگاکەدا دابەش کراوە گەیشتۆتە ٣ هەزارو ١٦٠ خانوو کە لە ١١ گوندا بووەو بەلای کەمەوە ٤ ملیۆنو ٨٤٠ دیناریان تێچووە .

ڕاپۆرت ١

دیاری یەکانی سەرۆکی بەڕێز بۆهاوولاتی یان لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی

بەغدا : ٢٧ی حوزەیران :ئاو.د.ع :
تاوەکو ئێستا نزیکەی ١١هەزارو ٣٩١ تەلەفزیون کە دیاری سەرۆکی بەڕێز احمدحسن البکرو بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بوون ، بەسەر ماڵە جوتیارەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و هەردوو پارێزگای میسانو زی قاردا دابەش کراوە .. وە ژمارەی ئەو تەلەفزیونانەی کە لەناوچەی ئۆتۆنۆمی بەسەر هاوولاتیانی گونەدە هاوچەرخەکاندا دابەش ٣ اوەوکە دیاری سەرۆکی بەڕێزبوون گەیشتۆتە نۆ هەزارو ٧٠ تەلەفزیون .

هەروەها هەزارو ٦١٠ تەلەفزیون کە دیاری جێگری بەڕێز بوون بە سەر هەووڵاتیانی گوندی « البیضە » لە پارێزگای میسانداو (٨١) تەلەفزیون بەسەر ماڵە جوتیارەکانی گوندی (صدام حسین) لە پارێزگای زیقاردا دابەش کراوە .

ئەوەی شایانی باسە سەرۆکی بەڕێز لەمانگی ئەبانی ڕابوردوو فرمانی دا کە ٣٢ هەزار تەلەفزیون بەسەر ئەو ماڵە جوتیارانەدا دابەش بکرێ کە بۆ گوندە هاوچەرخەکان گوێزراو ئەتەوە لەناوچەی ئۆتۆنۆمی دا ودەنەم دابەش کردنەش بە چەند جارێك بێتو هەر ماڵەجوتیارەش تەلەفزیۆنێکی بدرێتێ ..

ئەم دیاری یەی سەرۆکی بەڕێزو بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش لەچوارچێوەی ئەو هەنگاوانەی سەرکردایەتی حزبو شورشدا هاتووە بۆ بەختیاری لەناوبردنی هەموو دیاردەکانی دواکەوتوویی و هەواریی و بۆ کەم کردنەدەی جیاوازیی و کەلەبەری نێوان شارو لادێو ڕەشتیوەبەکیش کە لەبارانەکار بکاتە سەر ئاشتی ژیانی گشتیان و ئاستی بەرهەمهێنان لەڕووی چەندوچۆنەوە .

هاوولاتیانی ئەم گوندە هاوچەرخانەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لەمەوبەر لە ماوەیەکی بەرشەو بەیەکەوە دوور لە شارەکان و لەژیانێکی ناخۆشدا ئەژیان . بۆیە شۆڕشی ١٧ی تەمووز هەر لەسەرەتای بەربابوونیەوە هەوڵی داوە کوزەڕان و ژیانێکی خۆش بۆ ئەم هاوولاتیانە دابین بکات لەم تەرەکەمەیی و گۆشەگیری یە دەربارین بکات و لە نزیك شارەکان و لە دوورییانەکانو لە شوێنی جەوانەوەو خانوبەرەی تازەیان بۆ دروست بکات .. ئیتر ئەوە بوو (٣٦) گوندی هاوچەرخ دروست کران کە ٣١ هەزارو ٩٢٣ خانووی نوێیان تێدایەو هەموو جۆرە پێداویستی یەکانی ژیانی ڕۆژانەیان بۆ دابین کراوە، سەرەڕای قوتابخانەو باخچەی منداڵانو مەلبەندی تەندروستی و مەلبەندی نەهێشتنی نەخوێندەواری و بازارودوکان و پرۆژەی ئاڵەکتریك و ئاوی پاك .و دەرفەتی کارکردنیش بۆ دانیشتوانی ئەم گوندانە مسۆگەر کراوە .

جا ئەم دیاری یانەی سەرۆکی بەڕێز لەمەوە بوو کە ئەم تەلەفزیۆنانە ئاوازێکی کاریکەرو ڕاستەوخۆن بۆ هوشیار کردنو ڕوشنبیر کردن لە نێو لایەنەفراوانەکانی جەماوەردا .

ئاو . د . ع

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەسەڵاتی دامەزراندنی دەرچوانی ساڵی خوێندنی ٧٨ / ١٩٧٩ی بە وەزارەتی تەندروستی دەدا

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەسەڵاتی دا بە وەزارەتی تەندروستی کە بەبێ گەڕانەوە بۆ بڕیارو هەنگاوەکانی ئەنجومەنی کشتی خزمەت ، دەرچوانی کۆلیجو پەیمانگا پزیشکی ئەجزاخانەو پیشەیی و بڕین بێچی یەکانی ساڵی خوێندنی ٧٨ / ١٩٧٩ دابمەزرێنێ . سەرچاوەیەکی ایێ پرسراو لەوەزارەتی تەندروستی لەم بارەیەوە وتی : - ئەم بڕیارە ئەبێتە مایەی دامەزراندنو دابەش کردنی دەرچوان بە سەر دەزگاو دامەزراوە تەندروستی یەکاندا بە پێی پێویستی ئەم دەزگایانە سەرەڕای ئاسان بوونی کاروباری دامەزراندنیان .

ئاو . د . ع

ئەنجومەنی ناوەندی گەل لە پارێزگای هەولێر پیرۆزبایی ڕاگەیاندنی سیاسی یەکە دەکا

هەولێر : ٢٧ی حوزەیران :

ئەنجومەنی ناوەندی گەل لەپارێزگای هەولێر پیرۆزبایی لەو ڕاگەیاندنە سیاسی یە کرد کە دوای کۆبونەوەکانی دەستەی بەرزی سیاسی بەرنامەی کاری ناوکۆیی نەتەوەیی ئێوان هەردووولانی برا عیراقو سوریا دەرچوو .

ئەنجومەنەکە ئەو کارە تاوانکاریانەی ڕیسوا کرد کە خایانی گەلو نەتەوەو ئەیانکەن و، ئەو پەری ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ بەرەنگاریی کردنی پیلانەکانی نیمپریالیزم وزایۆنیزم لە ناوچەکەدا .

ئەنجومەن لەچەند ڕاپۆرتێکی ئەنجومەنی لقی یەکانی پارێزگاکەی کۆلیوەتەوە کە تێیاندا پێویستی یەکانی هاوولاتیان باس کراون .

لەکۆبونەوەکەدا بڕیاردرا کە چەند ئەنجومەنێکی لقی یانە لەگشت گوندە هاوچەرخەکانی پارێزگاکە بکرێتەوە بۆ بەسەر کردنەوەی پێداویستی یەکانی هاوولاتیان و خزمەت کردنیان بەباشترین شێوە .

ئەوەی شایانی وتنە ئەنجومەنی ناوبرا ماوەیەك لەمەوبەر چەند ئەنجومەنێکی لقی یانەی لەگوندی کانی قرژاڵەو هەریرو دیانا کردەوە .

هەروەها بڕیار درا کە ئەندامانی ئەنجومەکە سەر لە قەزاو ناحیەو گوندەکانی پارێزگاکە بدەن بۆ بەسەر کردنەوەو پێداچونەوەی دەرس خوێندن لەمەلبەندەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری و کۆر بەستی بۆرووین کردنەوەو لێکدانەوەی لایەنەکانی قانونی هەڵمەتی نیشتیمانی نەهێشتنی نەخوێندەواری و هاندانی هاوولاتیان بۆ ئەوەی فێری خوێندنو نووسین بن .

ئاو . د . ع

لە چاپکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی



لەم ڕۆژانەی دوابیدا پێنج نامیلکە لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی کەرتنە بازاڕەوە ، کە نۆ نوخشەی بەرهەمی چاپەمەنی ئەمسالی دەزگاکەمانن ، جگە لەمانە کۆمەڵێکی تر کتێب و نامیلکەی جۆراو جۆر ئێستا وان لە ژێر چاپداو بەم زوانە دەکەونە بازاڕەوە ..

ئەنجومەنی پاراستنی ژیانگە لە هەولێر سیمینارێکی بۆ خاوەن پیشەکان ڕێکخست

هەولێر . ٢٧ی حوزەیران .

ئەنجومەنی پاراستنی ژیانگە لەهەولێر بڕیاری یا کە وەرشەکانی خاوەن پیشەکان لەهەردوو ناوچە پیشەسازی یەکەی ژووروخواروی شاری هەولێر گۆبکاتەوە .

ئەم بڕیارەش لەکۆبونەوەیەکدا دراکە بەسەرۆکایەتی بەڕێز بهاءالدین احمد پارێزگاری هەولێر کراو .. تێیدا بڕیار درا کە سیمینارێك بۆ ئەم خاوەن پیشانە ڕێکخرێو هۆی ئەم کۆکردنەوەیان لەم دوو ناوچەدا ڕوون بکرێتەوەو دەوری ئەم هەنگاوەش لە پاراستنی ژیانگەدا دەربخرێ .

بەڕێز پارێزگاری هەولێر لە کۆبونەوەکەدا داوای کرد کە هەنگاوی ئەو هەڵمەتەی بۆ ڕێکخستنی شارەکە دەستابێ ئەکرێ .

ئەنجومەن لیژنەیەکی پێك هێنان بۆ ئەوەی سەرپەرشتی ئیش وکاری بۆ باخ کردنی دبوی دەرەوەی دام ودەزگاو دوکانو کۆگا گشتی یەکانو ئەو خانوانە بکەن کە کەوتوونەتە سەر شەقامو جادەکانو ڕەنگی گونجاویش بۆ هەریەکیکیان هەلبژێرن .

ئەنجومەنی ناوبراو داوای لە شارەوانی هەولێر کرد کە جێگایەکی لەبار بۆ کۆکردنەوەی دوکانەکانی دار فرۆشەکان دەست نیشان بکاتو بریتی بێ لەچەند پارچە زەوی یەك کە بەسەر خاوەن دوکانەکاندا دابەش بکرێ بۆ ئەمەبەستە .

ئاو . د . ع

بەسەر کردنەوەی هەردوو فەزای ڕەواندوزو چۆمان

هەفتەی ڕابوردوو بەڕێز محمدامین محمد احمد امین ئەمینداری گشتی کاروباری ناوخۆو بەڕێز عبدالغفار الصائغ ئەمینداری گشتی ڕوشنبیری و لاوانو بەڕێز سیزوان عبدالله جاف ئەمینداری کاروباری دارایی و ئابوری لەگەڵ ئەندامانی لیژنەی پێداچونەوەی سەر بەبەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆو بەڕێوەبەرانی بەشەکان لە هەردوو ئەمینداریتی ڕوشنبیری و لاوانو کاروباری ئابوری و دارایی گەشتیکی بەسەر کردنەوەیان بەفەزای ڕەواندوزو هەردوو ناحیەی خەلیفانو دیاناو قەزای چۆماندا کردوو لەگەڵ لێبرسراوە ئیداریی و نوێنەرەکانی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیستدا چەند کۆبونەوەیەکی فراوانیان کرد بۆ بەسەر کردنەوەی پێداویستی یەکانی ئەم ناوچانەو چونیەتی جێبەجێ کردنی پرۆژەکانی خزمەت گوزاریی . هەروەها لە گەڵ دیانا لەگەڵ هاوولاتیان کۆبونەتەوەو باسی پێداویستی یەکانیان کردوە بۆ ئەوەی بەپێی توانا بۆیان جێبەجێ بکرێن .

ئاو . د . ع

دوو سیمیناری زانست لە سلێمانی سازکرا

دایەرەی زانستەکان لە وەزارەتی خوێندنی بەرزو لێکۆڵینەوەی زانستی لە چواری مانگی ئایەدا دووەم سیمیناری زانستەکان لە زانکۆی سلێمانی ساز ئەکات .

سیمینارەکە کە دکتۆر عصام عبد علی وەزیری خوێندنی بەرزو لێکۆڵینەوەی زانستی ئەیکاتەوە . لە ماوەی دوو ڕۆژدا باسی چونیەتی ڕادەی جێبەجێ کردنی ئەو ڕاسپاردانە ئەکات کە سیمیناری یەکەم دەری کردبوونو کە بریتی بوون لە جێبەجێ کردنی چەند بەرنامەیەکی بەکەکرتوی زانستی یانەو ئەو مەسەلانەی بەیوەندی بان بە وەرگێڕانو خوێندنی بەرزو توێژینەوەی زانستی یەوە هەیە .

وەك زانراوە عەمیدی کولیجەکانی زانستیو بەروەردە لە زانکۆکانی وڵاتو سەرۆکی بەشە زانستی یەکان لە کۆلیجی زانستو بەروەردەو وەزارەتە خاوەن بەیوەندی یەکانو چەند نوێنەرێکی یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عیراقو نیقابەی مامۆستایانو دامەزراوی لێکۆڵینەوەی زانستی بەشداری تێدا دەکەن . هەروەها عەمیدەکانی کولیجی زانستیو بەروەردەیی کانی وڵاتی سوریای برا بانگ هێشتن کراون بۆ بەشدار بوون لەم سیمینارەدا .

ئاو . د . ع

دکتۆر کامل بصیر

باری ئێستای بزوتنەوەی رۆشنبیری کوردی هەڵدەسەنگێنێ

دوکتۆر کامل بصیر ، وەك ئەدیبێکی ناسراوی شوێنو پایە دیار ، لە ئەدەبی ئەمڕۆماندا و لە کۆڕی بزوتنەوەی رۆشنبیری ئەمڕۆی کوردیدا ، پێویست بە پێناسین ناکا ، چونکە وەك ونمان شوێنی دیارەو ئەو تەقەللایەشی بە درێژایی تەمەنی لەم لایەنەوەدا دایەتی و ئەوەی پێشکەش بە سامانی ئەدەبیو رۆشنبیری نەتەوەیمانی کردوە ، جێگاو شوێنی تایبەتی شایانی بەرێزلێنانی خۆی گرتوە ، تەنیا ئەوەی دەمانەوێ دەستی بو بکێشین ، ئەوەیە ، دوکتۆر کامل بصیر ، سیفەتێکی تایبەتی لەم مەیدانەدا هەیە ، کە راستگۆییەتی لەگەڵ لەگەڵ خۆیو لەگەڵ راستی بارو دۆخی بزوتنەوەی رۆشنبیریدا ، ئەم ، متمانە لە هەرگاوەگانیا ، بە بنەڕەتی زانستیو توانای ئەمڕۆ لە بەردەوامیا بەرەو پاشەڕۆژ دەگا بە شێوەیەکی مەوزوعی پشت بەستوە بە حەقیقەت . ئەم باوەڕی وایە حەقیقەتی زانستی لە سەر بنەڕەتی تەنیا عاتیفەو زۆریو بۆڕ دانەمەزرێ . ئەم کارە ، لە لای ئێمەوە لەم بارووزروفەدا ، ئاسانئیە ، بەڵام دوکتۆر کامل بصیر بە متمانە کردن بە تواناو باوەڕیو متمانەکردن بە وەی دەبێ راستی لەم مەیدانەدا بچەسپێ ، لە کۆڕو چالاکیە ئەدەبیو رۆشنبیریەکانیا ئازایانە دێتە پێشەوە ... ئەم کارەی ، یان ئەم هەڵویستەی ، لەم بە تەنگەوەهاتنە دلسۆزانەیەوە هاتوە ، کە دەبێ ئەو ڕێگایە بگرینەبەر بزوتنەوەی رۆشنبیری کورد دەگەیەنێتە پایەی شیاوی خوی .

لەم دواییەدا ، چومە لای دوکتۆر کامل بصیرو دوو پرسیارم ئامادەکردبوو ..

والێرەدا دەقی هەردوو پرسیارەکەو وەڵامەکانی دوکتۆر بەرچاوی خوێنەرانی بەڕێزی « هاوکاری »دەخەین.

● هاوکاری ●

– باری ئێستای بزوتنەوەی رۆشنبیری کوردی چۆن دەبینن ؟ حەردەکەین ، ئێکرا باری ئەم بزوتنەوەیمان بۆ هەڵسەنگێنن ؟

● دوکتۆر کامل :

– مەسەلەی ، رۆشنبیری کوردی ، بۆ ئەوەی ، بڕیار بدەین ، پلەی ئەم رۆشنبیریە لە چ ئاستێکدایەو ئایا پێشکەوتوەو لە بزوتنەوە دایە ، بێگومان ، دەبێ ، پێوانەیەکان هەبێ ، **بۆ سازکردنی ئەم بڕیارە ، بەلای منەوە ، ئەم پێوانەیە ، ئەوەیە ، رۆشنبیری ، دەبێ هۆیەکی کاری بێ ، لەرابە ی جەماوەرو ، فراوانکردنی ئاسۆی بیری میللەتو رەگئو ریشەی لە سامانی نەتەوایەتیدا بە توندی روابێو بە چەشنێکی وریایانە ، باوەشی کردبێتەوە بۆ رۆشنبیری جیهانی ، بۆ ئەوەی لەگەل بۆنو بەرامەی نەتەوایەتی خۆماڵی خۆیدا ، هەناسەی ئادەمیزادانەی پێشکەوتوخواز هەڵمژێ** ، بە لای منەوە ، ئەمەبە پێوانە بۆ سازکردنی ئەو بڕیارەو وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە ، لە بەرئێشکی ئەم پێوانەیە ، حەزئەکەم ، هەموو خوێنەرێ لە گەڵما وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە : **ئایادەتوانێ تەنیا بە کتێبورۆژنامەو گۆڤاری کوردی ، دێرینو هاوچەرخ ، خۆی پێبگەیەنێو مێشکی بە رۆشنبیری پێویست موتروبە بکاو پێویستی بە هیچ کتێبی دی بە زمانێکیتر نەبێ ؟! ، وەڵام دانەوەی ئەم** پرسیارە ، بە لای منەوە ، دەکارهێنانی ئەو پێوانەیە ، بۆ دەستنیشان کردنی پلەی رۆشنبیری کوردی ئاسان دەکا ، من ، لەو باوەڕەدام ، بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەم ، باش بە حاڵی خۆم ، ناتوانم لەسەر بەرهەمە کوردیەکان ، بە تەنها بژیم ، واتە ، رامایە ، کە رۆشنبیری کوردی لە پلەیەکدایە ، ناوێرین بیکەین بە تاقە سەرچاوەیەك ، بۆ پێکەیاندنی ژیانی رۆشنبیریمان ، لەم وەڵامدانەوەیە ، رونە ، کە ، ئەمەوێ ، بڵێم ، رۆشنبیری کوردی ، پێویستە ، زیاتر هەنگاو هەڵگرێ ، بۆ ئەوەی بە دەوری خۆی هەستێ .

● هاوکاری :

– دەمانەوێ ، باری سەرنجی خۆتان دەربارەی بەرامبەر چاپکراوەکانی دەزگای رۆشنبیریو بەڵێ (پەیوولەم) ، بەراست ، پەیوولەم ، هاورێی پەیوولەی ورد و جوان کیلەم ، ئیشکم خۆش ئەوێت ، بۆی شێت و شەیدام ، گوێ زۆر بۆن خۆشە ، بۆ خۆم لە وێدام ، ورو ، ورد ، رێ ئەگرم ، ئەڤرم ئاسایی ، حاوەنی بیر و بەرهەمی خۆمم ، دوورە لاسایی ، کام ئاواز خۆشە ، زبکە و گروگاڵ ، گوێ سەوز و گەشە ، سەر لوتکەی کام باڵ ، چی پەیام هێنە ، شەنەی کام شەماڵ ، ئەفرم بۆی ئەچم بە باڵی خەیاڵ ، زۆر جار (تینی گەرم) ، ئاوارەم ئەکات ، بەڵام زۆر وریام ، شەوارە ، ئەم خات ، زۆر (نهینی هەن) ، کە پەی پێ نابەن ، ئەڵێ (جوانی) هەن . هەستی پێ ناکەن ، لەگەڵ جریوەی ئاسمانی شەوگار ، ئەی کەم بە تەلی کەمانی رۆژگار ، لە دەریای زانست وشەی زۆر رووناك ، ئاواتی دێرین ، بیری بەرز و چاك ، ئەگەڵ ، لیزگی (خۆر) ئەدا لە ناو چەم ، بێ سروە ئەرۆم ، لە تەنایی تەم ، ئەچنم گوڵی ورد (سیی) مۆری کاڵ ، ئەیکەم بە دیاریی بۆ سالی منداڵ ، لە باخی (هیوا) ، وگڵی رەنگاورەنگ ، گزنگی بەیان ، جوانیی فرە رەنگ ، منداڵانی ورد ئێوەن هەموو کات ، قارەمانانی دوا رۆژی وڵات ، جەژنی (نەورۆز) و ساڵتان پیرۆزبێت ، ئا ئەم ساڵەیشتان هەرگیز بیر نەچێت ، بژین بە ئاشتی لەگەڵ ، سەربەستی ، دوور لە ستەم و ئاشوب و پەستی

● خورشیدە بابان ●

د . کامل :

● رۆشنبیری ، دەبێ هۆیەکی کاری بێ لە رابەری جەماوەرو فراوانکردنی ئاسۆیی بیری میللەتو رەگئو ریشەی لە سامانی نەتەوایەتیدا بەتوندی روابێو بە چەشنێکی وریایانە باوەشی کرد بێتەوە بۆ رۆشنبیری جیهانی .

● دەمانەوێ لاپەڕەکانی « بەیان » و « رۆشنبیری نوێ » و « هاوکاری » باخچەیەکی کوردواری بێ .

بڵاوکردنەوەی کوردی« هاوکاری »و « بەیان »و « رۆشنبیری »و ئەودەورەی لە بزوتنەوەی رۆشنبیری گەلەکەمانداەدەگێڕنو پێشنیارتان بۆ **پێشخستنیان چیە ؟**

دوکتۆر کامل :

– بە لای منەوە ، بەو پێیەی کە متابعەی چاپکراوەکانتان دەکەم ، ئینکار ناکرێو کەس ناتوانێ لەوەدا دوو بە دوو بکا ، کە « رۆشنبیری نوێ »و «بەیان»وە دوو گۆڤارو «هاوکاری» وەك رۆژنامە یەك ، قۆناغێکی بەرینیان بڕیوە لە خزمەتگوزاری وشەی کوردی پیرۆزو بیروباوەڕی پێشکەوتخوازانە ، ئەم خاڵە ئەڵبەت هەڵەنگاندنێکی گشتیەو لایەنی چاکەی ئەم بەرهەمانە دەخاتەروو ، ئەگەر بمەوێ ، چەند تێبینیەکی سەلبی دەربارەی ئەم بڵاوکراوانە بچەسپێنم ، ئەم تێبینیانە لەوەدا دەردەکەون ، کە لاپەڕەکانی ئەم بڵاوکراوانە زیاد لە راده ، رێگا بەپێنوسی ئاپێنوس دەدەن ، واتە رەنگە ئەوەی هەر چۆنێبێ دووسێ لاپەڕە رەش بکاتەوە ، ئەوە بە ئاسانی وتارەکەی بڵاودەکرێتەوە یاخود ، هیچ نەبێ لە پۆستەی خوێنەرانا سەرنج بۆ وتارەکەی رادەکێشرێو ناوی وەك توسەر تۆماردەکرێ ، من لێرەدا ، بێگومان ، بڕوام بە سەربەستی بیرکردنەوەو ئازادی وشە هەیە ، بەڵام ، ئازادیو سەربەستی دەبێ بە مانای خۆیان بەکاربێنین ، زۆر ساعەت دەبم کە وتاری رەخنەگری توندوتیژی بێرێیاز بڵاو دەکرێنەوە ، زۆر دڵم تەنگدەبێ کە چەند رستەیەك ئاڵۆزاوو تێکەڵو پێکەڵ بە ناوی شیعری کوردییەوە بڵاودەکرێتەوە ، زۆر تورەدەبم ، کە رووداوی دوور لە تەکنیکو هونەر بە ناوی چیرۆکەوە بەرگویم دەکەوێ، **کەوابو ، دەمانەوێ ، لاپەڕەکانی « هاوکاری »و «بەیان »و « رۆشنبیری نوێ » باخچەی کوردەواری بێ ، وابزانم باخچەی کوردەواری راستەقینەش بەرهەمەکانی بەتامو بە لەزەتنو ئەگەر بێتو لەگەڵ ئاوو هەوای تایبەتی نەگونجێ ، رێگایان نادات .**

دیاری پەیوولەی

Institut Kurde de Paris

بارانی پەلە هەورێکی کۆچەری لە خەرمانی شیعری کوردیدا

مەهدی عزیز خوشناو

دوو هێزی نهێنی لە ناوەوەی مرۆڤ چەکەرەدەکەن ... لە کردارو هەڵسو کەوتو هەڵوێستی ڕۆژانەیدا ، لە ئەنجامی مەلمەلانێی هەردوو هێزەکە لە نێوان خۆیاندا یەکێکیان ئەوی تریان دەخنکێنێو ئەویش کە (ئازایەتی)یا (ترسنۆکی)یە . ترسنۆکیش ئەم دوودڵیو ڕاڕاییو بڕوا بە خۆ نەبوونەیە کە مرۆڤ ئەتوانێت ڕووبەڕووی کارەساتەکان بێتو بێ هیوایی و بڕوا نەبوونیش بە پاشەڕۆژ . هەرچی (ئازایەتی) شە ، ئەوە لە بڕوا بە خۆبوونو خۆماندووکردنو ڕوو بە ڕووبونەوەی زیانو لە پێناوی گۆڕین واقیعەکەش بۆ بارێکی چاکتر . لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە بڕانەوەی تەمەنێك بە کپبوونەوەی هەناسەی مرۆڤێکی ئازا هەرگیز مانای مردن ناگەیەنێت ، ئەو مردەی کە ترسنۆکێك تێی گەیشتوەو زەندەقی لێچووە ، ڕوو بە ڕووبوونەوەی زیانیش لای شاعیر دەبێ هەر لەو هێزەوە هاتبێت کە ئازایەتیەو سەرکێشی تێدایە ؛ سەرچاوەو هەوێنی شاعیریەتی شاعیریش هەر لە دەوروبشتو کۆمەڵو کێشەکانی سنووری زیانیەتی . ئینجا کە بە سەرکێشیەوە بەرەنگاری واقعەکە دەبینەوەو ئامادە دەبێتە بەشێك لە مەلمەلانێ ، جا چ دژ بە چینی بورژواو یا دەرەبەگ (یا سەرمایەدار) ، یا لە پێناوی بەرژەوەندی چەوساوەو زۆرلێکراوەکان ، کە ئەنجامەکەی خزمەتی بیروکرداری شاعیرەکەتە دەکاتەوە . بێگومان « هەموو هۆیەکیش (وەسیلەیەك) ئامانج ڕۆندەکاتەوە» واتا ئامانج بە دیار ناکەوێت تاکو وەسیلەکە بە کارنەهێنرێت ، جا لێرەدا (کە شیعر بە گرنگترین شاعیر وەسیلەیەکە بۆ خزمەتو گەیشتن بە ئامانجەکە) ، ئامانجو خواستەکانیش لە ناو دونیای شیعرەکانا خۆیان دەنوێنن و کە هەڵوێستو جۆری تەماشاکردنو هەڵبژاردنی ڕێگای چارەکردنو ئیحای دانی زۆر لایەنی شاراوەی تر .

شاعیر هێزوتوانای بە پێی گۆڕانەکانی کۆمەڵو بارو دەوروبشتەکەی دەگۆڕێتو دەخەملێ ... بەڵام جۆری مامەڵە کردنو بەکارهێنانی شیعرەکە وەکو وەسیلەیەك ئەوەیان بە رادەی لێهاتوویی ڕۆشنبیریو بەهرەو دڵسۆزیەوە بەندە .

شاعیر کە دەیەوێ مەبەستێك بگەیەنێ دیارە حەزدەکات ... بەرهەمەکە (شیعرەکەی) پوختەو نایاب بێتو خزمەت بگەیەنێو کاری خۆی بکا ، بەڵام مەرج نیە سەدا سەدی ئەو خۆزگەیە بێتە جێو شاعیر ئامانجی خۆی بێتکی ! ، ئەوەشیان یا شاعیرەکە خۆی لێ سوچ بارەو یا لە ژێر رکێفێ ئەو دەردەچێتو کاری واقعە (هەرچەندیش لە بنەڕەتا شیعر دەبێ لە پێناوی گۆڕینی واقعەکەبێت) . بۆیە یا ئەوەتە شاعیرەکە پەنادەباتە بەر (تەمومژ) یا ڕەمزیەتو هەرچەندیش ئەمەیان بە دیاردە بورژوازی، سەرمایەداری و لە خزمەت کردنی خەڵکی ڕەشوڕووت دوور کەوێتەوە، هەرچەندیش شاعیر خۆی لە بەرەی دژ بەم لایەنە بزانێتو ئەوە دیارە بەدەم وڕێنەو ژانە سەرشێتانەکانی تێگەیشتنی لە لایەن ڕەشوڕووت زۆر زەحمەتە شتێکیتر کە شاعیر نابێ لێی جیابێتەوە ، ئەویش فراوانبوونی ئاسۆی بیریەتی ، کە دەبێ وەکو شتێکی دینامیکی هەر لە گەشەدابێ ئەگینا وەستانی دێتەڕێی و مردنیشی لە دوادێت . لە بەر ڕۆشنایی ئەم بیرو قسانە سەرەوەمان دا ، ئەکەر – بارانی پەلە هەورێکی کۆچەری بەکەی کاك (میراودەلی) بکەینە ناوەڕۆکی باسەکەمان ئەوە دەبێ بە هێزی بچینە ناو دونیای شیعرەکانیو بە پێی بۆچوونی خۆمان شتێکیان دەربارە بڵێین ...

سەرهەڵدانی شاعیر بەندە بە بەهرە زاتیەکەیەو بارە موضوعیەکەی ژیانی لە نێو بازنەو چغزی واقعەکەی تێدا دەژیت کە باری ژیانی کۆمەڵو میللەتو نیشتمانەکەیەتی ، وەك لە سەرەتاشا ئەم مەبەستەمان دەرخست ، کە شاعیر لە خەونێکی قووڵو پڕ ئاژاوە خەونێکی ڕەنگاوڕەنگو پڕبینەوبردە دەبینێتو یا لەنگەرگرتنیو زیندە خەونەکانیو تێڕامانە دوورەکانی دەبنە مەلۆتکەو زریکەیان لێهەڵدەستێت .

« شیعر پێویستە ... بەڵام خۆزیا دەمزانی بۆ ؟! » بەڵێ شیعر پێویستە ، خۆ ئەگەر بۆ خەڵکیتر جارێك پێترەو پێویستیەکەش پتر خۆی دەمەلێنێ...

شاعیرێك لەگەڵ تەکان و وروژانی خەڵکی ... لەگەڵ هەنیسكو کرۆزانەوەیان ڕانەچڵەکێو دڵی ، مێشکی دانەخورێ ئەوە شاعیر نیە . شاعیرێك لە ژوورێکی چڵکنی شەقاربوو ... لە ژێر جاجمیکی شڕ چاوی هەڵبنابێ ، یا هەر نەبێ منداڵە هاوڕیو خەڵقی گەڕەکێ شان بەپینە کەچی ئەو مەستی هەناسە هەڵژینی جادەکانیشوێنیتر کاسی کردبێ ... ئەوە شاعیر نیە . هەر کەسێك شیعری نووسیو شیعرەکەی خزمەتی ڕەشوڕووتی میللەتەکەی نەکرد ئەوە نابێتە « شتە پێویستەکە» خاوەنەکەشی بوونو نەبوونی یەکن ...

کاك کەمال میراودەلی وەك شاعیرێکی زیرەك ، کومەڵێك شیعری پێش کەش کردینو چەمکێکی تری خستە سەر خەرمانی شیعری سەر بڵندی کوردی ، کاتێ مرۆڤ ئەم دیوانە دەخوێنێتەوە هەست بە « پێویستی شیعر » دەکاتو دەزانێ پێویستیەکەی لە کوێ خۆی پەنهانی داوەو هەست بە بوونی شاعیرەکە دەکەیت لە ناو شیعرەکانا ، کە ئەوەشیان مەرجێکی سەرکەوتنەو نیشانەی نەمری شیعرە !

لە دەریای زانست وشەی زۆر رووناك ، ئاواتی دێرین ، بیری بەرز و چاك ، ئەگەڵ ، لیزگی (خۆر) ئەدا لە ناو چەم ، بێ سروە ئەرۆم ، لە تەنایی تەم ، ئەچنم گوڵی ورد (سیی) مۆری کاڵ ، ئەیکەم بە دیاریی بۆ سالی منداڵ ، لە باخی (هیوا) ، وگڵی رەنگاورەنگ ، گزنگی بەیان ، جوانیی فرە رەنگ ، منداڵانی ورد ئێوەن هەموو کات ، قارەمانانی دوا رۆژی وڵات ، جەژنی (نەورۆز) و ساڵتان پیرۆزبێت ، ئا ئەم ساڵەیشتان هەرگیز بیر نەچێت ، بژین بە ئاشتی لەگەڵ ، سەربەستی ، دوور لە ستەم و ئاشوب و پەستی

● خورشیدە بابان ●

کە رۆژ لەچیا ئاوادەبێ

لە شیعری وەرگێڕدراو :

هە ناهەتا بێ
ئەم شوێنە هەر دەبێ
کە رۆژ لە پشت زوورگەکاندا ئاوا دەبێ ،
سێبەرەکەی دەکەوێتە نزیك بەردەکان
سێبەری بەردەکانیش ،
درەختەکان دادەپۆشێ
سێبەری درەختەکانیش ،
خۆی بەسەر جۆگەلەکاندا دەدا
پێوەی دەلکێ –
لێك دێن –
دڵڕەقێنن –
چڕاونەتە یەکترو تێك ئاڵان :
سێبەرەکان
هەموو تێکەڵ یەکدی بوونو یەکتریان گرتە باوەش
هەتا گانی تاریكو ڕوون ،
لە یەکتری دانابڕێن !
ئەم وێنەیە ،
هەتا هەتایێ ، هەموو رۆژ
هەر دووبارە دەبێتەوە !!

ابو بکر خۆشناو
کردەوەیەتی بە کوردی

سەمفۆنیای خۆشەوستی یەك

لە شەوەکانی زستاندا
کاتێك خوڕەی باراناوی مەرزیم
هەستم دەورووێنێت ..
سەمفۆنیای دەنگە ناسکەکەت
دەبێتە ئاوازی ئەو مۆسیقایەی کە ڕامدەژەنێت
بەرەو خەیاڵی ژوانێکم دەبات
تائێستا هەر خەیاڵەو پێی نەگەیشتووم ..
شەوەو هەورە تریشقەیە
وادەبارێت .. هەر دەبارێت
تاکوو هەموو دەریای دنیا پڕ ئاو دەکات
تا هەموو کێڵگە ووشکەکان پاراو دەکات
وادەبارێت .. هەردەبارێت
تا گیانێکی نوێ بەبەر زەویدا بکات ..
بارانەو لێی ناکاتەوە
بەم بیوە شەوە کۆڕپەی ئارام
گڕوی لێ گرتووم .. نانوێت
دەمەوێت ئالەم شەوە سەختەدا ..
نەستێرەکان گشت بژمێرم
هەتا دەگەمە نەستێرەی چاوانی تۆ
ئەوسا بۆ دواجار فەرشی خۆشەویستی
لێ ڕادەخەم !

احمد کریم زامدار

سەرکەوتنی بەرهەمی شیعری

(کەمال مەمەند) هەست ناسکانەو بە بیر فراوانیو کوردی زانیەوەو بە سەلیقەیەکی وردی قووڵەوە تورەیی و هەڵچونو شۆڕشی ناوەوەی دادەڕژێتە تاو بۆتەی وشەکانو سەبوریەك دەدانە دڵە هەڵقرچاوەکانو تەوژمنکی بە هێزیش بۆ هەزارانی تردا دەخورێنێو چاوی هیوای بەر پێشیان گەشترەدەکات کە دەڵێ :

« ئەوە نیە ئاسمان
بە بارانی چاوەکانی خۆی دەمشوات !؟
تا دەڵێ :
ئەوەتا تك تك خوێنم دەمژێو
لە دڵی خۆیدا جێم دەکاتەوە »ل٧٦

شاعیر کە بەشێکە لەم کۆمەڵەو ناتوانێ خۆی دوورەپەرێز ڕاگرێت لە ئازارە کوشندەکانی خەڵکیو ئەوە مەحاڵە ، ئەوەش لەو بەرهەمە زیندوانە خۆی دەنوێنێ کە هەموویان نمونەی سادەو چارەنووسی ئەم خەڵقەن . لە خۆشەویستیو دڵداریدا عاشقێکی لێزانەو شاعیرانە دەزانێ چۆن ژانو خۆزگە دڵ گوشراوەکانی لە ناخی وشە تەڕوسادەکانی بتوێنێتەوەو کۆری دڵی خۆی داڕێژیو ڕوحیان بە بەردا هەڵکێشیو بگاتە ڕادەی ئیبداعو ئەمریەك بۆ شیعرەکەی بخولقێنێ :

« خوزگە دەمزانی لە خەونەکانتا
بۆ کوێ دەچی !! ڕێگەم پێدەگرتیو
دەمخستیە ئامێزمەوە .
کەر خۆت گرم کردە : وەرە . وەرە
بروانە ئەم دەرگایەی ناوی تۆی
لەسەر هەڵکەندراوە
ئەوە دڵمە !
مالێ خۆتە گەر پێی ڕازی بیت » ل ٢٨

شاعیر بەتی کاك کەمال هەر لە بیرە قووڵو جوانو داڕێژتنی تابلۆو دیمەنە جوانەکانی نیەو بەس ... بەڵکو لەوەشدا خۆی دەنوێنێ کە دەوانێ خوێندەوار ڕازی بکا بە نزیك کردنەوەی وێنەو ئامانجەکەی لە ئەقڵیو خواستی خوێندەوار ، لەگەڵ پاراستنی جەوهەری ئامانجەکەیوو ئەو ساتەش شیعرەکە خۆی لە عالەمێکی سەرکەوتووتردا دەنوێنێت وەك لە زۆربەی شیعرەکانی بەدی دەکرێو بەکێکە لە خاسیەتە شیعریەکانیو ، شیعرەکانیشی پێ دەناسرێنەوە .

زمانی شیعر لای کاك کەمال ، مەبەستم (بەکارهێنانی وشەیە لە ناو شیعرەکانیدا) هەموو ئەو وشانەن کە جۆتیارێك ، کرێکارێك ، قوتابیەك لە ژیانی ڕۆژانەیان بەکاریدێنن .. ئەك شاعیر بچێتو خۆی عەودالی

بروانە : ل : ٧

هونەرمەندی گەل حاجی حیدر عبدالرحمن و یادگارەکانی دوێنێی هەولێری دێرین

● کاك حیدر گەل بەخاوەنی هونەری جوان دەزانێ و دەپێ هونەرمەند لەگەڵ خواستی گەلدا هونەرەکەی دەربڕێ ٠

● سوپاسی وریز بۆ هەڵۆیستی کاربەدەستانی دلسۆز کە دەستی ریز لە هونەرمەندان دەنێ

کەرەستە نوێکانی راگەیاندن ، ئیستگەو تەلەفزیون لە پێش هەموویانەوە ، تائیستاش ئەیانتوانیوە هەموو توانا لێهاتوکان دەربخەن ، بە تایبەتی لە لایەنی هونەری گۆرانیدا ، ئەمە لەوانەیە کەمتەرخەمی نەبێ لەو دەزگایانەو هەر ئەم مەسەلەیەش تەنیا دەست کشانەو ناوەرۆکی باسەکەمان نیە ، تەنیا ئەوەی لێرداو بەم بۆنەیەوە دەمانەوی دەستی بۆبکێشین ، خەلك ، وەخەڵکی هونەر ناس و ئارەزوومەند ، دەتوانی هونەرمەندی رەسەن و لێهاتوو بناسێ و لە دڵودەرونیا جێگای بکاتەوە ، ئەگەرچی ئەو هونەرمەندەهەرگیز نە لە ئیستگەو نە لە تەلەفزیونیش ناوبانگی نەبێ بەکورتی هونەرمەندی رەسەن خۆی بە هونەرە جوانەکەی دەتوانێ چاکترین پایەی ریزو خۆشەویستی لای خەلك بۆ خۆی زامن بکا ٠

لە ناوچەی کوردستان زۆر هونەرمەندی هەڵکەوتی بەو جۆرە هەن ، کە خەڵك ریزیان دەگرن و هونەرەکەیان خۆش دەوێ و لە شادیدا گوێ بۆ ئاوازە خۆش و رەسەنەکانیان دەگرن ٠ ئەگەرچی ئەو هونەرمەندانە تا ئیستا لە هیچ کەرەستەیەکی نوێی راگەیاندنەوە هیچیان پێشکەش نە کردوە ، بێگومان لە شاری هەولێر بە تایبەتی و لە ناوچەی کوردستان بە گشتی زوربەی هەرە زۆری هونەرمەندی گۆرانی دۆست کاك «حیدر» ی هونەرمەندیان بە دەنگ و ئاوازە خۆشەکەی ناسیوەو لە زوربەی ماڵەکاندا تۆماری دەنگی شادی و کامەرانی دەبەخشێ ٠

دەمێك بوو دەمان ویست چاومان بەم هونەرمەندە گەورەیە بکەوێ ، لەم دوایەدا کە سەرمان تە هەولێردا ، هەواڵمان پرسی ، خەلکی هەموو دەیناسن و خۆشیان دەوێ ، چوینە دوکانەکەی و بەرووبەکی خۆشەوە بە خێرهاتنی کردین ٠ ئەمان ویست بە شێوەی تەقلیدی قسەی لە گەل بکەین و پرسیار لە ژیانەو وەلام لەو ، بەڵکو ئەوە ماوەیەی دانیشتین هەموو ، یەکترمان دوان ، دواندنی کاك حیدریشم دەربارەی ژیان و خۆشەویستی و هونەرە ، پێی وتین ؟

– بە باوەڕی من هونەر زۆر لەوە پیرۆز ترە بە پارە بفرۆشرێ ، لە بەر ئەوە حەزم نەکردوە پەنا ببمە بەر رادیو تەلەفزیون هونەری گۆرنیم بە مەبەستی شادی خۆزم و بەختەوەری ئەوانەداکە حەز بە دەنگم دەکەن بە کار هیناوە ٠

کاك حیدر ، ئیستا تۆزی جۆنە عومرەوەو نەخۆشیشە لە گەڵ ئەوەشدا ، دەنگە خۆشەکەی هەر رەسەنی خۆی پاراستوە ، لە بەر خۆیەوە چەند پارچەیەك گۆرانی کوردی و تورکی و فارسی بۆ وتین ٠ دوایی وەك یاد بیباتەوە بۆ سەرەتا وتی ٠

– لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا بووم ، خەڵك و دەرو دراوسێ و ئەوانەی لە گەڵم دەژیان و هەستیان بە دەنگ خۆشیم کرد ، ئەو دەنگەی خودا بەمنی داوە ، لە ساوە ، لە هەر شوێنێ ئاهەنگ و شادی هەبوبێ ، دەنگی منی تیا بەرز بووە ، هەرگیز گۆرانی بیژی چینێکی دیاری کراو نەبووم ، کێ رێزی هونەری گۆرانی و دەنگ خۆشیەکەی گرتووم ، گۆرانیم بۆ وتوە ، لە ئاهەنگی هەژارەکاندا بە سۆزەوە گۆرانیم وتوە ، ئەوانەی خۆشم ویستون گۆرانیم بۆ وتون ، هونەری جوان لای خەڵك رێزی خۆی هەیە ، زۆر جار داوام لێ کراوە بچم لە رادیو گۆرانی بڵێم ، بەڵام هەرچی بیرم لەوە دەکردەوە لەوێ گۆرانی دەفرۆشری ، رێم بە خۆم نە ئەدا ، مەلا شەهابی رەحمەتی مامۆستام بوو ، لە مەولودێکا دەرکی بەدەنگ خۆشیم کردو هانی دام بۆ بەردەوامی ٠

کاك حیدر ، پشویەکی داو ، دەستێکی بە ناوچەوانی خۆیدا هێناو بانگی دایەوەو کەوتەوە قسە :

– هونەرمەند دەبێ بزانی ، هونەرە کەی هی خۆی نیە ، هی میللەتە ، من لە بەر ئەوە ، رێگای گۆرانی وتنی راستە وخۆم هەڵبژارد ٠ راستەوخۆ بۆ خەڵك و لە تاو خەڵکدا ٠

کە چەند پارچە گۆرانیەکی وت ، هەستمان کرد ، هێشتا دەنگە بە سۆزەکەی بەتامەو تێنی تیا ماوەو هیوای تەمەن درێژی و تەندروستی باشیمان بۆ خواست ٠

کاك حیدر ، کەوتە گیرانەوەی هەندێ یادگاری ژیانی خۆی :

– لە ژیانما زۆر هیلاك بووم ، بە رەنجی شانی خۆم خۆم پێ گەیاندوە ، کۆڵ هەڵگریم کردوە ، تاپێ کەیشتم ، میوە فرۆشیم کردوە ، کاتێکی لە هەموو کاتێکی هیلاکی جەستەما لە کارکردنا ، بە گۆرانی هیلاکیم لە جەستەم دەر دەکرد ٠ لە سەرەتادا روو بەرووی هەندێ تانەو تەشەر بووم لە لایەن ئەوانەوە کە رێزی دەنگ و خۆشی و هونەریان نە دەکرت ٠

دوایی پشویەکی تری داو لە سەر قسەکانی رۆیشت و وتی:

– لەم تەمەشدا توشی نەخۆشی جگەر بووم ، زۆر سوپاسی لیپرسراوان دەکەم ، کە دەستی رێزیان لێ نام و لەو کاتەدا لە نەخۆشخانە کەوتبوم هەموو هاتنە لام و دڵ تەوایيان کردم ، خۆزگە ئەوەشیان لە گەڵ دەکردم کاروباری چونە دەرەوەیان بۆ چاری نەخۆشیەکەم ئاسان دەکرد لە سەر حسابی خۆم ، ئەمانەتی گشتی رۆشنبیری و لاوان کە دەستی رێزنانی لە هونەرمەندەکان سازکردمنیشیان بە سەر کردەوە ، گەلێ سوپاسیان دەکەم ٠

دیسان هاتەوە سەر ئەوەی کە هونەر نابێ بفرۆشرێ و وتی :

– لە هیچ ئاهەنگیکا شاباش و پارەم وەر نەگرتوەو هەمیشە رەفزی ئەم جۆرە شتانەم کردوە ، لە هەرکویش پێم خۆش بوە گورانیم وتوە ، شاهیدم بۆ ئەم حەقیقەتە زۆرە ٠

دوایی کاك حیدر رێزی پیشاندا بەرامبەر دەنگە نوێکانی گۆرانی کوردی و وتی: هەموو هەنگاوی دڵسۆزانە دەبین لە پێناوی پێشخستنی هونەردا ٠

کارگەی قوتو بەندی لە بعقوبە پرۆژەیەکی رابەرە شۆرش هەوڵ گەشەکردنی داوە

احمد محمود

لە بۆتەی ئەو گۆرانکاریە سۆشیالیستیە کەوا وڵاتەکەمان دەیبینێت بەهۆی بەکاری و زینەویی ناراستەیی سەرکردایەتی حزبو شۆرشەوە بۆ رووناکردەو ەی هەموو وڵاتەکانی چالاکی گەشەکردنو پەرەپێدان کە هەموو وڵاتی گرتۆتەوە ،

کارگەکانی خستنە ناو قووتو لە پارێزگای دیالەدا یەکێکە لە دەزگاکانی بەرهەم کەوا رەفزی چۆکسانی کردووەو هەمیشە هەوڵی ئەوەی داوە زرووف بگۆرێتە پالێوەنەرێك بۆ خۆی هەتا بتوانێ بەسەر ئەو هۆیانەدا زاڵ ببێ کە ئەبنە هۆی وەستانی بەرهەم ئەویش بەدروستکردنی گەورەترین پرۆژەی ئاوی مەرکەزی هەتا پێویستی یەکانی لە ئاوی پاك جێبەجێ بکا هەروەها کێشانی زیادەی ئاوەکە بۆ بەشەکانی تری پارێزگاکە ٠

هێلێکی بەرهەم هێنان لە هەموو ساڵێکدا

× لەسەرەتادا بەرێز شتێکی ئاسایی و سروشتی یە کە دەزگاکانی کۆمەڵگا بەرهەم هێنەرەکانمان لەگەڵ دیاردەی دواکەوتوویی بەجێ ماوە وگیروگرفت و تەنگوچەڵەمەکانی بەرهەم مامەڵە دەکا وبۆ ئەوەی سوود لەو هەوڵو تەقەلادانە خۆیی یەوە وەربگرێ کە هەن هەروەها هەر فرسەتێکی ئیجابی و باشمان بۆ بلوێت دەتوانین بۆ بەرژەوەندی گۆرینی ئەم دواکەوتنەوە دەستی بهێنین و داهێنان تەنها نەودستێتە سەر دەزگاکانی بەرهەم هێنان بەڵکو کەرتە فراوانەکانی کۆمەڵ بگرێتەوە٠

بەریژەبەری هونەری کارگەکە باسی سەرەتاو هێڵو وزەکانی بەرهەمی کارگەکەی بۆ کردین ووتی لە ١٧ تموزی ١٩٧٢ کارکردنی تەواو لەم کارگانەدا بە وزەی بەرهەم هێنانی هەر رۆژی نزیکەی ١٢٠ تەن دۆشاوی تەماتە دەستی پێکرد ٠

× لە ساڵی ١٩٧٦ هێڵێکی تازەمان بۆ بەرهەم هێنانی پیازی وشك کردەوە کە بەرهەمی هەر تەنێکی پێویستی بە دەتەنی پیازی تەڕ هەیە ، ئومێدەوارین پێویستی ئەم وەرزە لە پیاز جێبەجێ بکا بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجو ئاواتانەی کە لە پێناویدا ئەم هێڵە بەرهەم هێنانە دروستکراوە ٠

لە ساڵی ١٩٧٧ ئەم کارگەیە لە پاڵ هێڵەکانی تردا هێڵێکی تری بەرهەم هێنانی

بروانە : ل : ٧

شانۆگەری پەروانە وچەند سەرنجێك

حمە سعید حمە کریم

● شانۆگەری پەروانە ئەو شانۆگەریە بوو کە بۆ ماوەی ٩ نۆ رۆژ تیپی نواندنی سەر بە بەرێوەبەرێتی رۆشنبیری جەماوەر لە سلیمانی کە سەر بە ئەمانەتی گشتی رۆشنبیری و لاوانە لەسەر شانۆی هۆڵی قوتابخانەی ئامادەیی کوڕان پێشکەشیان کرد ٠ ئەم شانۆگەریە کاك دلشاد محمد ئەمین ئامادەی کردبوو ، هونەرمەند جەلیل زەنگەنە دەری هێنابوو بۆ سەر شانۆو کۆمەڵێك هونەرمەند هاوبەشیان تیاکرد ٠

● لە راستیدا هەوڵێکی چاکی لەگەڵدا درابوو ، لە هەموو رووەکی پێشکەشکردنیدا هەمووان بە گوێرەی توانای تایبەتی خۆیان ، خۆیان هیلاك کرد ، هەندێ شتی هونەری داهێنان و تازە بابەتی تیا بەکار هێنرا کە لە شانۆگەری یەکانی تردا بەدی نەکراوون و هەرچۆن بێ بەردی تازەن و ئەخرێنە سەر دبواری بیناکردنی دوارۆژێکی روونا‌ك و گەشی هونەری شانۆگەری کوردی ٠

● منیش وەکو رۆژنامەنووسێك دوای ئەوەی شانۆگەریەکەم بینی حەزم کرد هەندێ بیروڕای تایبەتی خۆم بخەمە روو بۆ ئەوەی بە گوێرەی تێگەیشتنی خۆم تیشکێکی بخەمە سەرو ئەگەر شیاوبرادەران کەلك و پێکەوە بەستراو ناوەودوورەو سودی لێ وەربگرن وخۆزگە ئەگەرواش نەبوو ئەوا مالێ زیادە سەر ناشکێنێ ٠

● با هەر لە سەرەتاوە دەست پێبکەین و باسی پێشەکی شانۆگەری یەکە بکەین کەوا بزانم ئەمەیان بەهێزکە لەو داهێنانانەی دەرهێنەر لە شانۆگەری یەکەدا کردبووی لەسەر شێوەی فلیمێکی ئەهاتە ناو بەندەکان، جەللادێکی وا ترسنۆك چۆون بە تەنها خۆی ئەچێتە ناو بەندەکانەوە لیرەدا ررو کردن زۆر زەت دەر ئەکەوت ودیاربووە تەمسیلیان ئەکردو زۆر لە واقیعی ئەو سەردەمە نە ئەچوو ٠

● کە یەکەمجار ئاسۆیان هێنایە زیندانەکەوە زۆر تێکۆشەرو شورشگێڕ دەرئەکەوتو قەی زلی زۆر ئەکردو داوای لەحسین ئەکرد کە هێنمی و خۆشەویستی پێ ببەخشێت ، بەڵام دوای بردنی حسین رووخاو پیاوێکی ترسنۆکی لێ دەرچوو ، ڕاڕا بوو بوو وەکو عەزیزی لێهاتبو ، کە ئەبوایە وانە بوایە و بەڵکو وەکو تێکۆشەرێکی ڕاستەقینە دوای بردنی حسین زیاتر قیر سیچمەو ئازاتر بووایەو نەی و یستایە قسە لەگەڵ پاشادا بکاتو لەی ببارێنەوەو

● تازانم ئەبێ چۆن بێ لە چی کاتێکدا بەرێوەبەری زیندان شت بنێرێ بۆ زیندانی کە هەردەم مردن و حنکاندن چاوەروانی ئەکا بەرێوەبەر ئەزانی دوارۆژ چیە ؟ ئیتر چۆن شتی ئەنارد بۆ زیندارینەکان ٠

● جەللاد هاتو وتی لەبەر ئەوەی ژورەکان قەرەباڵغن لە سەر ئەمری پاشا ئەبێ ناوی یەکێکتان بسرێتەوە هەر لەبەر ئەمە ئەبووایە زیندانەکەیان قەرەباڵغ بکردایە ، یاخود سرینەوەی ناوی یەکێکیان لەبەر شتێکی تر بووایە کە واقیعی لە زیندانەکەدا هەبووایە باشتر بوو ، هیچ نەبێ بالە ژێرلێدان و نازاردان دا بمردایە ٠

● ماوەی پشوودانەکە زۆر بوو ، یاخۆ هەر پێویستی نە ئەکرد چونکە ماوەی شانۆگەری یەکە خۆی لە خۆیدا ئەوەندە نەبوو کە ئینسان بێتاقەت بکاو پێویستی بە پشوودان هەبێ ٠

● عەزیز براونەمان زانی چی لێهاتو لە بەردەمی ئەو لەوحەشدا دیار نەما کە لە دیواری زیندانەکەوە هاتە خوارەوە دوای ئەوە دوو زەلامی شیرین هاتنەوە بۆ ئاسۆ ، هەر لەگەڵ دەرکەوتنی ئەم دووانە یەکسەر عەزیز ئاسایی ئاسۆش چووە بەردەمی ئەو لەوحەیەو ئەتەوت فێرکراوە کە یەکەم بچێتە ئەو شوێنەو ئیتر هیچ ئینفعالێکی شیاویش بەو مەوقفە نەکرد ، لە کاتێکدا ئەو جارێش بە تەنها خۆی ئەهاتە ناو بەندەکان، جەللادێکی وا ترسنۆك چۆون بە تەنها خۆی ئەچێتە ناو بەندەکانەوە لیرەدا ررو کردن زۆر زەت دەر ئەکەوت ودیاربووە تەمسیلیان ئەکردو زۆر لە واقیعی ئەو سەردەمە نە ئەچوو ٠

● کە یەکەمجار ئاسۆیان هێنایە زیندانەکەوە زۆر تێکۆشەرو شورشگێڕ دەرئەکەوتو قەی زلی زۆر ئەکردو داوای لەحسین ئەکرد کە هێنمی و خۆشەویستی پێ ببەخشێت ، بەڵام دوای بردنی حسین رووخاو پیاوێکی ترسنۆکی لێ دەرچوو ، ڕاڕا بوو بوو وەکو عەزیزی لێهاتبو ، کە ئەبوایە وانە بوایە و بەڵکو وەکو تێکۆشەرێکی ڕاستەقینە دوای بردنی حسین زیاتر قیر سیچمەو ئازاتر بووایەو نەی و یستایە قسە لەگەڵ پاشادا بکاتو لەی ببارێنەوەو

● تازانم ئەبێ چۆن بێ لە چی کاتێکدا بەرێوەبەری زیندان شت بنێرێ بۆ زیندانی کە هەردەم مردن و حنکاندن چاوەروانی ئەکا بەرێوەبەر ئەزانی دوارۆژ چیە ؟ ئیتر چۆن شتی ئەنارد بۆ زیندارینەکان ٠

● جەللاد هاتو وتی لەبەر جاریشی بە تەنها خۆی ئەهاتە ناو بەندەکان، جەللادێکی وا ترسنۆك چۆون بە تەنها خۆی ئەچێتە ناو بەندەکانەوە لیرەدا ررو کردن زۆر زەت دەر ئەکەوت ودیاربووە تەمسیلیان ئەکردو زۆر لە واقیعی ئەو سەردەمە نە ئەچوو ٠

● کە یەکەمجار ئاسۆیان هێنایە زیندانەکەوە زۆر تێکۆشەرو شورشگێڕ دەرئەکەوتو قەی زلی زۆر ئەکردو داوای لەحسین ئەکرد کە هێنمی و خۆشەویستی پێ ببەخشێت ، بەڵام دوای بردنی حسین رووخاو پیاوێکی ترسنۆکی لێ دەرچوو ، ڕاڕا بوو بوو وەکو عەزیزی لێهاتبو ، کە ئەبوایە وانە بوایە و بەڵکو وەکو تێکۆشەرێکی ڕاستەقینە دوای بردنی حسین زیاتر قیر سیچمەو ئازاتر بووایەو نەی و یستایە قسە لەگەڵ پاشادا بکاتو لەی ببارێنەوەو

● تازانم ئەبێ چۆن بێ لە چی کاتێکدا بەرێوەبەری زیندان شت بنێرێ بۆ زیندانی کە هەردەم مردن و حنکاندن چاوەروانی ئەکا بەرێوەبەر ئەزانی دوارۆژ چیە ؟ ئیتر چۆن شتی ئەنارد بۆ زیندارینەکان ٠

● جەللاد هاتو وتی لەبەر

بروانە : ل : ٧

ئافرەتانی سلێمانی وچالاکی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری بەردەوام

یەکێتی ئافرەتانی عیراق ـ مەکتەبی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لقی سلیمانی ، یەکێکە لەو ریکخراوە جەماوەریە چالاکانەی توانیویەتی لە مەاوەی کاروباری بەردەوامیەوە ، چێگای شیاوی هەبێ لەو گۆرانکاریەی ئەمرۆ لە کۆمەڵدا روو دەدا بنەرەو پێشکەوتن ٠

دوا چالاکی دیاری ئەم لقە ئەو میهرەجانە بوو بە هاوکاری لە گەڵ یەکێتی گشتی بۆ هوشیاری تەندروستی بۆ ماوەیەك هەفتەی سازی کرد ٠

لە سەردانێکما بۆ بارەگای یەکێتی ، چاومان بە چەند خوشکێکی دەستەی بەرێوەبەر کەوت و دەربارەی چالاکیەکانی لقەکەیان بۆمان دوان ، هەر وەها سەرمان دا لەو دایەنگە تایبەتیەی ناوی « دایەنگەی شۆڕش »ە و یەکێتی سەرپەرشتی بە ریوەبردنی دەکا (لە ژمارەکانی داهاتودا رێپورتاجێکی تایبەت دەربارەی ئەم دایەنگەیە بڵاو دەکەینەوە) ٠

● چالاکی یەکێتی لە هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواریدا

خوشکە نجاة عمر صالح لیپرسراوی کاروباری نەهێشتنی نەخوێندەواری لە یەکێتی ، باسی کاروباری یەکێتی بۆ کردین لەم مەیدانەداو بۆی روون کردینەوە چۆن یەکێتی هاندەرێکی چالاکی ئافرەتانە بۆ ئەوەی روو بکەنە مەلبەندەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری ، دیسان ئەندامەکانمان بە دڵسۆزی دێن بە دەنگ داوا کاریمانەوە کە لە مەلبەندەکاندا دەرس بە فێر خوازەکان بڵێنەوە هەر وەها یەکێتی لە روی هاندانەوە دیاری پێشکەش بە خێر خوازە سەرکەوتووەکان دەکا ٠

دیسان لقەکەی سلیمانی لەو کۆبوونەوە گەورەیەدا بێجگە لەو کۆڕانەی بۆ هوشیار کردنەوە دەیان بەستین و ئەهمیەتی لە ناوبردنی نەخوێندەواری تیا رون دەکەینەوە ٠

● **چالاکی کۆمەڵایەتی :**

خوشکە پەروین نوری لیپرسراوی کاروباری کۆمەڵایەتی ، لایەنەکانی چالاکی یەکێتی لەم روەوە بۆ باسی کردین و لەم بارەیەوە دەستی بۆ ئەوە کێشا کە بەردەوام سەرپەرشتی کاروباری لقەکانی تری یەکێتی لە روی کاروباری کۆمەڵایەتیەوە دەکرێ و بەردەوام کۆڕ دەبەسترێ بۆ بڵاو کردنەوەی هوشیاری کۆمەڵایەتی لە ناو ئافرەتاندا ٠

دیسان لقەکەی سلیمانی لەو کۆبوونەوە گەورەیەدا بەشدارە کە یەکێتی گشتی ئافرەتانی عیراق لە هاوبەشی هەواری صلاح الدین لە دووی تاموزەوە دەستی پێکردوەو ماوەی دەرۆژ دەخایەنێ ، هەروەها لقەکەمان هەر لە ئیستەوە ، لە خۆ ئامادە کردندایە بۆ بەشدار بوونێکی دیار لە ئاهەنگەکانی تەموزی پیرۆزدا ، بەردەوام لە بۆنە نیشتمانی و کۆمەڵایەتیەکاندا ، لقەکەمان سەر لە نەخوشخانەکان دەداو دیاری پێشکەش بە نەخۆشەکان دەکەین و زۆر جار سەیران بۆ ئافرەتان ساز دەکەین بۆ هاوبەشی لە هەوارەکانی سلیمانی لە چوار چێوەی چالاکی کۆمەڵایەتی و رێگا کردنەوە بۆ ناسین و بە هێز کردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ناو خێزانەکان ٠

Institut kurde de Paris

چەند ساتێک لە ناو مەڵبەندی رابەری گوندێگی هاوچەرخ دا..!

فریا عبدالله
پ هاوکاری لە سلێمانی

سەبارەت بە گوندە هاوچەرخی یەکان وەك چۆن هەموو چەشنە پێداویستی یەکانی ژیانیان بۆ پێویستە بەو جۆرەش مەسەلەی هەوڵدان بۆ رۆشنبیرکردنیان بەرامبەر بە حقیقەتو واقیعیەتی ئێستامان ئەرکی سەر شانی هەموو مرۆڤ خوازێکە پێویستە بە پاکی بەرێوەی بەرێ ئیستاش لە هەموو گوندێکی هاوچەرخدا مەلبەندێك بە نێوی مەلبەندی رابەری گوندی هاوچەرخ کراوەتەوە خەریکی کاری خۆیانن .

لەسەر دانیکماندا بۆ یەکێك لەم مەلبەندانە چوینە گوندی هاوچەرخی خورمالو کاك عمرعبدالرحمن لێپرسراوی مەلبەندەکەیان پێی وتین :

ـ پێشان ئەم چەشنە مەلبەندانە بەم چەشنەی ئێستا نەبوە .. واتەئەو بەشانەی کە ئێستا بۆتان باس دەکەین ، جاران هەریەکەیان لە جێگایەکی دور لەیەکتری دابوونو هەریەکەیان بەجیا ئەرکی سەرشانیان بەجێ هێناوە ، بەڵام ئەمڕۆ بەهۆی دروست کردنی گونده هاوچەرخی یەکانتماوە ئەو بەشانە لەم مەلبەندەدا کۆ کراونەتەوەو هەر یەکەیان پێویستی سەرشانی خۆی لەم گوندەهاوچەرخیانەدا بەجێ دەهێنێ ئەوانەش بریتین لەم بەشمانە :

١ ـ مالی رۆشنبیری جوتیاران

ئەرکی سەرشانی ئەم بەشە بریتی یە لە رۆشنبیر کردنی جوتیاران ، ئەمەش ئێستا لە شێوەی گازینۆیەکی بچوکدایەو لە کاتی کۆبونەوەی جوتیاراندا کەلکی لێ وەردەگیردرێ بە باس کردنی زۆر بایەتی رۆشنبیریو کۆمەڵایەتی کە رۆژ لەدوای رۆژ زاخاوی بیریان پێ دەدرێتەوە. هەروەها جگە لەوەش زۆر جار ئەم جوتیارانە دەبرێن بۆ سەردانی پرۆژەو کێڵگە پێشکەوتوەکانی سلێمانی بۆ ئەوەی ئاگاداری هەڵس و کەوت و باری بەرەپێداوی ناو شار ببن .

٢ ـ منالانی تازە پێگەیشتوی لادێ : سەبارەت بەم بەشەیان کاك نجم الدین محی الدین پێی وتین .

ئەندامانی ئەم بەشەمان بریتین لە کوڕانی جوتیاران ، ژمارەشیان دەبێ بە پێی بریاری دیاری کراو وەربگیرێن کە لە ـ٢٠ ـ کەس تێپەڕ ناکا ، بەڵام لە بەر ئەوەی زۆر سەردەکەنە ئەم بەشە بۆیەئێمەش ناچار دەبین کە زیاتر بە پیریانەوە بچینو پێشوازیان لێبکەین .. لەم بەشەشدا لە سەر تازەترین شێوە وانەی کشتوکالیان پێدەدەترێو زۆر کەلکی لێ وەردەگرن . هەر لەم کۆمەڵە ئەندامانەمان تراکتیومانەلێژنەیەکی رۆشنبیریان لێ دروست بکەینو بڵاوکراوەیەکیان بە زمانی کوردی پێ دەرەخسێنین کە بریتی یە لە زۆر بابەتی ئەدەبی کوردیو رۆشنبیریو کۆمەڵایەتیو ئابوریو تەندروستیو کشتوکال .

٣ ـ بەشی رابەری کردنی ئافرەتی لادێ :

ئەم بە شەش بریتی یە لە لایەنەکانی درومانو چنینی فەرشو خواردن دروست کردنو رستنو ئیشی هەویرو کلاش چنین کە ئەم بابەتانەی سەرەوەش لە سەر شێوەیەکی نوێ فێریاندەکەینو ئافرەتەکانی ئەم گوتدە هاچەرخیانە زۆر بە تەنگی ئەم بەشەوەن .

هەروەها ئەم بەشە جگە لەوەش سەردانی خێزانی جوتیاران دەکاو لە ناو ماڵەکانیانا لە شێوەی نیوە کوڕیکدا زۆر بابەت کە بەیوەندی راستەو خۆی هەیە بە گۆڕینی باری ژیانیانەوە بۆیان باس دەکرێ

٤ ـ کێڵگەکانی روون کردنەوە.

ئەم کێڵگانەش بە پانتای ٢ـ٣ دۆنم بۆ ئافرەتانی ئەم گوندانە تەرخان دەکرێ و کاری تیادا دەکەن وەك کاری بزارو پاچە کۆڵەو بەرهەم کۆکردنەوە، بیگومان بەرهەمەکەش وەك دیاری یەکك دەدرێتەوە بە خێزانی ئەوانەی کە کاری تیادا دەکەن .

دوایی کاك عمر سەبارەت بە چۆنیەتی پەیوەندی پێوەکردنی ئەم جونیاراتە وتی:

ئەوی راستی بێ لە یەك کاتی دیاری کراودا نەبێ کە بە گران دەتوانین پەیوەندیان پێوە بکەین ئەویش بریتی یە لە وەرزی ئیشی کردنیو کۆکردنەوەی بەرهەم ٤٠٠! لەم کاتەشدا وەنەبێ بە یەکجاری دەستیان لێ بشوێن بەڵکو ناچار دەبین کە وازیان لێنەهێنین و بڕۆینە نێو کێڵگەکانیانەوەو پەیوەندی تاك تاکی خۆماتیان پێوە بکەین و پەیامی سەر بە هەموو مرۆڤ خوازێکی پاکیان پێ رابگەیەنین .

دەستپێکردنی دروێنەی گەنم وجۆ لە سەرانسەری پارێزگای سلێمانی

● ئەوە ماوەیەکە پارێزگای سلێمانی بەردەوام چالاکیو ئیشوکارێکی فراوانی تیایە ، بە نیازی خۆ ئامادەکردنو دەست پێکردنو سەرختنی هەڵمەتی دروێنەی وەرزی هاوینەی ئەمساڵ ، ئەمەیش لە ئێوان کۆبونەوەو لێکۆڵینەوەی مەیدانیو ئامادەکردنی هەموو پێداویستیە کان سەرختنی هەڵمەتی دروێنەی ئەمساڵو جێ بە جێ کردنی پلانی کشتوکالی لە پارێزگای سلیمانیدا بەرەو بەرهەمێکی فراوانی کشتوکالیو ئازەلی لە هەموو رویەکەوە .

● هەر لەم چالاکیانە هەموو دائیرە کشتوکالیەکانی سلیمانی ودکو سەرۆکایەتی ناوچەی کشتوکالیو دامەزراوەی کشتوکالیو بنکەی بەکرێ دانی مەکینەکانو یەکیەتی کۆمەڵە جوتیاریەکان گەلێ کۆبونەوەو کۆڕی فراوانیان پێك هێنا بۆ فەرمانبەرو ئەندامەکانیانو داوای ئەو پەری خۆ هیلاك کردنی گیانی لە خۆبوردنیان لێکردن بۆ سەرختنی کاروبارەکانیانو لەمانە نوسینگای راپەراندنی یەکیەتی ناوخۆیی کۆمەڵە جونیاری یە هەرەوەزی یەکانی پارێزگای سلیمانی کۆبونەوەیەکی فراوانی کردوو باسی پلانی کشتوکالیو وەرزی هاونیبیان کردوو سەیری ئەو راپۆرتانەیان کرد کە لقەکانیان دەربارەی چۆنیەتی **کاروباری** دروێنەی ناوچەکانیان ئامادەیان کردبوون هەر لەم کۆبونەوەیەدا بریاری ئەوەیاندا کە ئەندامەکانی یەکیەتی دابەش بکەن بەسەر ئەو ناوچانەدا کە دروێنەیان تیا ئەکرێ بۆ ئەوەی سەرپەرشتی **کاروباری** دروێنەو رەوانە کردنی بەرهەمەکانیان بکەنو ئاگایان لە هەموو گیروگرفتو ئەنگوچەمەکانیان بیتو هەرچیان بوێت بۆیان ئامادە بکەن .

هەروەها ئەنجومەنی کشتوکالیو لە پارێزگای سلیمانیدا لە کۆبونەوەیەکی فراوانیدا بریاری ئەوەدرا کە هەموو هەوڵو تەقەلا بخرێتە کار بۆ سەرختنیو زوو برانەوەی وەرزی دروێنەی ئەمساڵو هەندی لە ئەندامانی ئەنجومەنەکەیان دابەش کرد بە سەر ئەو ناوچانەدا کە دروێنەیان تیا ئەکرێت بۆ ئەوەی سەرپەرشتی کاروبارەکانیان بکەنو ئاگایان لە چۆنیەتی رێکو پێکی ئەوکارە گرنگە بێتو خۆیان تەنگوچەمەکانیان بۆ چارەسەر بکەن. هەروەها بەرێزان جاسم محمد صالح بەرێوەبەری گشتی دامەزراوەی کشتوکالی شارەزوورو عطیە شنداخ بەرێوەبەری گشتی پرۆژە کشتوکالیەکانی پارێزگای سلیمانی خۆیان سەریان لە شوێنی دروێنە کردنەکانیان داوەو هەر چی پێویستیان هەبوو بێت بۆیانیان جێ بە جێ کردوون .

● جا ئەوە بو لەم ١٠ر١٤ر١٩٧٩دا لە هەموو ناوچە کشتوکالیەکانی پارێزگای سلیمانیداو بەر لە هەموویان لە هەردوو ناوچەی کەلارو چەمچەمالدا دروێنەی بەرهەمی گەنم و جۆ بە دەراسە دەستی پێ کردلە بەشی سوشیالیستو تایبەتیشدا . کە پانتایی رووبەرەکەی ٥٨٨ هەزارو٥٤٩ دۆنم زەوی ئەبێتو وا چاوەروانئەکرێت نزیکەی ٣٠٠ هەزار دۆنمی بە دەراسە بدورێتەوە .

● لەم هەڵمەتەدا ١٧١ دەراسەی مەلبەندی بەکرێدانی سلیمانیو ١٣١ دەراسەی تری سەربە پرۆژەی کشتوکالیو شارەزوورو کۆمەڵە جوتیاری یەکانی پارێزگاکان هاوبەشیان کردووەو چاوەروانی بەرهەمێکی باشیان لێ ئەکرێت .

Institut Kurde de Paris

«هاوکاری» دەزگای گشتی جگەرە دروستکردنی عیراق بە سەردەکاتەوە

ئەم دەزگایە لە تێکەڵ کردنی ئەو سێ کارگە ئەهلیانە دروست بوە کە بۆ دروستکردنی جگەرەی عیراقی بوونو هەر سێ کارگەکەش تێکەڵاو کراوەبۆ ئەوەی زیاتر پەرە بدرێتە ژیانی گوزەرانی کرێکاران و ئەو کارگیرانەی لەو کارگانە ئیش دەکەن بۆ چاکردنی بەرهەمی جگەرەی نیشتمانی بە هەموو چەشنەکانیەوە .

لە راستیدا خۆمالی کردنی ئەو کارگانە تافە رێگایەکبوو بۆ ئەوەی بگەینە ئەوئامانجانە .

پاش شۆرشی ١٧ی تەموز دەزگای گشتی شقارتە بەستراوە بە دەزگای گشتی جگەرەی عیراقەوەو لە ساڵی ١٩٧٧ کارگەی دروستکردنی دەفتەری قوتابخانەیی خراوەتە پاڵ .

بەم جۆرە ئەو سێ کارگەیە لە ژێر سایەی نەخشەو پلانێکی بەرهەم هێنەری مەرکەزیدا بەرهەمیان دەهێنایە کایەوە .

لەوانەیە خوێنەر پرسیاری هۆی هەموو ئەم پێشکەیانەی دەزگای ناوبراو بکا ، ئێمەش وەڵامی دەدەینەوەو دەڵێین کە بازاری ناوخۆیی جار جارێك دووچاری کەم بوونی جگەرە دەبێ ، ئەمە پاڵی پێو نایەن کە داوای چاوپێکەوتنی بەرێز بەرێوەبەری گشتی دەزگاکە (احمد علوان محسن الدلیمی بکەین) .

لە گەڵ چاوپێکەوتنمان لە بارەی بەرهەم هێنانی دەزگاکەو نەخشەو پلانەکانیدا وتی : ـ

لە کارگەی شقارتە لە ساڵێکدا (٨٥٠) هەزار کارتۆنی شقارتەی نیشتمانی بەرهەم دەهێنێو لێکۆڵینەوەیەکی راستەقینەیش هەیە بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم پرۆژەیە پەیوەندی بە پتر بوونی ئەم ژمارەیەوە هەیە . بەڵام بەرهەم هێنانی کارگەی جگەرە بە پێی ئەو نەخشەی کە دانراوە لە ساڵێکدا ٣١ ملیون دەرزەن بەرهەم دەهێنێ جگە لە بەرهەم هێنانی دەزگای گشتی جگەرەی نیشتمانی لە هەولێر کە لە ساڵێکدا بەوزەی ٤١ میلون دەرزەن بەرهەم دەهێنێو بەهەموو چەشنەکانیەوە ، بەرهەمی نیشتمانیان لە ١٠٠٪ ئەو نەخشەو پلانانەی بەرهەم هێنان هاتووەتە دی

کارگەکانمان بەردەوام ئیشی کردووەو ئەوەستاوەو، هەمووی لە لایەن دەزگای بڵاوکردنی جگەرەو شقارتە تێردراوەتە بازارو چەندێکی زۆری لێ ی ناردوە بۆ مەکتەبەکانی فرۆشتن زیاد لەوەی کە بەیتنیان پێ دراوە بەڵام لە بارەی هۆیەکانی کەم بوونی دەتوانم سنووری بۆ دانێم : بەکار هێنانی لە رادە بە دەری جگەرەو هەڵگرتنی بەشێکی گەورەی ئەو جگەرانە لە لایەن هاوڵاتیانەوە ، ئەوەی شایەنی باسە هیچ زیادە بوونێك نەهاتە سەر نرخی جگەرە نە ئێستاو نە لە پاشە رۆژدا ئێمەش بە دەوری خۆمان لێپرسینەوەی ئەو پێویستیانەمان خستۆتە ئەستۆ لە پاشە رۆژدا . ئێستاش بازار هێمنێکی تەواو بە خۆوە دەبینێ . هەر وەها حەز دەکەم رابگەیەنم کە بریار دراوە ئەو جگەرانە کە لە دەرەوە دەهێرین زیاد بکرێن بۆ شکاندنی مونوپولیو جێ بەجێ کردنی ئارەزووی جگەرە کێشەکانی ئەم چەشنە جگەرانە .

بەرێز بەرێوەبەری گشتی زیاتر وتی :

لە بارەی چەشنی ئەو توتنەی کە لە دروستکردنی جگەرەی نیشتمانیدا سۆمەرو بەغدا بەکار دێ دوای مانگی نیسانی رابردوو پەرەسەندنێکی ئاشکرا لە چەشنە کەیدا رووی داوە هەروەها ئەم چاکردنە چەشنی ترەش دروست دەکرێو نیشانەی نوێیشی بۆ دادەنرێ .

ئێستا خەریکین پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵێك لە کۆمپانیەکانی جیهان دەکەین لە بواری بەرهەم هێنانی جگەرەدا بۆ ئەوەی هێنانی تایبەتی لێ وەربگرین .

هاوکاری وکۆمەڵانی خەڵك

لە گۆشەی ئەمجارەی « هاوکاریو کۆمەڵانی خەڵك» دا متمانە بەشێوەیەکی نوێی بەرچاوخستنی گیروگرفتەکانی خەڵك دەکەینو نومیدی ئەوە دەکەین برایانی لێپرسراو بەچاوی دڵسۆزیو بەتەنگەوەهاتنی خواستی ئەو دوو هاوڵاتیەوە بن کە گیرگرفتەکانیان بەرچاو دەخەین :

● هەڵەبجەو بێئاوی وشنی تر :

هاوڵاتی محمد توفیق لە هەڵەبجە سکاڵا دەکا لە بێئاوی لە هەڵەبجە کە خەڵکی ناچار کردوە لە حەوشەکانی خۆیان بیر هەڵکەن ، دیسان سکاڵا دەکا لە نارێك و پێکی شەقامە گشتی یەکانی شارەکە . گیروگرفتی کەمی تەلەفۆنو داوای خەڵك بۆ گوڕینی بەتەلەفۆنی ئۆتۆماتیك لەبەرزۆر بوونی خەڵکی شار بەڵام لە لایەن نەخشەو پلانی پاشە رۆژی دەزگاکە بەرێوەبەری گشتی رای دەگەیەنێ کە لێکۆڵینەوەی پرۆژەیەکی نوێ پێشکەش کراوە بۆ دامەزراندنی تا ئێستا هەندێ لەو پێشنیارانەمان وەرگرتووەو بۆ ئەم مەبەستە چەند لێژنەیەك پێك هێنراو لێکۆڵینەوە وەدەست نیشان کردنی گونجاوترین چەشن،

ئامادە کردنو وێنەگرتنی ذکریات محمد

● گیروگرفتەکانی بیارە :

ـ هاوڵاتی حمە زەمیان فریدون لەبیارە دەڵێ :

گرێ ئوتومبیل لە سلیمانیەوە بۆ بیارە گرانە بە پێوانە لەگەڵ شوێنەکانی تر ، دیسان بیارە داوای چارەسەری گیروگرفتی نەخۆشخانەکەی دەکا ، خزمەت گوزاری شارەوانی زۆرکەمە لەگەڵ ئەوەدا کە پێویستە ئیرە وەك هاوینە هەوار زۆر بایەخی پێبدرێ ، مشروعی ئاوی نیە ، قوتابخانەکانی خانویان کەمە ، گازنیوی سیاحی ـ٢٠٠ـهەزار دیناری تێچوە کەچی تائیستا هەر خانوەکەیەو نەکراوەتەوە، داواش دەکا مەکتەبەیەك بۆ فرۆشتنی چاپەمەنی بکرێتەوە.

● پردەکەی خورمال :

ئەو پردەی لەشاری خورمالـ ندایە، بەکەلکی ئەوە نایەت هاتوچۆی بەسەردا بکرێ ، والێرەدا وێنەکەی بەرچاو دەخەین ، خۆزگە کاربەدەستان بیریان لە چاکردنو گەورەکردنی ئەم پردە دەکردەوە .

کێشەی منداڵ و کرێکاری لە چیرۆکی کوردیدا

ڕۆف حسن

ھەر لە ناونیشانی چیرۆکی « ئەمەیە بەشمان »(١)ی د. کاوس قەفتانەوە .. بۆدەسەڵاتی و شوکرانەبژێری دادەبارێت .. بەڵام پاڵەوانەکەی ڕاستی‌یێکی بەھادار دەزانێ .. کە ژیان و چەوساندنەوەو بەشخوراوی فێری کردوە .. ئەوەتا دەڵێ **(ئەو دارەی ئێمە بە ئارەقی ناوچەوان ئاوی دەدەین .. بۆچی گشتمان بەری نەخۆین ؟!) (٢) بە ماناییکی‌تر دەیەوێ بڵێ « پێویستە هەموومان ، لە کارکردندا بەشداربین .. پێویستە هەموو کارگەران لە بەروبوومی کاری ھاوبەشیاندا بحەوێنەوە .. نەك تەنیا چەند دەوڵەمەندێك » .**

بەڵام (ئەریمان)ی پاڵەوانی ئەم چیرۆکە نەك ھەر لە بەروبوومی ڕەنجی خۆی بێبەریە .. بەڵکو لە کاتی کارکردندا دەستێکیشی دەنێتە بانو دەبڕێتەوە .. سەرمایەی ئەو و ھەموو کرێکاران لە بازوودا گرد دەبێتەوە .. بە نەمانی ئەو سەرمایەیە .. ئەریمان ھیچی بۆ نامێنێتەوە .. خاوەن‌کاریش تا ئەو بازوە تینی تێدابوو بینی پێودنابوو .. وانەما .. ئیتر بەشی لە دەرکردن زیاتر چی‌تر دەبێ !؟

کوڕە بچووکەکەی ئەریمان نەخۆشە و پارەی چارەسەرکردنیان نیە .. کوڕەکەی تریشی ھەرچەندە قوتابی‌یێکی زیرەکی پۆلی شەشەمە .. بەڵام باوکی بە ناچاری دەی‌بات بۆ کرێکاری و لە ماڵێك دای‌دەمەزرێنێت کە دەگەڕێتەوە ماڵەوە منداڵە نەخۆشەکەی دەمرێ و ھەر لە کاتەشدا لاشەی کوڕە کرێکارەکەی بە چواردەستان بۆ دێننەوە .. کە لەسەر پەیژە بە تاسە قوڕەوە کەوتۆتە خوارەوە ..

ئەبەر ئەوەی د. کاوس بەر لە چارەکە سەدەیێك ئەم چیرۆکەی نووسیوەو دەنرانێن بە یێکەمین چیرۆکێکی کوردی دانێین کە پاڵەوانی کرێکاری لە دووتوێ گرتبێ .. بۆیە دەبێ بە چاوی ڕەخنەیی ئەمڕۆ لایەنی ھونەری ھەڵنەسەنگێنین و ڕەدووی کەموکووڕیکانی نەکەوین .. بەڵکو بە بارێکی تردا بیخەینەڕوو کە وەك بڕوانامەیێك بێ بۆ چیرۆکنووس کە لەو سەردەمەدا ئاوڕی لەم کێشەیە داوەتەوەو پەردە لە ڕووی جەورو ستەمی ئەو سەردەمە ھەڵدەماڵێ کە (ئەریمان) لە سایەی ڕژێمەکەیدا دەژو ھیچ پێویستی و مافێکی ئاسایی مرۆڤانەو ژیانی بۆ مسۆگەر نەکراوە .. لە فرمێسك و نازارو ھەڵقرچان بەولاوە بە مرۆڤێکی کرێکار ڕەوانەبینراوە .. تەنانەت مافی ئەوەشی نەدراوەتێ کە فزەی لێوەبێت و بەرامبەر بەو وەزعە لێوەھەلبێنێ ..

(ھێزمان پێ ناھێڵن .. خوێنمان دەمژن .. نانو پارەمان دەدزن .. ھێشتا دەبێ لە ڕاستیاندا دەمکوت بین .) (٣)

جا لە جیاتی (ئەریمان) چیرۆکەکە خۆی بە لێزمەلێنانو ھاوارێك دەژمێرێ کە داوای سڕینەوەی ئەھامەتیکانی ئەو ژیانە دەکات .. بەڵام لەمە زیاتر تێ ناپەڕێ و ڕێگەی سڕینەوەی ئەم ئەھامەتیەو چارەسەر کردنی ھەر ئەوەندە بڕدەکات کە بەزەیی خاوەن‌کارەکان بجووڵێنێ تا دەستی ئەم کێڵانە بگرن .. دەبێ ئەوەش لە یاد نەکەین کە چیرۆکنووس کێشەیێکی زۆر گرینگی ورووژاندوە .. کە کارکردنی منداڵانەو نابێ جێگەیان لەسەر پەیژەبێ و تاسە قوڕ بێننو بەرن .. بەڵکو جێگەیان دەبێ باوەشێی پڕ لە سۆزو بایەخ‌پێدان بێ ..

کێشەی منداڵانی کارگێر .. کێشەیێکی مرۆڤانەی زۆر ناڵۆزەو لەم بوارەدا لە کارگێرانی گەورە جیاناکرێنەوە .. چونکە وەك ئاشکرابە .. چ لە بەرھەمی ئەدەبی و چیرۆکداو چ لە ژیان خۆی دا .. منداڵانی سەرجەم وڵاتە تازەگەشەسەندۆکان ـ دواکەوتۆکان ـ تەنانەت منداڵانی وڵاتە سەرمایەدارەکانیش .. ھەموو ئەوانەی سەر بە چینەکانی خوارەوەن .. مانای منداڵێتی بەختیارانە نازانن چیەو ئاسوودەگی منداڵێتیان بەخۆیانەوە نەبینیوەو ھەر لەو ڕۆژەی فام دەکەنەوە .. دەبێ جەمسەرێکی ئەو ئەرکو کوڵیرەوەریە بگرنەدەستو شان بدەنە بەر ڕەنجو کۆشش .. بەم جۆرە ئەو منداڵانە لەم قۆناغەیاندا چ لە ھەڵس و کەوتو بکرەو بڕدەیاندا چ لە جۆری قسەکردنو خۆ بە بەرپرسیار زانیاندا لە پیاوێکی بچکۆلانەوە نزیکترن تا منداڵێکی ئاسایی و ئەمەش لە چیرۆکی (دەڕابە چەورکەرەکە)ی تایبەتی سالح سەعید بەسەئاشکرا دەردوکەوێ ،

کاتێك منداڵەکە وەك پیاوێکی تەواو لەگەڵ حاجی دووکاندار دا دەدوێ و ھەروەھا خۆی بە لێپرسراو دەزانێ بەرامبەر نەك ھەر بژێوی خۆی بەڵکو ھی خێزانێکی کۆڵیش ..

نیسماعیل ڕەسوولیش سەرەڕای ئەمانە لە چیرۆکی (تەڵەزگە)(٥) دا کێشەی بێ‌کاری بەنیسبەت منداڵێکەوە دەخاتەڕوو .. کە لە قوتابخانەدا زیرەکەو دەبێ ڕۆژانی پشووش بە کرێکاریوە بەسەر بەرێ ..

نورسەر بەراوردێکی ژیانی ئەو منداڵە کرێکارە لەگەڵ ئوڕی (خوایێداوەکان)دا دەکاتو دەیەوی لە زمانی و ھەستی منداڵەکەوە ئیدانەی ئەو جیاوازیە چینایێتیە بکات .. بەڵام لایەنی فیکری تیای‌دا بە تەواوی ئەمەیوە کە بتوانێ بەشێوەیێکی زانستیانەبۆ ئەم کێشەبە بچێ .. بەڵکو دەتوانم بڵێم بەتەواوی واقیعەکە ئاوەژوو کراوەتەوە .. چونکە نووسەر ئەی‌توانیوە تەسەوری بەرینی و فراوانی چینە زەحمەتکێشەکان بکاتو بە ژمارەیێکی ھێند کەمی داونەتە تەڵەم ھەر وەکو تاك و تەراو دەگەمەن زیاتر نەبن .. بەڵام چینە دەرامەتدارو دەستڕۆشتۆکان دەکاتە چینێکی بنکە فراوانی جەماوەرو ھەروەك میللەت ھەمووی لەوان پێك‌ھاتبێ وایە .. ئەوەتا ھەستی منداڵە کرێکارەکە بەم جۆرە دەر دەبڕێ **(گەلێ جار ئاخی ھەڵدەکێشا .. کە دەی‌دی ھاوڕێکانی ھەموو بە جلو بەرگی ڕەنگاورەنگەوە پۆشتەنو ئەویش تاڵاوی ھەتیوی و دەربەدەری و نەبوونی دەنۆشی)(٦) .**

سەرنجی وشەی ـ ھەموو ـ بدە .. کە بۆچوونێکی ئاوەھاو ـ ھەرچەندە دڵسۆزی نووسەر لەم چیرۆکەدا بەرامبەر ئەو چینە جێی گومان تیە ـ دەرخستنی کۆمەڵ بەو پۆشتەو پەرداخیەوە ، ھەوڵدانێکە بۆ قەبەکردنی ئازارو ئەندێشەکانی قوتابێکەو ھەستو سۆز بزواندنی خوێنەرانیش بەرامبەری .. کە لەم حاڵەدا کێشە ھەرە مەزنەکە بچووك دەبێتەوەو ھاوکێشەیێکی پێچەوانە لە نیوانیاندا دروست دەبێ و ڕووی واقیعە ئابووری و کۆمەڵایەتیکەمان دەشێوێ ..

ئەمە دەربارەی چەندایێتی و لەمەڕ چۆنێتی چیرۆکەکەشەوە مەسەلەی منداڵ خستنە بەرکار ھەردەم بۆتە تەنگ‌پێ‌ھەڵچنینی کرێکارانی ترو «زیان بە ئاستی ڕۆژانە ـ کرێ‌ـی کرێکاران دەگەیێنێ » چونکە خاوەنکار ھەرگیز ئەو ھەلە لەکیس خۆی نادات کە منداڵێك بەرێو کاری گەورەیێکی پێ‌بسپێرێ و کرێیێکی کەمیشی بداتێ .. کەچی لای ئیسماعیل ڕەسوول وا ئاکەوێتەوەو ئەو ڕۆژە قوتابێکە نابرێت بۆ کارو بەرەو ماڵ دەگەڕێتەوە .. دەبێ ئەوەشمان لەیاد نەچێ کە لای خۆمان وەستای بیناکاری یا خەلفە دەچێتە مەیدانو کرێکارەکانی گرد دەکاتەوەو بەزۆری بەدوای کرێکاری شانومل قەوی و مەچەك ئەستووردا دەگەڕێو ئەو ڕایەی پێشوونر زیاتر لە کارخانەو پرۆژەکاندا پەیڕەو دەکرێ .. گەرچی لای خۆشمان شتێکی نامۆ نیەو بۆ ھەندی کاری سووکەڵە چاو بۆ منداڵانی وەك قوتابێکە دەگێڕن ..

لای دڵشاد محەمەد ئەمینیش .. لە چیرۆکی (کوا جاوکم) (٧)دا بە جۆرێکی نزیك لەوەی پێشوو کێشەی منداڵو کرێکاری خستۆتەڕوو . منداڵێك کە چاو ھەڵدێنێ .. سەرجەم ژیانی خۆی و دایکی دەبینی بە کوێرەوەری و نازار تەنراوە .. سەیردەکات خەڵکی باوکیان ھەیە ئەم نیەتی .. تومەز حاجی‌یێك کە سەری زمانو بنی زمانی کڕینو فرۆشتنو سێکسو کوشتارە .. کاتی جێی باوکی منداڵەکەی کوشتوەو ویستوێتی دایکیشی ھەڵفریوێنێ .. منداڵە گەورە دەبێو پاشس دوو ساڵ کرێکاری تێدەگات .. چینو بەرەیێك ھەن ھەموو خێرو خوشی‌یێکی ژیانیان بۆ ڕەخساوە .. تەنیا ئەمو دایکی نەبێ .. جا دوای ئەوەی تۆڵەی باوکی بە شێوەیێکی عەشایەریانە لە حاجی دەستێنێ .. لە بەندیخانەدا تێدەگات کە ھەر خۆی و دایکی ڕەنج بەباجوو زولم لێ‌کراو نین .. بەڵکو کەسانێکی ھێجگار زۆری تر ھەنو بەدەردی ئەمان گلاون ..

لە چیرۆکەکەدا دیارە کە باوکەکە کرێکار بووەو لە قسەی حاجی‌دا ئەمە ڕوون دەبێتەوە کاتێ بە ژنەکەی دەڵێ (حەیفە جوانێکی وەك تۆ .. شەوگار لە باخەڵی ئەو ڕووتە خۆڵاویەدا ببەیتەسەر)«٨» ئەو ڕووتە خۆڵاویە کرێکارێکی (مەلابەزێن یشس بوە .. بۆیە دەستی تاوانکاری گەیشتوێتێ ..

ئەوەی لەم چیرۆکەدا جێی ڕامانە .. کوڕە پاش دوو ساڵ کرێکاری ـ یا با بڵێین دوو ساڵی تر تەمەن ـ ھیچ گەشەسەندنێکی فیکری لای ڕووی نەداوە .. کە ڕاستر وایە بڵێین چیرۆکنووس یێ‌ی ڕەوا نەبینیوە .. ئەوەندە نەبێ کە بەرەیێك ھەنو تێرو تەسەلن .. جا ئەوەی ئاشکرایە .. پێویستە دەرك‌کردنو پەی‌بردن بە بنچینەی ئەم کێشەیە ، لە سەرەتاوە بەوە دەست پێ‌نکات کە بەرەو چینێکی فرەی ڕەنج‌خوراو لە ئارادایەو .. ئەمجا مفت‌خۆران دەستنیشان بکرێت .. کەچی بەر لەمە دەڵێ (ئەم دووساڵی کرێکاریە تێی گەیاندم کە بێجگە لە منو دایکە کۆڵەکەم بەرەیێکی تر ئادەمبزاد ھەن ھەموو خۆشی‌یێکی ژیانیان ھەیە)(٩) کە ھەموو چاوەڕوانی ئەوە دەکەین بڵێ (جگە لە منو دایکم بەرەیێکی تری مرۆڤ ھەیە ..

وەك ئێمە پەرێشانن ..) .. ئەو بۆچوونەی دڵشاد بەنیسبەت دەربڕینی ھەستی لاوێکی ھەژاری نەخوێندەوارەوە بازادانێکی بێ بنچینە یە .. چونکە دوو ساڵ لەناو کرێکاراندا ژیا ھێشتا فێری ئەوە نەبوو .. یا نەی‌دی کە ئەوانەی لەگەڵی‌دا دەژین لە چ بارێکی ناھەمواردان .. ئەوەتا لە بەندیخانەدا ئەو ڕاستیە تێدەکات و دەڵێ (ھاوڕێکانی ترم .. کە لەسەر داوا کردنی ئاشتی بۆ جیھان گیرابوون .. تێیان گەیاندم کە دڵم ڕاستی‌کردوەو من تەنیا تێم

١و٢و٣ـ ڕۆژنامەی ژین ژمارە ١١٤٧ تا ١١٤٩ ساڵی ١٩٥٣

٤ ـ کۆمەڵە چیرۆکی (لە گەڕووی مەرگەوە..)

٥و٦ـ کۆڤاری نووسەری کورد ژمارە ١٠ ساڵی ١٩٧٣

٧ و٨و٩و١٠ـ کۆمەڵە چیرۆکی (دێریاسین).

دەتبینم لە ڕووبارە سپی‌یەکەدا مەلەدەکەیت

ھەموو ڕۆژێك
لەگەڵ دەرکەوتنی خۆردا ..
لە ڕووبارە سپی‌یەکەدا مەلەدەکەیت !!
ھەناسەکەت ،
تیکەڵ بە ھەناسەی ماسی‌یە بچکۆلەکان دەبێ
شەپۆلەکان دەکەیتە مل ،
مەمکەکانت ،
سەما بۆ ساردی ئاوەکەدەکەن .. !!

دەتبینم ،
لەڕووبارە سپی‌یەکەدا ، مەلەدەکەیت !
تۆ بۆ سروشت پێ‌دەکەنی و ..
سروشت بۆ تۆ
دڵدارێکی ھەتا ھەتای بەوەفایە !
لە ڕووبارە سپی‌یەکەدا مەلەدەکەیت
مەلەدەکەیت ،
مەلەدەکەیت ..
ھەنا کاتێ ، ڕیبوارێکی سەرگەردان
بەلاتادێت ،
لەشت پارچەیەك باقووتە
لەڕووبارەکەدا ، وون‌دەبێت ؟!

سیروان عەبدوڵلا محەمەد

کردنەوەی کتێبخانەی گشتی ئەوقافی سلێمانی کارێکی پیرۆزو دڵ خۆشکەرە

جمال محمد

ئاشکرایە ھەر لە دێر زمانەوە شاری سلێمانی مەنبەندی بزوتنەوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری‌یو ئایینی‌یو کۆمەڵایەتی بووەو لە ھەموو لایەکی کوردستانەوە خەڵکی بۆ مەبەستی خوێندن ڕوویان‌تێ‌کردووە ، بەتایبەت لە سەردەمێکا کە ئەمارەتە کوردی‌یەکان لە بڕەودابوونو خاوەنی دەسەڵاتی خۆیان بوون ، بۆیە ھەر لەو کاتەوەو بگرە لەوەو پێشتریش گەنجینەیەکی بەنرخ بووە لە زانستو ئەدەبو ڕۆشنبیری . بە پێی بێتبکەوتنو بەرەوپێش چوونی کۆمەڵو وەك ئەرکێکی مێژوویی‌و خزمەتگوزاری ، گەلەکەمان کەمتەرخەمی نەکردووە لە پاراستنو پارێزگاری‌کردنی ئەو ھەوڵو کۆششە بێ‌پایانەی ئەو زاناو شاعیرو نووسەرە کۆنانە چ کورد چ بێگانە کردوویانە، بۆ ئەم مەبەستەش بەو پەڕی دڵسۆزی‌یەوە ئەو بەرھەمانەی چاپ‌کراون لە کتێبخانەکان‌دا پارێزراونو ھەتا ئەمڕۆش ڕۆڵی کاریگەری خۆیان لە مەیدانی خزمەتگوزاری‌دا بینیوە .

ھەروەك ئەو کتێبخانانەی لە شاری سلێمانی‌و شارەکانی تری کوردەواری‌دا ھەن ، ئەبینن لەم ماوەیەی دوایش‌دا ڕووتر بڵێین لەساڵی ١٩٧٩داو لە ڕۆژی (٧ـ٤ـ١٩٧٩ز ـ ١٠ـ٥ـ١٣٩٩ك)دا وەزارەتی ئەوقاف ئاھەنگی کردنەوەی بۆ کتێبخانەیەك بە ناوی « کتێبخانەی گشتی ئەوقاف » لە سلێمانی گێڕا ، کە یەکێکە لەو کتێبخانە گرنگەو بەھادارانەیە کە ماوەیەکی زۆرە خوێندەوارانی کوردچاوەڕوانی کردنەوەیان ئەکرد ، چونکە لەڕاستی‌دا ئەم کارە ڕووداوێکی پیرۆزوو کەورەو مێژوویی‌یە لە ژیانی تەنەوەو شارەکەمان‌دا بە گشتی‌و خوێندەواران‌دا بە تایبەتی .

لێپرسراوانی دائیرەی ئەوقافی سلێمانی دەس ـ پێشکەری‌یەکی دڵسۆزانەیان کرد لە کردنەوەی کتێبخانەیەك بەو شێوەیەی چاوەڕوان ئەکرا ، بە تایبەت کە پرێبێت لە کتێبی بەنرخو دەستنووسی ھەمە چەشنە کە تاکو ئێستا، ئەو دەستنووسانە لە باوەلی داخراوو ژووری قفل دراودا تەپو تۆزیان لێ‌نیشتبوو وسوودێکی ئەوتۆیان نەبوو . بەڵام وا ئەمڕۆ ئەو بەرھەمە بەنرخانە (کە زۆربەیان تا ئێستا بەرچاوی خوێندەواران نەکەوتوونو ھیچیشیان لەسەر نەنووسراوە و بڵاونەکراوە ـ تەوە ، وا ڕۆشنایی‌یان بە خۆیانەوەدی ، وەنەبێ ئێمە کتێبخانەی تری لەم بابەتەمان نەبێت ، بەڵام وەکو پێویست ھەموو خوێندەوارێکی نارەزوومەند نەیتوانیوە سوودی لێ‌وەربگرێت .

... بە پێچەوانەی ئەمەوە ، کتێبخانەی گشتی ئەوقافی سلێمانی زۆر پێخۆشحاڵەو بەو بەڕی شانازی‌یەوە چاوەڕوانی ھاتنی خوێندەواران ئەکات بۆ ئەوەی لەگەڵیان‌دا ھاوکاری بکاتو یارمەتیان بدات ، بە تایبەتی ئەو کەسانەی خەریکی لێکۆڵینەوەی بابەتێکی دباری‌کراون ، جا ھەر بەم بۆنەیەوە دەربارەی ئەم کتێبخانەیە شتێك پێشکەش خوێندەوارانی ئازیز ئەکەم .

لە ڕاستی‌دا بیرکردنەوەو بڕیاردانی کردنەوەی ئەم کتێبخانەیە ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٥٦ ، وە یەکێك لەو گەسانەی کە ڕۆڵێکی بالایان لەم مەیدانەدا بینیو دڵسۆزانە چاکی مەردایەتیان لێ‌کرد بەلاداو سووربوو لەسەر ئەو بیروڕایەی کە ئەبێت ھەر بکرێتەوە ، مامۆستا شێخ محەمەدی خال بوو ، بۆ ئەم مەبەستەش چەند جارێك ئەم مەسەلەیەی خستووەتە بەرچاوی لێپرسراوانو وتوویژی لەگەڵا کردوون ، بۆیە وەزارەتی ئەوقافیش بڕیاری‌دا کە لیژنەیەکی پێك‌بهێنرێ‌و پێشنیازو لێکۆڵینەوەی خۆی لەم ڕووەوە پێشکەش‌بکاتو لە ھەمان‌کانیش‌دا ئەرکی کۆکردنەوەی دەستنووسو کتێبی چاپ‌نەکراوی لە مزگەوتو تەکیەو خانەقاکانی ناوەوەو دەرەوەی پارێزگاکەدا پێ‌سپێررا ، ئەوەبوو لیژنەکە چالاکانە لە ڕۆژی ٢٧ـ٧ـ١٩٧٨ دا دەستی کرد بە ھەڵسووڕانی کارەکەیی‌و لە ٧ـ٤ـ١٩٧٩دا زۆربەی کارەکانی جێ‌بەجێ‌کردو ، ئەوەی لە توانایابوو کردی ، گەلێ شتی بە شوێن گەڕاو گەلێ شتی بە نرخی کۆکردوەوە .. لیژنەکەش بە سەرۆکایەتی مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵە ، ئەو کەسانەی کە کتێبی دەستنووس پێشکەش بە کتێبخانەکە ئەکەن ، لیژنەکە پارە ئەدەن بەو کەسە ، بەوێنە بۆ تەنیا کتێبێك دووسەد دینارییان‌داوە بە خاوەنەکەی ، وەتا ئێستاش بەردەوامەو توانیوێتی (٣٠٠) کتێب بەم شێوەیە پەیدابکات وپتر لە سێ ھەزار دیناری بۆ ئەم مەبەستە خەرج‌کردووە ، ئەوەی ئەبێت بوترێ‌و جێی شانازی‌و نموونەی دڵسۆزی‌یە ئەو کارە پیرۆزە بە نرخەنی مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵە کە (٦٢٥) کتێبی دەستنووسی ھەمە چەشنەی زۆر بە دەگمەن چاوپێ‌کەوتوو کە (کوردی‌و عەرەبی‌و فارسی‌و تورکیو) او دائیرەی (الاثار العامة) چل ھەزار (٤٠.٠٠٠) دیناریان‌دا بە مامۆستا خال کە بیان‌داتێ، بەڵام مامۆستا داواکاری‌یەکەی ڕەفزکردنو بە خۆڕای‌و بە دیاری پێشکەشی کتێبخانەی گشتی ئەوقافی سلێمانی کرد ، کە بەمەش کتێبخانەکە بەکجار دەوڵەمەندبوو ، ... ئەم کارەی مامۆستا کارێکە مەگەر مێزوو پاداشتی بداتەوە ..

زمارەی ئەو دەستنووسانەی ئێستا لە کتێبخانەکەدان (٢٠٠٠) دەستنووسە ، ناودرۆکیان بریتی‌یە لە (ئەدەبو مێژوو ، ڕیازیات ، شەرع ، تەفسیر ، پزیشکی، ئەستێرەناسی ، فەلسەفە ، جوگرافی ، کشتوکاڵی ، زمانەوانی (بە ھەموو جۆرەکانی‌یەوە ، .. و گەلێکی‌تر ، ودەستنووسەکانیش بریتین لە :ـ

١ ـ دەستنووسەکانی کتێبخانەی بابان

ئەم دستنووسانە کاتی خۆی ھەر لە مزگەوتی گەورەدا پارێزرابوونو ھی سەردەمی بابانی‌یەکانە .. ئەوەی دەربارەی ئەم بەشە پێویستە بوترێ ئەوەیە کە زۆربەی دەستنووسی بابانی‌یەکان بە دەستخەتی دانەمرەکان نووسراونەتەوە ، یان نووسەرو خەتخۆشێکی ئەو سەردەمە نووسیوێتی ـ بەوە ، **میرەکانی بابان پارەیان داوەو فورستادەیان ناردەوەبۆ بۆ وڵاتانی دوورو نزیك‌و ئەنانەت فورستادەیان گەیشتووەتە وڵاتی یەمەن‌و وڵاتانی ترو بەپارە کڕیویانە ، یان بەھەر شێوەیەك بووبێت نوسخەیان لەبەر کرتووەتەوەو نزیکە (١٦ ھەزار) کتێبی بەنرخیان بەو شێوەیە کۆکردووەتەوەو ، لە ٩٠٪ ئەو کتێبانە بەرگانیان زەرەکەفت‌بوون ،** واتە بە ناوی زێڕ نەخشێنراون ، کاتێ بابانی‌یەکان فەوتانو شێخ مارفی نۆدێی کە ماوەیەکی زۆر سەرپەرشتی ئەو کتێبخانەیەی ئەکرد ، کۆچی دوایی ئەکات ، ئیتر ماوەیەك کتێبخانەکە بە بێ‌ناز ماوەتەوە، لەو ماوەی فەرامۆش‌کردنو ئاڵۆزی‌یەدا بەشێك لەو کتێبانە شاراونەتەوەو ونبوون ، کاتی حاجی کاك ئەحمەدی شێخ ھاتە مەیدانەوە دووبارە دەستی بەسەراگرتنو کۆی کردنەوەو بە دڵسۆزی‌یەوە کتێبەکانی پاراست ، لە ساڵی ١٣٠٥ك/دا کە کۆچی دوایی ئەکات بۆ جارێکی تر کتێبخانەکە بە ھەتیوی ئەمێنێتەوە ، لە دوای وەفاتی کاك ئەحمەد ، خێزانو بنەماڵەی شێخان ، ھەر خێزانەی بەشێك لەو کتێبانەیان بردە ماڵەوە بۆ ئەوەی وەسیقەیەکی مێژوویی پیرۆز لە ماڵاو لە دیوەخانا دابنێنو شانازی پێوەبکەن .. کاتێ شێخ محمودی نەمر لەگەڵ ئینگلیزەکان‌دا تێکچوو وە بەگژ ئیستیعماری داگیرکەراچوو ، شێخو

بڕوانە : ل : ٧

پارچەیەك لە شیعرە بڵاونەکراوەکانی « غەریب »

احمد محمد پشدەری

ا م ماوەیەدا بەئەمانەت کەشکۆڵیکم لەمامۆستا محەمەد ئەمین ھێرۆیی دەست کەوت کەناوو بەرھەمی چەندشاعیری کوردی تێدایە ، یاکێك ھو شاعیرانە (مەلا مەحمود خواھرزادەیەکە نازناوی شیعری (غەریبە) و نزیکەی ١٥ پارچە شیعری لەو کەشکۆڵەدا ھەیە .

بێ‌گومان شیعری تریشی زۆرەو ئاوارەو پەراگەندەی ئەمڕۆلابووەو دوورنیە مەیدەکێشیان لەناووچوبن .

بۆیە بەپێویستم زانی لەکاتی ڕەخسانی ھەڵو دەرفەتی لەباردا ھەرجارە پارچەیەك لەشیعرەکانی بڵاوبکەمەوە بۆ ئەوەی بەرھەمی ئەو شاعیرەشمان بەدەستی تێکرای خوێنەران بگاو لەمەترسی لەناوچوونو نەمان سەرفراز بێ‌ئەوە بۆ ئەمجارە ئەو پارچەیە ئەکەین بەدیاری : ـ

ئەی نوری ھەردوو چاوم بەس وا لەمن جودابە
تۆخدا بێ عەرزو دادم با عەھدو با وەفابە (١)
ئاکەی لەگەڵ ڕەفیقان دەنوێنی میھرەبانی
بۆ مەحزی کوشتنی من بەس قابیلی جەفابە
ئەگەر من بێ‌خەتایم تۆ حەیفە بێ‌وەفایی
وەئەگەر ساحەب خەتابم پێ ڕێخەنی خەتابە
بۆ دەردو بۆ دەوامان ئەوەل کەتۆ سەبەب بوی
بۆ دەردی بێ‌دەوامان تا عاقیبەت دموابە
قبول دەکەم بکەی جەزم بەعەزمی کوشتنی من
بمشەرتێ خۆت بفەرموی خۆ قابیلی عیتابە
وەرەبپرسە حالم بەلوتفو میھرەبانی
بۆ دەیدەی بێ نورم وەك ڕموغەنو جرابە
مەلی بەھارە فەسلی بیشاتو عەیشو نۆشە
ھەر وەقتێ لوتفی خۆت بێ پیالە پڕ شەرابە
تۆ نوری ھەردوو دیدەی (مەحمودی) بلی قبولمە
غوباری خاکو پایی مەحبوبەت بێ ڕیابە

١ ـ ئەوەندەی لەتوانامدا بوبێت ھەوڵمداوە بۆ ئەوەی شێوە نوسینی دەست خەتەکە بێنمە سەر شێوەی نوسینی کوردی وەك لەزۆر ووشەدا بەناشکرا دەبینرێت بۆ وێنە ووشەی ، عەرز ، خەتا ، لوتف ، ساحەب ، نشات کە لەدەستخەتەکەدا ئەو شێوە نوسراون : عرض ، خطا ، لطف ، صاحب نشاط .

Institut kurde de Paris

بارانی پەلە هەورێکی ((پاشماوە))

پرسینو سۆراغی وشە بکاتو پەرەی فەرهەنگەکان هەڵداتەوەو وشەی عەنتیکە عەنتیکەی ناشیعری پێەستێتە ناو شیعرەکانی .... جەلال لەتیف هەڵمەتو پەشێو

نەو ڕێبازەیان گرتوەو تێدا سەربش کەوتونو چێژو تامێکی تریان پێخستۆتە بەر شیعرەکانیانو یەکێکیشە لە خاسیەتی شیعریان ! زستان هەرچەندە زوقمی ساردتربێتو لێزمەو ڕەهێلەو کرێوەشی توندتربێت ناتوانێ خەندە الە لێوی ناسکی بەهاری ئەم وولاتە شیرینە ببڕێت ، نەشەختەو زەمەقوولی نەقرچەی هاوین سەوزایی لە داریکی ڕەگداکوتراو ناتوانن بیرنو شاعیریش لەو فەناعەتەو بە پێی تاقی کردنەوەکانی خۆیو جۆری بۆچوونی خۆی مەسەلەیەکی گرنگو کاریگەر لە داستانێکی شیعر یا تواندۆتەوە (ناسك) ئاسایەکەی کاك (شێرکو بێکەس)ی شاعیر کە ئەمەیان شانۆگەریەکی شیعریە .

بەڵام ئەوەی کاك شێرکۆ ، هەرچی ویستویەتی لە (ناسك) کەکەیدا دەری بڕێت لەیەك خەتی دیارو بێ دوودڵی دەری بڕیوە ...

هەرچی کاك کەمالە لە هەندێ شوێن دەیەوێت باری سەرنجی تایبەتی خۆی بکاتە شتێکی مطلقو بسەپێنێتە سەر هەموو لایەنێکی کێشەکە ... ئەم جۆرە کێشانە گەلێ گەورەترن لەتوانای ناقە کەسێکو هەوەسی ئەمو ئەوێك ئەگەرچی دەبێ شاعیر هەڵویستی دیاری خۆی هەبێت ، بەڵام نەك بە شێوەیەکی (حدی) بۆبەنوشی هەندێ زەندۆڵو چەفێنان هاتیەو بەهاسانی لێیان دەربازنەبوە بەڵام وەکو شیعر ئەوە توانیویەتی هەموو شتەکان مەبەستیەتی لە تاو چڕاچڕێوەی - پەلك سەوزە کەبدا وەك شیعر بلێت ! سوتان بەکێکە لە مەرجە هەرە سەرەکیەکانی دڵسۆزی شاعیرو یەکێکە لە خەسائەسی شاعیر ، دەبینین شاعیر چۆن دەسوتێتو هەستە ئینسانیو سەرنجە فراوانەکانی دەگاتە ئەو پەڕو لە هەموو ئێشو ئازاری -ئادەمیزادێك- لێك دەداتەوەو لەم بەراوردکردنە قوولو ئەم دەربڕینە سادەیە :

«سەیری ئەم ئادەمیزادە قاچەکانی چۆن لێك کشاونەتەوە ! قاچێکی بالدارەو لە سەر مانگەمەریخدا دەفڕێ : قاچێکی ماسییەو لە خوێنی خۆیدا مەلەدەکا » ل٦٢ ناسینەوەوڕاست کردنەوەو دۆزینەوەی نهێنیەکان زۆر زەحمەتن ، بەڵام هەرچەندیش زەحمەت بن (مستحیل) نین . بۆیە مرۆڤ دوای ناسینو گرێ کردنەوەو ڕاست کردنەوەی دەبێ عەشقی ماچێکی گەرمی لێوی ئامانجەکە بێت، عەشقو گەیشتن بە لێوی ئامانجیش هەرگیز بێی ناسینو (ئازایەتی یەکە) نابێ ، بۆیە دەبینین چۆن دەڵێت :

« گرێی نهێنەکانم کردوونەوە
ئێستا لە خۆشەویستیت ئاگرسێم »

شاعیر دەیەوێت « گوندە» کەیمان پێناسێتو چاوی بڕ لە ئەئینی ئاوایە فشتەکەیمان بە کزنگی بەنایەکی شیرین شادبکاو مەزیو هەراشیدڵوخواستی خەڵکەکەش بلێ :

« هەموو بەرە بەیانیەك
لە ناو چاوی کۆڕپەکاندا ،دێیەکەم
لە خەو هەندەستی
وەبزەی شادی لێوەکانی دەخاتە هەڵپەرکێو سەما»ل٦

با ئومێدی تارمایەکە لای شاعیر دەبێ بە گزنگی خۆری هیوای بڕەوێتەوەو وەك لە خەو هەستانی دێبەکەی لە ناوچاوی کۆڕپەکاندا ...

بڕیاردان لەسەر هەر کارێکی ئەدەبیو هونەری وەنەبێ شتێکی موتلەق بێ چونکە ٢ × ٢ نیە لە هەموو دونیا یەك ئەنجامی هەبێتو هەوەسو ئارەزووی هیچ کەسێك کاری تێنەکات ، بەڕای من بڕیاردان لەسەر کارێکی ئەوتۆ دەبێ پێشەکی ڕەچاوی لایەنە سەرەکیو بنەڕەتیەکانی بکرێت من ناتوانم و نامەوێت ئەوە ڕێگایە بدەمە خۆم کە شیعرەکانی (بارانی پەلە هەورێکی کۆچەری) هەموو وەکو یەك لە یەك ڕادەی سەرکەوتن دانو بەلکو شیعرێکی وەکو (نەخشە)ل٤٢ لە سادەییو درێژ دادڕیدا . لە بال (بەنجەرەی شیعر) ل٣٧، یا (پردێ ناسۆ) ل٢٢ یا (شەیدایی) وەکو لوتکەو سێبەرەکەیەتی یا لە شیعری (کەناوی تۆ زەنگ لێدەدا) ل٢٠ هەندێ کزیلەو بەشی (پەلەك سەوزە) لە جڕی گەلێ شیعرەکانیتر سادەتر نیشان دەدەن ... بەڵام من وای تێدەگەم نە (دیوانێکی شیعری) یا ڕاستر بلێم نە شاعیرێك بەتاقە شیعرێك دەبێتە شاعیر نە لە شاعیریەکەشی دەکەوێت (مەبەستم لایەنەهونەریە کەیە).

بەڵام گرنگ هەموو ئەو شتانەیە کە ئایا لە شاعیریەتیا یا لەم (دیوانەیا) چی بەچی کردوەو چی تازەی تیایەو چی گۆڕانێکی تێدایەو .... تاد .

چونکە شتێکی ئاسایە لە دیوانێکا شیعرێکی لاواز بدۆزینەوە وەك چۆن لە شیعرێکا ئاسایە چەند دێرو وشەی لاوازو ڕەکیك و ئرێت بدۆزینەوە . بەڵام ئەوەی دەبێ لێرە دوویاتی لە سەر بکەینەوە ئەوەیە کە شیعر بۆ ئێمەو ئەم شوێنە دەبێ بۆ هەموان بێتو شیعر ئابن زولف دارو ماکیاج بکرێت ، دەبێ ئێمە هەموو لە شیعر بگەین ، بەڵام کاتێك تێدەگەین کە ئەو لە ئێمە بگات ، من زانیم ئەلفو نوێکی قافیەی شیعر ببنە عروانیی شیعر ... نا نەخێر ناشلێم سادەییو ڕۆتیو وشکیو بێبنە ئەوەی لە قسەیەکی سەرزارەکی بتر نەبێت و یا ببێتە ڕاپۆرتێکو بەس ، کە گوترا شیعر بەمانای وشە دەبێ شیعرایەتی خۆی بسەلمێنێو بە پێی گۆرانەکانی کۆمەڵیش ئەویش بەشونما بکاو پەرەبستێنێ ، چونکە کەر وانەبور هێشتا چلەی نەچووەو (ئەمری خوا بەچێ دێنێ) و یا دەبێتە مەتەڵو هەریەکە بە جۆرێك هەڵدینێو کە ئەمەشیان هەر بۆ خۆیەتی ئەمەك بۆحەڵك واتا (شیعرەکە هەر لە پێناو شیعرە) ! وەك نویسێکی ڕەخنەگرانەی تایبەتی بە (بارانی پەلە هەورێکی کۆچەری) ئەو نوسینەم نادەمە قەلەم. هێندەمەیە باری سەرنجی حزمم دەربڕیوە دەربارەیو لەگەڵ چەند لایەنێکیتر دەربارەی شیعر ، شاعیریەتی کاك کەمالو دیوانەکەش گەلێ زیاتر لەو نوسینە بە خۆوە هەڵدەگرنو هیوای سەرکەوتن بۆ کاك کەمالو هەموو دڵسۆزێکی تری وشەو بیری پاکی کوردی .

بەرەی نیشتمانی (پاشماوە)

سەرکەوتنی عەرەب لە ماوەیەکدا هەوڵو تەقەلای دوژمنان ئینی ساندووە بۆ چەسپاندنی خەتی هەڵاتویو تێك شکانو ڕاکێشانی ئەتەوەکە بۆ شوێنی خۆ بەدەستەوەدانو چاو پۆشی کردن لە مافو بەرژەوەندیە ئەتەوایەتیکان بۆ چاکەی دوژمنانیو دوژمنانی هەك بوونو سەربەستیو پێشکەوتنی بەیەك گەیشتنی بەغداو دیمەشق ڕابەرێتیکی ئەتەوەیی بوو ئەتەوەکەمانی خستە سەر هێڵی خۆ ڕاگرتنو بەرەو ڕوو وەستانو ڕابەرینو بەزاندنی هەموو هۆکارانی بەزینو کورتبووش بردنو خۆ بەدەستەوەدان ، ئەو یەك بیونەی ئیرادەی تێکۆشەرە شۆڕشگێرە ئەبەزەکان دروستی کرد لە هەر دوو وڵاتی برادا عیراقو سوریا ئەوە یەك بوونێکی تێکۆشانی جارە نووسیەبە ئالای ڕزگاریو پێشکەوتنی عەرەب بڵند دەکاتەوەو خەتی خۆ ڕاگرتنو تێکۆشانی دژ بە ئەخشەکانی ئیمپریالیزمو زایونیزم بەهێز دەکاتو ڕێگانمایی سەرکەوتنی ئەتەوەکەمان دەکات ، لە بەر ئەوە ئەم یەك بوونە سەقام گیری هیواو خواستی هەموو جەماوەری عەرەبی کردو بۆتە زامنێکی ئئستاو پاشە ڕۆژی .

بەرەی نیشتمانی ئەتەوەیی پێشکەوتنخواز لە عیراقدا وە بە ناوی هەموو هێزو پارتەکانو پیاوە نیشتمانیو دیموکراتیو ئەتەوەیی پێشکەوتنخوازەکانەوە کە لە چوار چێوەکەیدا یەك دەگرن سلاو لە پێك گەیشتنی بەغدای یەك بوون خوازی میزوویی دەکات وشایەتی بەو ئەنجامە گەورانەی ئەدات کە لێی وەشایەوە ، بەرەکە دوو پاتی دەکاتەوە کە بە یەك ڕێزی تێکۆشانی یەك گرتوو ڕادەوستێت بۆ بەرگریی کردن لە ڕێبازی یەك بوونو بارێزگاری کردنی ئامانجەکانیو بەهێز کردنی هەنگاوەکانیو پشتگیری کردنی هەموو کردارێك کە لە ڕێکایەوە بکرێت .

هەر شەکاوە بێت ئالای یەك بوونی عەرەبمانو بەردەوام بێت ڕێبازی خەباتی شۆڕشگێرانەمانو دووپات بێت ئیرادەی ئەم ئەتەوەبەمان کە دەست لە مافی خۆی بەر نادات کە لە ڕتگای ئامانجەکانیدا تێدەکۆشێو سەر بڵندە بە کەلەپوورو قیمەو میژووەکەیەوە .

هەر بۆ پێشەوە لە پێناوی سەرکەوتنی گەورەو مەزنتردا لە ڕێگای وەدی هێنانی ئامانجی تێکۆشانمان لە یەك بوونو سەربەستیو سۆشیالیستدا .

سکرتاریەتی گشتیی بەرەی نیشتمانیو نەتەوەیی پێشکەوتنخواز لە عیراقدا

شانۆگەری پەروانە ((پاشماوە))

کاتە ناسۆ زۆرتر ترسنۆکو ڕاڕا خۆی دەر ئەخست باخود

● هەڵ هاتنی ڕۆژی چواردەی گەلاوێژی ١٩٥٨ زۆر کتوپڕو بێ پێشەکی شیاو بوو ، ئەو زیندانەو هەڵوێستی زیندانیەکان بۆ پێشەکی هەڵهاتنی ڕۆژی شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژ نە ئەشیا ، چونکە شۆڕشێکی هەڵتەکێنەری ڕژێمێکی بەر چەشنەی هەمووان ئەیزانن وا بەو ئاسانیەو تەنها لە زیندانێکی واوەو وایەکسەر بە ئەنجام نادرێ .

● ناونیشانی شانۆگەریەکە پەروانە بوو پەروانەش دڵسۆزیو خۆبەخت کردنە لە ناخو دەرونو گردەوەدا ، بەڵام ئێمە شتێکی وامان لە ئازایەتیو خۆبەخت کردن ودڵسۆزی لە زیندانەکەدا نەدی تەنها مردنە بێدەنگیەکەی حسین نەبێ کە ئەویش زۆر تەومژاوی بوو بێ گومان ئەبێ ناونیشان لە ناودرۆکدا هەڵبژێریو لەوێوە بەدی بکرێ ، بەڵام لێرەدا وانەبوو .

● ئەمانەو گەلێ تێبینی ترم هەبوون بەڵام یەك دوو ڕۆژ دوای چونی من بۆ شانۆگەریەکە برایانی هەڵسورێنەری بەرهەمەکە هەندێ ئاڵوگۆڕیان تیا کردبوو هەندێ لە تێبینیەکانی منی تیا بوو .

● لەکۆتایشدا ئەڵێم کارەکەیان کارێکی بیرۆزوو چاك بوو ، چونکە هیچ بەرهەمێك بێ هەوڵو کۆششو خۆ هیلاك کردن نایەتە بەرهەمو هیچ کارێکی هونەریش بێ کەموکوڕی نابێو لە ١٠٠٪ پاکو پوخت نابێو هیوادار یشم خاوەن پەیوەندیەکان دڵیان هیچ نەکا چونکە هەموومان مەبەستمان پێش خستنو سودی گشتی هونەری نەتەوەکەمانە بەرەو دوارۆژێکی ڕووناکی پێشکەوتوو .

● **لە ڕاستیدا هونەرمەندی دەرهێنەر لە دەلیلی شانۆگەریە وتەیەکی جوانی نووسیبو کە وتبوی .**

+ دەربارەی هەموو بەشەکانی هونەر ، هونەری شانۆگەری لای ئێمە لای گەلان گەلێ وتراوەو دەوترێ. ..لێرەدا من وەك دەرهێنەرێك شتێکی ئەوتۆم بێ نیە بیڵێم لەو زیاتر کە .. یەکەم - ببنەرانی خۆشەویست سەرنجك بکەملەم بەردەورو بوونەوەیەدا لە گێنگلێ ئێمە تێ بگەن .

دووەم ئەم بەرهەمی بەروانەبە پێشکەش بکەم بە چوار پەروانە نازدارەکەی هونەری کوردی (کارزان ، ڕێبوار ، ئازد کە سوتاندنیان نەخشەی پاشە ڕۆژێکی ڕوناکی بۆ نەوە پەروانە ئاساکانی ئێستاو لەمەو دووامانی ...

● ئەمە وهیوای پێشکەوتنی زیاتریان بۆ ئەخوازین.

بۆزانین

لە پرۆژەکانی نەخشەی پەرەپێدانی نەتەوایەتی - بەرنامەی ڕەنێوهێنان - ئەمبنداریەتی گشتی کاروخانەسازی- قۆنتەراتی نهێنی ژمارە ٨-٧٩ بۆ دروستکردنی نەخۆشخانەی زاخۆ کە (١٠٠) سەد قەرەوێلە بگرێتەوە، کاروباری فەسڵی ٣٦ی مادەی ٣ی زنجیرە (٢٤) ی لە بەرنامەی ساڵی ١٩٧٩ . لەبەر ئەوەی تا ئێستا هیچ قۆنتەراتچیەك پێشکەش ئەم قۆنتەراتەی نەکردووە بڕیارمان‌دا سارلەنوی بۆ زانینەکە دووبارەبکەینەوە وبەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە :-

ئەتوانرێت کۆمەلە ئیسنمارەی مەرجەکانی قۆنتەراتەکە لە مەڵبەندی ئەم بەرێوەبەرێتیە یاخود لە بەرێوەبەرێتی کاری پارێزگای دهۆك بە (٣٠) سی دینار دەستبکەوێت کە نادرێتەوە بە مەرجێك قۆنتەراتچی- مەرجە گشتیو مواسەفاتە هونەریەکان بکرێ کاتێك قۆنتەراتەکەی ئەکەوێتە ئەستۆ .

٢ - دوا ماوە بۆ پێشکەش کردنی تەندەرەکان لە یاپێش کانژمێری دوانزەی نیوەڕۆ ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٩-٧-١٩٧٩ ئەبێ ئەدرێ بەسکرتێری لێژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لە مەڵبەندی ئەم ئەمینداریەیەتەدا .

٣ - ئەمانەی خوارەوە ئەبێ لەگەڵ تەندەرەکاندا هەبن:-

أ - بارمتەی سەرەتایی بە پانزە هەزار دینار لە شێوەی کەفالەتی بانق یا لەشێوەی چەکێکی مۆرکراو بێت بۆ ماوەی شەش مانگ بەکار دێت لە ڕۆژی داخستنی قۆنتەراتەکەوە .

ب - پێناسی تووری بازرگانی لەگەڵ بەڵگەنامەیەکدا کە لە باجی داهاتەوە دەرچوویێتو بۆ ئەم ساڵ تازە کرابێتەوە .

ج - بەرنامەی ئەو کارانەی لەمە دەچن .

د - پێناسی پلەی قۆنتەراتچیەکان (پلەی حەوتەم) هەتا قۆنتەراتچی بتوانێ لە قۆنتەراتەکە بەشداری بکات بە پلەی کە نە پلەی خوی بەرزتر بۆ .

٤ - هەر تەندەرێك لە کانی دیاری کراوی خۆی پێشکەش نەکرێ یا هەموو مەرجەکانی تێدا نەبێ پشت گوێ دەخرێ.

٥ - ئەم بەرێوەبەرێتیە بەوە وەیا بەند نیە نزمترین تەندەر لە ڕووی نرخەوە یا هەر تەندەرێکیتر قبوول بکات .

٦- هەر ڕۆژێکی دواکەوتنی کار (٥٠) پەنجا دینار سزا ئەدرێ .

٧ - ماوەی بەجێهێنانی تەندەرەکە شەش مانگە لە ڕۆژی پێشکەش کردنی تەندەرەکان .

٨ - پێویستە قۆنتەراتچیەکان نەخشەکان لەگەڵ تەندەرەکانیاندا بهێننەوە ، نەخشەکانیش تەنها ئەدرێتە ئەو قۆنتەراتچیەی کەوا قۆنتەراتەکەی بۆ دەرچووە .

٩ پێویستە قۆنتەراتچی پولیکی (٢٥٠) فلسی بە تەندەرەکەوە بلکێنێت .

١٠ - تەندەرەکان ئەگەر ناخرێتە ناو زەرفێکی داخراو پشت گوێ دەخرێ .

١١- لە بەجێهێنانی قۆنتەراتەکەدا پشت بە مەرجە گشتی یەکانی کاروباری ئەندازیاری بە هەردوو بەشی یەکەمو دووەمیەوە ئەبەسترێت .

١٢ - هەر سڵ کردنەوەیەك لە نێو تەندەرەکەوە لە لایەن قۆنسەراتچی بنووسرێت ڕەفز دەکرێت وپشت گوێ دەخرێت .

١٣ - پێویستە قۆنتەراتچی کاتێك قۆنتەراتەکەی ئەکەوێتە ئەستۆ عەمبارێك یا چەند عەمبارێك بۆ پاراستنی چیمەنتو ئامادە بکات .

١٤ - پێویستە قۆنتەراتچی کاتێك قۆنتەراتەکەی دەکەوێتە ئەستۆ ئەندازیارێکی سەربەشتی کەر دابنێتو بە دەوامێکی تەواو ئیش بکات ، هەروەها بەکار هێنانی هەمە جۆری شارەزایی هونەری لەو ئەندازیارانەی کە خاوەن پسوون بۆ جێبەجێ کردنی بڕگەکانی تروبەپێی پێویستی یەکانی پرۆژەکە .

محمد محی الدین شریف
و - ئەمینداری گشتی کاروخانەسازی

کوتایی هاتنی ئیش‌وکاری کۆنگرەی کاری جیهانی

جنێف - ٢٧ - ئا . د . ع

کۆنگرەی کاری جیهانی لە کۆشکی نەتەوەکان لە جنیف ئەمڕو ئیوارە ئیش‌وکاری خۆی تەواوکرد ئەویش دوای کۆبوونەوەیەك کە سێ هەفتەی خایاند .

کۆنگرە لە ماوەی ئەم دەورەی (٦٥)ەیدا کۆمەڵێك بڕیاروئامۆژگاری داوە لەگەڵ مۆرکردنی گەلێکدا ڕێك‌کەوتن لە چوارچێوەی ئەوانەدا دانانی زمانی عەرەبی وەك زمانێکی ڕەسمی بۆ ئیش‌وکارە ڕەسمیکانی ڕێکخراوی کاری جیهانیو ئیش‌وکاری چاپەمەنیو ئەووەرگیرانانەی پەیوەندیان بە ئیشو کارەکانی کۆنگرەکانی ڕێکخراوەکەوە هەیە لەگەڵ لیژنە گشتی‌یەکانو ڕاوێژکارێکان کە پتر لە دوو ئەندامی عەرەب بەشداریان تیدا دەکات .

کارگەی خستنە ((پاشماوە))

نوێی کردەوە ئەویش بۆ بەرهەمی سەوزە کە بە ئاوی تەماتە لێ نراوە وەکو باینجانو بامێو فاسولیای تەڕ یا هەندێکی بە ئاوی خوێی دەکولێنرێو دەخرێتە قووتو وەك باقلەو بەزالیا لە ساڵی ١٩٧٨ کارگەکە هێڵی دۆشاوی تەماتەی ناو شوشەی کردەوە کە لە کارگەی شوشە لە ڕمادی دروست دەکرێ .

دەربارەی دۆشاوی تەماتە - بەرێز بەرێوەبەری هونەری کارگەکە دەڵێ : دەکرێ بە چەند بەشێکەوە :

بەرهەمی دۆشاوی تەماتە لە لای ئێمە بە پێی وەرزەو ئامادەکردنی تەماتەی چاك بۆ کارگە کە بەزەحمەت دەتوانین دەستکەوتنی زامن بکەین لە ساڵێکدا دوو مانگو نێوانەبێ لەگەڵ ئەوەشدا لە مانگەکانیتردا کارکردن بەردەوامە بۆ خستنە ناو دۆشاوی تەماتەی خەست کە لە دەرەوە دەهێنرێ دوای شل کردنی خەستی‌یەکەی ئەخرێتە ناو شوشەی تایبەتی .

● **ئاو بۆ ئێمە وبۆ هاوڵاتی‌یانە**

بەرێز بەرێوەبەری هونەری بەردەوامە لە لێدوانەکەیدا دەڵێ ئێستا کارگەکە بەرهەمێکی یەکگرتووی تەواوی بۆ دروستکردنی قووتوی بەتاڵ هەیە کە لە ساڵی ١٩٧٦ دا کراوەتەوە بەسەرکەوتوویی پێویستی کارگەکە بەجێ دەهێنێ زیاد لەمەش پێویستی کارگەکانی تری خستنە ناو قووتو لە وولاتدا ڕادەبەرێنێ دەربارەی یەك بوونی بڕۆژەی کارگەکە ڕای‌گەباند لەم دوایدا کارگەکە توشی گیروگرفتی کەم ئاوی بوو ، کە هۆیەکی بنەڕەتیو کاریگەرەو بۆ بەردەوام بوونی بەرهەم ئەمەوای لێ کردین ناچار بین بین لەوە بکەنەوە مەڵبەندێکی مەرکەزی بۆ پرۆژەی ئاو دروست بکەین و پێویستی کارگەکە دەست بخەین و ئەوەی زیادەبە بۆ پرۆژەکانی کەرتی ڕۆژئاوایی لە شاری بەعقوبەدا دەکێشرێ .

ئێستاش لێکولینەوە ئەکرێت بەرێکخستن لە گەڵدامو دەزگاکانی پارێزگای ناوبراو بۆ فراوان کردنی ڕابەڵی ئاو بۆ ئەوەی فراوانترین پانتایی لە لایەنی ڕۆژهەڵاتی شارەکە بگرێتەوە.

● **چاکترین خزمەت‌گوزاری بۆ کرێکاران**

ئەوەی پەیوەندی بە لایەنی خزمەت‌گوزاری‌یەوە هەیە کارگە کە بۆ کرێکارانی ئامادە دەکا بەرێز بەرێوەبەری هونەری پێی ووتین کە چێشتخانەیەکی بێ هاوتایان هەیە چەند ژەمی خواردن بە نرخی ١٥٠ فلس پێشکەشی کرێکار دەکرێ ، ئەوەی شیاوی باسە وەزارەتی پیشەسازی (١١٠)ی فلسی خواردنەکە دەگرێتە ئەستۆی خۆی ، کرێکاریش تەنها ٤٠ فلسی دەداو یا بە ئارەزووی خۆی دوای لە کرێکەی دەبڕن ..

Institut Kurde de Paris

کردنەوەی کتێبخانەی ((پاشماوە))

دەستو دایەرەکەی دەربەدەربوونو هەموو شتێکیان بەجێهێشت ، ئینگلیزی داگیرکەریش دەستی ناپاکی وەساندو زۆربەی ماڵە کانیان تاڵان کرد ، ئەو کتێبانەی لە ماڵە شێخەکاندا بوو کەوتە بەر لافاوی ئەو تاڵانە ناهەمواوە ، هەموو کتێبەکانو کەلێ شتی تریش لە بەردەم مزگەوتی گەورەی ئیستادا کۆکرانەوە ، پیلانێکی ئەوتۆی بۆ دروست کراوە کە بووە تە هۆی سووتاندنی ئەو کتێبانەو هەموویان بوون بە خۆراکی ئاگر ..

(مامۆستا ناجی مەعرووف لە لاپەڕە (٦٠)ی کتێبی (تاریخ علماء المستنصرية) ، چاپی بەغدا ، ١٩٦٥ دا لە باسی کتێبخانەی (مستنصریە)دا ئەڵێت : - نزیکەی (٠ دەهەزار) کتێبی تیابوو کە لەسەرچاوەدا هەر ناویان ماوە، کە هۆلاکۆ بەغدای وێران‌کرد زۆربەی سووتاندنو ئەوانی تری برد بۆ (مەراغە)و کتێبخانەی (الرصد)ی دانا ، ئەمەش ئیستا فەوتاوە ، ناجی عەباس ئەڵێت : لەو هەموو کتێبانە تەنیا دوو کتێب ماوە ئەویش لە فەرەنسا پارێزراوە ..)) ..

کەچی لە کتێبخانەی ئیستای گشتی ئەوقافی کتێبخانەی بابانەوە نزیکەی هەژدە کتێب ماونەتەوە کە لە خەزانەی کتێبخانەی عەباسی‌یەکاندا بووەو ، لەسەر بەرگی کتێبەکان نووسراوە : لە خەزانەی فلانە خەلیفەی عەباسی‌دا بووە ، ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ کە بابانی‌یەکان یەکجار تینووی کۆکردنەوەی کتێبی دەستنووس‌بوون لە سەرانسەری جیهاندا ، بێ ئەوەی گوێیان دابێت بە جیاوازی نەتەوە .

خانووی تازەی کتێبخانەکەمان ئەکەین کە (١٢٠ هەزار) دیناری بۆ تەرخان‌کراوە ، بە تەواوبوونی ئەو بینایە ئەکوێزینەوە ئەوێ . ئەمجا وتی :-

کتێبخانەکەمان لە کاتژمێری هەشتی سەر لە بەیانی کراوەیە تا کۆتایی دەوامی ڕەسمیو خوێندەوار ئارەزووی هەر کتێبێکی هەبێت ئەتوانێ ماوەی هەفتەیەك لای بمێنێتەوە بەڵام بە نیسبەت گۆڤارەوە لە دوو ڕۆژ بەولاوە زیاتر ناتوانێ لای بمێنێتەوە . دەربارەی وەرگرتنو بینینی دەستنووسەکان وتی :-

دەستنووسەکان نابرێنە دەرەوەی کتێبخانە تەنها بۆ مەبەستی (زانستیو لێکۆڵینەوەو پێویست) پیشان ئەدرێن ، لە کۆتاییدا وتی :

ئێمە ئامادەین بە هەموو شێوەیەك هاوکاری لەگەڵ خوێندەواران‌دا بکەین‌و بارمەتیان بدەین بە هیوای ئەوەی سوود بە هەموو لایەك ببەخشین‌و کتێبخانەکەمان ببێت بە نموونەی کتێبخانە پێشکەوتووەکانی جیهان ..

ڕێز لێنان ((پاشماوە))

٥ - بەرێز ممتاز الحیدری بەرێوەبەری نوسینگای عێراق لە هەولێر .

٦ - بەرێز عبدالغنی یحیی.

٧ - بەرێز حسام داود .

٨ - بەرێز عبدالخالق عبدالقادر .

٩ - بەرێز سەرفراز علی النقشبندی .

١٠ - بەرێز ضیاء عبدالامیر

١١ - بەرێز مفدبد سوران .

١٢ - بەرێز نشأت محمد صالح .

١٣ - بەرێز عزالدین شریف .

١٤ - بەرێز ظاهر محمد .

١٥ - بەرێز علی جوکل بریە .

● دوای ئەوە بەرێز عبدالغفار عبدالقادر الصائغ ئەمینداری گشتی ڕۆشنبیریو لاوان خەڵاتی دا بەدائیرەکانی ڕاگەیاندن لە ناوچەکەدا وەکو

١ - نووسینگای ئاژانسی دەنگوباسی عێراقی لە هەولێر .

٢ - ئیستگەی هەولێر .

٣ - نووسینگای ئاژانسی دەنگوباسی عێراقی لە سلێمانی .

٤ - نووسینگای ئاژانسی دەنگوباسی عێراقی لە دهۆك .

● دوای ئەوە ڕۆژنامە نووسانی ناوچەی کوردستان دەستی ڕێزیان خستە سەر بەرێز عبدالغفار عبدالقادر الصائغ ئەمینداری گشتی ڕۆشنبیریو لاوان کە ماوەیەکی زۆر لە تێکۆشانی ڕۆژنامە نووسی نهێنیو ئاشکرادا ئیشی کردووەو خەڵاتیان پێش‌کەش کرد .

● لیرە مامۆستا عبدالغفار الصائغ ووتی :-

× زۆر خۆشە مرۆڤ خۆی هیلاك بکاتو پاداشتی هیلاکیەکەی لە شوێنی خۆیدا وەرگرێتو ئێستا من هیلاکی ٢٨ ساڵەی ڕابووردووم لە بیر چۆتەوە کە دەستی ڕێزم لێ نراو خۆشو شادی ڤێبۆ هەموو ڕۆژنامە نووسان ئەخوازم .

● ئینجا هونەر مەند کریم خەندەیی ئاهەنگەکەی جارێکیتر ڕازاندەوە بە گۆرانیە خۆشەکانی .

ئەم کاتەت باش

ئافرەتو هونەری تەشکیلی

● ناوی « **لیلی اسماعیل حمد** » ە و ساڵی ١٩٥٦ لە سلیمانی لە دایك بووە ، لە دووا پۆلی قوتابخانەی ئامادەیی بازرگانیە ، لە ساڵی ١٩٧٢ وە دەستی داوەتە هونەری تەشکیلیو جەندان تابلۆی جوانی کردوە، لە پیشانگاکانی قوتابخانەداو چالاکی هونەری سلیمانی بەشداری کردوە ٠

● بۆ تابلۆکانی دیمەنی سروشتیو رووداوەکانی ژیانی رۆژانە هەڵدەبژێری ٠

● هونەرمەند اسماعیل خەبات بە مامۆستایەکی بەهرداری هونەری تەشکیلی کوردی دەزانێ ٠

● وەك وتی : حەز دەکەم زیاتر لە تابلۆکاندا رەنگی قاوەی زۆر بە کار بێنم، چونکە لە رەنگی خاکەوە نزیکە٠

● هیواداره لە دوا رۆژدا بتوانێ پێشانگایەکی تایبەتی بۆ بەرهەمە هونەریەکانی خۆی بکاتەوە ٠

دیزلینان لە

رۆژنامەنووسەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی

● **بە بۆنەی جەژنی ١١٠ ساڵەی رۆژنامە گەری عێراقیەوە ئەمانەتی گشتی رۆشنبیریو لاوانی ناوچەی کوردستان ئاهەنگێکی قەشەنگی ساز کرد بۆ رۆژنامە نووسەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمیو بەرێزان احمد عبدالقادر سەرۆکی ئەنجومەنی راپەراندنو هاوێ رازگری سەرکردایەتی لقی ژوروی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستو ئەمینداره گشینەکانو جەماوەرێکی زۆر لە بانگ کراوان ئامادە بوون ٠**

● سەرەتا ئاهەنگەکە بەو وتارە بە نرخەی سەرۆکی تێکۆشەر کاك احمد حسن البکر کە لە بەغدا ئیوارەی ٦/١٥ بۆ رۆژنامە نووسەکانی ولاتی پێشکەش کردوو لە جیاتی ئەو بەرێز سعد قاسم حمودی وەزیری راگەیاندنو نەفیبی رۆژە نامە نووسەکانی ولات خوێندیەوە ٠ دوای ئەوە وتاری نەقابەی رۆژنامە نووسانی ولات خوێنرایەوەو تیایا ئەوە دووبات کرایەوە کە رۆژنامە نووسانی ولات هەمیشە بەکار بهێنن و هەمیشە سەربازی نەناسراوین بۆ بەردەوامی وشەی پرشکدارو بابەخدار بە دووا رۆژی چاکتر بۆ گەل و ولاتمان ٠ **دوای ئەوە بەرێز عبدالغفار الصائغ ئەمینداری گشتی رۆشنبیری ولاوان وتاری ئەمانەتی گشتی خوێندەوەو تیایدا دەوری رۆژنامە نووسی نیشتمان پەرەوەرو دلسۆزی ئەم**

ئامادەن پێنووسەکانیان لە پێناوی سەربەستیو رزگاریدا

پر بایەخی خوێندەوە کە تیایدا وتی : ـ

(لە سەر ئێمە پێویستە دلنیاتان بکەین کە ئەدیبی کورد لەو جێگایە دەوەستێ کە پێویستە لێوەی بوەستێ ، ود جێگای برایی و متمانەی ئەلی کورد بە تایبەت وکەلی عیراقیو دلسۆزی نیشتمانەکەیەتی دەنا ئەگەر وانەبێ ئەوە دەبێ پێ لەوە بنێین کە ئێمە حەقی

خاتەی روون کردەوەو دەستی **خستە سەر ئەو خالانەی کە ئەکەوێتە سەر شانی رۆژنامە نووسانی ئەمرۆی ولات بۆ خزمەت گوزاری دەستکەوتەکانی حزبو شۆرش ٠ هەروەها وتی :**

× ئێمە رۆژنامە نووس ئەبێ ئەو رۆژانەمان لە بیر نەچێ کە رۆژنامە نووس بە هەوەسی خەڵکیو داواکاری پیسی ئیستعمارو بەکرێ گیراوان وتارو نووسینەکانیان ئەنووسیو ئەبێ ئەو رۆژانە بەراورد بکرێن لە گەڵ ئەمرۆدا کە لە سایەی میری نیشتمانیەوە رۆژنامە نووس سەربەستەو بە هەوەسی خۆی کاروو بارەکانی رۆژنامە نووسی خۆی رێك ئەخاتو قەڵەمەکەی بۆ سودی نیشتمانو گەل هەڵ ئەسورێنێ ٠

● دوای ئەوە هونەرمەند کاك کەریم خەمزەیی ئامەنگێکی گۆرانی پێشکەش کرد ٠ و ئینجا چەند سلایدێکی رەنگاورەنگی ناوچەی کوردستان نیشان درا کە بە راستی جێگای سەرسورمانی ئامادە بووان بوو ٠

● ئینجا دەست کرا بە دابەش کردنی دیاریەکان بە سەر رۆژنامە نووسەکاندا کە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی راپەراندنو ئەنجومەنی یاسا دانانو ئەمندارییەتی گشتی رۆشنبیریو لاوان هاوبەشیان تیا کردبوون ٠

سەرەتا بەرێز احمد عبدالقادر سەرۆکی ئەنجومەنی راپەراندن دیاری دا بەم رۆژنامە نووسانە ٠

١ ـ محمد امین محمد احمد ئەندامی دەستەی ئیمتیازی رۆژنامەی عێراق ٠

٢ ـ مامۆستا شاکر فتاح .

٣ ـ مامۆستا عزالدین فەیری ٠

٤ ـ بەرێز محمد سعید عبدالرحمن سکرتێری نووسینی گۆڤاری ئۆتۆنومی ٠

٥ بەرێز هۆشیار احمد بەرێوەبەری نووسینگای ئاژانسی دەنگوباسی عێراقی لە هەولێر ٠

٦ ـ بەرێز بەشارەت فاتح محمد .

٧ ـ بەرێز مەیسون یاسین ٠

٨ ـ بەرێز هیوا النقشبندی پەیامێری ئاژانسی دەنگوباسی عێراقی لە سلیمانی ٠

٩ ـ بەرێز قەیس حمام پەیامێری ئاژانسی دەنگوباس عیراقی لە دهۆك ٠

١٠ ـ بەرێز صدیق علی پەیامێری رۆژنامەی عێراق لە دهۆك ٠

● دوای ئەوە بەرێز مزبان خضر هادی رازگری سەکردایەتی لقی ژوروی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست خەڵاتی دا بەم رۆژنامە نووسانە ٠

١ ـ کمال محمد امین پەیامێری ئیستگەی بەغداو رۆژنامەی جمهوری لە هەولێر ٠

٢ ـحمە سعید حمە کریم فرج پەیامێری رۆژنامەی هاوکاریو ئیستگەی بەغدا لە سلیمانی .

٣ ـ بەرێز عبدالوهاب الجادر لیپرسراوی ئیستگەی هەولێر ٠

٤ ـ بەرێز مختار فائق ٠

بڕوانە : ل : ٧

ڕێ ڕەو

وەدی هێنانی رزگاریی تەواوی ئافرەت ، پێویستیەکی شۆڕشگێڕانەیە بۆ یەرەوپێش بردنی **ڕەورەوەی** پێشکەوتن بە وزەیەکی بەهێزتر ، ئەو واقیعەی کۆمەڵ پێیدا ئێپەر دەبێو ئەوبەرەنگاری بە جارەنووسیانەی دێتە رێگای ، هەرگیز رێگای ئەوە نادات کە جەماوەری ئافرەتان لەسنووری ئەرکەنەتەوا بەتێکان بە دەربن

هاوڕێ صدام حسین

چاپکراوی نوێ

گۆڤاری ئۆتۆنۆمی

ژمارەی پێنجەمی ساڵی چوارهەمی گۆڤاری « ئۆتۆنۆمی » کە ئەنجومەنی یاسا دانانی ناوچەی کوردستانی عیراق دەری دەکا لەم دوایەدا دەرچو . بەهەردوو زمانی کوردیو عەرەبیو لە پاڵ چەندان وتارو باسی بە کەڵكو گرنگدا چالاکیەکانی ئەنجومەنی یاسا دانانیو دەنگو باسی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بڵاو کراوەتەوە ٠

گۆڤاری رۆشنبیری نوێ

ژمارەی ٧٤ی گۆڤاری رۆشنبیری نوێ کە لەدەزگای رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی دەردەچی ، لەمدوایەدا کەرتە بازاڕەوەو بەچاپێکی هونەری قەشەنگو ناوەرۆکێکی پڕ لە باسو نووسراوی رۆشنبیریو بەکەڵك کە ژمارەیەکی چاك لە نووسەرو رۆشنبیرەکان بەشداربان تیاکردوە ٠

هونەری شیعر

لەم دوایەدا ، کتێبی هونەری شیعری « هوراس » بە کوردی دەرچو ، کە کاك حمید عزیز کردوویەتی بە کوردیو بریتیە لە ٥٦ لاپەڕەی قەوارە گەورەو پێشەکیەکەی وەرگێڕ کە باری سەرنجی خۆی دەربارەی باسەکەی « هوراس» وشیعرنیکرا تا دەربریوە ٠دوایی ژیانی هوراس لە چەند دێڕیکدا ، وەرگێڕانی ئەم جۆرە باسە گرنگو ئاکادیمیانە بۆ سەر زمانی کوردی هەنگاوی چاکەو پێویست بە پشتگیری دەکا ٠

پێناس

خۆرشیدە بابان

× یەکێکە لە ئافرەتە شاعیرەکانمان لە ساڵی (١٩٤٠)دا لە دایك بووە لە تەمەنی (٦)ساڵیدا باوکی کۆچی دوایی کردوەو لەبەر ئەوە ژیانی زور بەسەغڵەت بردۆتە سەر ٠

× تا ئیستا دوو کۆمەڵە شیعری هەیە :

ـ یەکەم کۆمەڵە شیعری کە بەناوی ـ دیاریو یادگارەوەیە لە ساڵی (١٩٦٩)دا چاپ کراوەو بریتیە لە (٨٢) لاپەڕە ٠

ـدووەم کۆمەڵەی بەناوی (تیشك) لە ١٩٧٠دا چاپ کراوەو بریتیە لە (٢١٨) لاپەڕە ٠٠

× هەڵبەستەکانی پڕن لە سۆزو گەرمیو باسی خۆشەویستی ولاتو جوانی ناوچەی کوردستان لە پاڵ سۆزی ئاوازی کوردیدا ٠٠

● سەرگول ●

یەکەم کۆری یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر

برایەتی کوردو عەرەب لە شیعری عەرەبیدا

سەرەتای مانگی رابوردو یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر کۆرێکی فراوانی ساز کرد بۆ مامۆستای شاعیر (محمد بەدری)دەربارەی (کوردستانو برایەتی کوردو عەرەب لە شیعری عەرەبی عیراقیدا) لە خچەکانی یانەی فەرمانبەران لە هەولێر ٠

لەم کۆرەدا جەماوەرێکی زۆر لە رۆشنبیرو خوێندەوارو ئەدەب دۆستانی شاری هەولێر ئامادە بوون ٠ دوای کردنەوەی کۆرەکە لە لایەن سکرتێری رۆشنبیری یەکێتی لقی هەولێر کاك (سامی شۆرش) بە خێرهاتن کردنی ئامادە بووانو برای موحازیر ٠٠ مامۆستا (محمد مەولود مەم) سەرۆکی یەکێتی نوسەرانی کورد لقی هەولێر وتارێکی بە نرخو

ئەوەمان نیە ئالای پێشخستنی نیشتمان بگرینە دەستو بەرز کردنەوەی بە خۆمەن بسپێرینو دەبێ بە بێ یەکیو دوو لەم مەیدانە بکشێنەوەو رێگا بدەین بۆ ئەوانەی لی یان دەوەشێتەوە ئەم ئالایە هەڵگەنو ئەم دەورە گرنگە بگێڕن ٠ هەر وەها ووتی ٠٠

ئەدیب ویژدانو زەمیری میللەتە ئینسانێکە بتر لەوانی دیکە رووداوی رۆژگار کاری تێ دەکاو موعاناتی بۆ پەیدا دەکا ٠

ئەوەیش بەو شێوەیەی خۆی هەلی دەبژێرێ دوبارەی دەکاتەوە ٠ وەپتر ئەنگوست لە سەر ئەو کەمو کوڕیانە دادەنێ کە کۆمەڵ بە هۆیانەوە ئازار دەخوا یان بە هۆیانەوە کامەران دەبێ ٠

دوایی ئەوەمامۆستامحمد بەدری دەستی کرد بەقسە کردنو پێش خوێندنەوەی موحازەرەکە چەند سەرنجێکی دەربارەی بوونی موحازەرەکە بە زمانی عەرەبی نیشان داو وتی :

بۆیە موحازەرەکەم بە زمانی عەرەبی نووسیوەتەوە چونکە بەبوەندی بەشیعری عەرەبی عیراقیبوە هەیەو ئەو نموونە شیعریانەی ئامادەشم کردوون بۆ مەبەستی موحازەرەکە هەر بە زمانی عەرەبین ٠

هەر وەها ئەوەشی روون کردەوە کە مەبەستی لە شاباني باسە ٠٠ کۆرەکە جێگای رەزامەندی دانیشتوان بوو بەلگەش بۆ ئەم راستیە بەشداری کردنی دانیشتوان بوو لە گفتوگۆو موناقەشە کردنی ناوەرۆکی موحازەرەکە لە رێگەی پرسیارو وەلام وتێبینیو سەرنجەوە ٠

ئەمەو کۆرەکە نزیکەی سەعاتو نیوێکی خایاند ٠

رێزان

جیهانی منالان

جوانترین منال

ئالان حسن

رەنج رؤوف

تاڤگە حسن

سوزان فاتح

ولید خالد

سروشت رؤوف

سەرنج لە گرەوی « جیهانی منالان »ەوە

منالە ئازیزەکان : لە ژمارەی رابوردوەوە ژمارەی گردوەکانی جیهانی منالان گەیشتە چوار گردو ، جا زمارەی داهاتوتر ئەنجامی گردوەکان بلاو دەکەینەوە . بۆ ئەمە ئاگاداربن ، دوای ئەوە ، دەست دەکەینەوە بە بەرچاو خستنی پرسیاری تر

سەرنج دەربارەی (جوانترین منال)

وەك بلاومان کردەوە ،دواماوە بۆ وەرگرتنی وێنەی جوانترین منال ، رۆژی ١٥ی تموزە ، دوای ئەوە ، هەر وێنەیەك بۆ ئەم گوشەیە گەیشتوە ، دەست دەکری بە هەڵبژاردنیانو ئەنجامەکەی لەجیهانی منالانەوە بڵاو دەکرێتەوە .

چیرۆك بۆ منالان

وێنە

شەوێ ئازاد لە خەویدا بو بە کۆتر گورج پشیلەیەك هاتو ویستی قەپ بە سەریدا بکا ٠٠٠

خێرا بوو بە دارێك ٠٠٠ لە پڕ پیاوێکی نەستووری بە تەورێکی گەورەوە لێی پەیدا بوو ٠٠٠ خەریك بوو لە تەنگەوە دابپاچی ٠٠٠ لە ترسا بوو بەکەروێشکێك و لە پەنای تاشە بەردێکدا خۆی مەڵاس دا ٠٠٠

روانی راوچیەکی چاو زیت رووی تاپڕەکەی لێ کردوەو نیشانی لێ دەگرێ ٠٠ شەلەژاو لە خوا پاڕایەوە رزگاری کا خواش کردی بە سوورە گوڵێك ٠٠٠

منالێك بەلای تاشە بەردەکەدا تێپەڕیو دەستی بوو سوورە گوڵەکە بڕد بیقرتێنێ ٠٠٠

ئازاد کە ترسا بوەوە بە منالەکەی جاران و ٠٠٠

منالەکە دەستی گرتو بەدوو قۆڵی کەوتنە گۆرانی چرین ٠٠٠

ـ لەتیف هەلمەت ـ

منالی ژیر

● **کاوە فائق عبدالواحد :**

بە یەکەم دەرچوو لە پۆلی شەشی سەرەتایی قوتابخانەی بیارە وەبۆ یەکی ناوندی ، تەمەنی ١٣ ساڵەو حەز دەکا کە گەورە بو ببێ بە ئەندازیار ٠

● **نەزیرە حمە کریم :**

بە یەکەم دەرچوە لە پۆلی چواری سەرەتایی قوتابخانەی سەید صادقی کجان پۆلی پێنجەم حەز دەکا گەورە قوتابخانەی تەواو کرد ببێ بە مامۆستا ٠

● **ماجد محمد امین ،**

بە یەکەم دەرچوو لە پۆلی یەکی ناوندیەوە بۆ پۆلی دوو تەمەنی ١٥ ساڵەو لە بیارەیەو حەز دەکا کە گەورە بو ببێ بە مامۆستا ٠

Institut kurde de Paris

یەکگرتنە چاوەڕوان کراوەکە کاریگەری شۆڕشگێڕانەی مێژووی یە

هاوکاری

« التضامن »

دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
مەیدانی الخلانی ـ شەقامی « الجمهوریە »
بەغدا ـ ص.پ ١٤٠١٦ تەلەفۆن ٨٨٧٥٧٩٥ ـ و خەت
« هاوکاری » رۆژنامەیەکی هەفتانەیە ساڵی ١٩٧٠
دامەزراوە

٨ لاپەڕە — ٢٥ فلسە

سەرنوسەر سعاد لدیب

● دووشەمە ٩ی /تەمووز /١٩٧٩ ژمارە ٤٨٢ ●

● الاثنین ٩ تموز ١٩٧٩ العدد ٤٨٢ ●

ئەوەکەتان بەدرێژایی مێژوو نەتەوەی ئاشتی و نەتەوەی پەیامبووە ، بەڵام هەروەها تەتەوەی شەڕکەربووە لەپێناوی ئاشتی و لەپێناوی پەیامدا .

سەرۆکی فەرمانده
احمد حسن البکر

رزگارکردنی فەلەستین بەرزگاری خۆد دەست پێ دەکا

باسکردنی پەیوەندی نێوان عراق و فەرەنسا

- لەسەر بانگێشتنی بەڕێز صدام حسین سەرەك وەزیرانی فەرەنسا گەیشتە بەغدا .
- ئالوگۆڕکردنی بیروڕا دەربارەی هەندێ مەسەلەی عەرەبی و جیهانی و باری سەرنجی عراق و فەرەنسا بەرامبەریان .

سەرلەنێوارەی رۆژی شەممەی رابوردوو بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە بارەگای تایبەتی خۆی لە ئەنجومەنی نیشتمانی پێشوازی ریمون باری سەرەك وەزیرانی فەرەنسای کردووە. لە چاوپێکەوتنەکەدا باسی پەیوەندی دوو قۆڵی و چۆنیەتی پەرەپیدانی بە جۆرێك چاکەی هاوبەشی هەردوو گەل و وڵاتی دۆستی تێدابێت لە هەموومەیدانێکداو ئەمودوستایەتیە بە هێزبکات کە ئێستا عیراق و فەرەنسا پێکەوە دەبەستێت .

هەروەها بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و بەڕێز سەرەك وەزیرانی فەرەنسا لە گرنگترین ئەو مەسەلە عەرەبی و جیهانیانەی ئەمڕۆیان کۆلیوەتەوە کە هەردوولا بایەخی پێدەدەن .

لە چاوپێکەوتنەکەدا دکتۆر سعدون حمادی وەزیری دەرەوە و بەڕێزان قاسم محمد احمد جێگری وەزارەت و بالوێزی عیراق لە پاریس و بالوێزی فەرەنسا لە بەغدا ئامادەبوون .

بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و سەرەك وەزیرانی فەرەنسا خو لێکدا گفتوگۆیان دەست پێکرد تیایدا باسی ئەو مەسەلانەیان کرد کە هەردوولایان بایەخی پێدەدەن .

هەروەك بەڕێز جێگر و بەڕێز ریموت بار بیروڕایان دەربارەی هەندێك مەسەلەی عەرەبی جیهانی ئالوگۆڕکردوە لەگەل نیشاندانی هەلوێستی عیراق و فەرەنسا بەرامبەر ئەو مەسەلانە سەرەڕای مەودای هاوکاری هەردوو وڵات لەگەل مەیداندا ..

لەگفتوگۆکەدا لەلایەنی عیراقەوەدکتۆر سعدون حمادی وەزیری دەرەوەو قاسم محمد احمد جێگری وەزارەت و هەندی لێپرسراوان بالوێزی عیراق لە فەرەنسا ئامادە بوون وەلەلایەنی فەرەنساو. ئەندامانی وەفدەکەی قەك بەڕێز ریمون بار وبەڕێز بالوێزی فەرەنسا لە عیراق ئامادە بوون . وەك ئاشکرایە سەرەك وەزیرانی فەرەنسا سەر لەنێوارەی رۆژی شەممەی رابوردوو لەگەل وەفدێكدا بەسەردانێکی رەسمی کە چەند رۆژ دەخایەنێت گەیشتە بەغدا بۆبەجێگەیاندنی ئەمو بانگێشتنەی بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کردبووی .

بەڕێزریمون بار پێشوازیەکی ڕەسمی بۆکرا کەبەڕێز صدام حسین و هەندێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و وەزیرەکان و کاربەدەستە مەدنی و سەربازیە گەورەکان تێیدا بەشدار بوو بوون .

فرۆکە جەنگاوەرەکانی سوریا فرۆکەکانی زایونی راودەنێن

بیروت ـ ه ـ ئا.د.ع :

یەکێك لە فرۆکەجەنگاوەرەکانی سوریای عەرەب ئەمڕو فرۆکەیەکی جەنگی زایونی راوناوە لەبەر ئەوەی لە ناوچەی ژوورووەو هاتبووەناو خاکی لبنانەوە .

نیراوی ئاژانسی دەنگوباسی عیراقی باسی ئەوەی کردووە کە لە ناوچەی ژوروی لبنان فرۆکە جەنگاوەرەکەی سوریا بینراوە کە فرۆکە جەنگیکەی زایونی لە دەوروبەری سەعات یەکو دەدەقیقەی پاش نیوەڕوی ئەمڕۆدا راوناوە.. فرۆکەکەی دوژمن کە چەند ساروخێکی ئاسمانی گرتبووە فرۆکە سوریایەکە لەبەر ئەوەی نەی پێکابوو ناچار بوو ڕوەو دەریا هەڵێت.. ئەوەی شایانی باسە ئەمە دووهەم جارە کە فرۆکەکانی سوریاو زایونی لە ٢٧ی حوزەیرانی رابوردۆوە بەروی یەکدا هەڵپرژێن کاتێك فرۆکەعەرەبێکان لەگەل فرۆکەی زایونێکاندا بەیەگیاندا دابوو.

بەڕێز صدام حسین لەوتوویژێکی نەتەوەیی رۆژنامە نووسی دا بۆگۆڤاری « دیرشبیگل » دووپاتی کردەوە

لەسەر کاربەدەستانی ئێران پێویستە خاك بدەنەوە بەخاوەنی

نەوتەکەمان بەو خەڵکە دەفرۆشین کە پێویستیان پێیەتی و کە ئێمەیش پێویستیمان بە پەیوەندی یەکەیان هەیە ..

بەغدا ـ ئ.د.ع: بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وتی ڕاستی سیاسەتی ئێران دەربارەی فەلەستین و عەرەب لەوەدایە کە سیاسەتی سەزنیخوازی و سیاسەتی ئازاردانی عەرەب دوورکەونەوەو پاشماوەکانی رابردوو بەم گیانەوە چارەسەر بکەن ، هەروەها لە قسەکردنێکی رۆژنامەنووسی ئەتەوەیی سەرتاپاگیردا بۆ گۆڤاری دێرشبیگل ئەلەمانی وتی ، بۆ ئەوەی لەمە دڵنیابین دەبێ حوکمڕانەکانی ئێران سەرزەمینی داگیرکراو بدەنەوە بەخاوەنی خۆی جێگری بەڕێز جگە لەمە وتی ئەو قسانەی کە کاربەدەستە ئێرانیەکان لە بارەی بحرین و سێ دوور گە عەرەبیە داگیرکراوەکانەوە کردویانە ، خراپن و ئەمە کارێکی بەدخوایانە یە کە خزمەتی ئێران ناکات .

دەقی قسەکانی هاوڕێ صدام حسین لە لاپەڕەکانی (٤،٢ ، ٥) دا بڵاو کراوەتەوە

نارەزایی عەرەب دژ بە هەڵوێستی رۆژئاوا بەرامبەر « ئوپیك »

دۆحە ـ ه ـ ئا.د.خ ـ ئا.د.ع

وەزیری دارایی ئەوتی قەتەر شێخ عەبدولعەزیز کوڕی خەلیفە ئال سانی نارەزایی بەرامبەر دەمار گرژی دەوڵەتە رۆژئاوایەکان نیشانداوەدەربارەی بڕیارەکانی ریکخراوی وڵاتانی نەوت فرۆش (ئوپیك) کە لە مانگی رابردوودا داوێتی بۆ راست کردنەوەی نرخی نەوتەکانی .

لە وتاریکدا کەرۆژنامەی (الرایە القطریە) ئەمڕۆ بڵاوی کردۆتەوە وتویەتی .. ئێمە لە ئەل دەمار گرژی رۆژئاوایەکان راهانوین کە سەبارەت راست کردنەوەی نرخی نەوت تووشیان دەبێت ، چونکە ئەوە بۆتە جۆرە قەوانێك کە بەردەوام لێی دەدەنەوەو دوای هەموو کێبوونەوەیەکی « ئوپیك » گوێمان لێدەبێت .

هەروەها وتویەتی .. بەبەرهەم ترین کارێك کە لەکۆ بوونەوەکانی مانگی رابوردووی « جنیفی » ئوپیك چنگ کەوتبێ روونی بیری ئاژانسی دەنگوباسی «ئوپیك»ە ، کە نیاز وایە دابمزرێندرێت بۆ بەرپەرچەدانەوەی ئەو هیرشە راگەیەنیە درندانەیەی رۆژئاوا دەیکاتە سەر وڵاتانی نەوت فرۆش .

● نارەزایی دەست تێوەردان.

وەلە پاریس وەزیری پیشەسازی فەرەنسا ئەندریە جیرو رایگەیاندووە کە حکومەتەکەی نارەزایە بە هەموو دەست تێوەردانێکی سەربازی بە بیانوی ئەوەوە کە رێگای نەوت بەر لابکرێت . لەو قسانەدا کە ئەمڕۆ بۆ ئیزگەی کردووە وتویەتی سیاسەتی زۆرداری سیاسەتێکی نابەجێیەو چاکترین چارە ئەوەیە کە وڵاتانی خاوەن نەوت و نەوتکڕ کە بەهەوڵو تەقەللای هەردوو لایان بکەنە ئەنجامێکی چاك وەك ئاشکرایە فەرەنسا فایلنە بووە کە بچێتە رێزی وەکالەتی جیهانی وزەو ، کە ساڵی ١٩٧٤ لەسەر پێشنیاری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا هنری کیسنجر دامەزرابوو ، وەك ئالەتێك دژی وڵاتانی نەوت فرۆش « ئوپیك » .

● هەلوێست .

یوگسلافیاش ئەوەی راگەیاندووە کە بڕیاری وڵاتانی خاوەن نەوت بەراست کردنەوەی نرخی نەوتی کارێکە دەبێت قبول بکرێت .

بەڕێز صدام حسین سەرلە نۆردوگای « قودس بۆئێمەیە » دەدات و ئەوە دووپات دەکاتەوە:

● شۆڕش نابەزێت و حزب لە رێبازی خۆیدا بەردەوام دەبێت بەبێ دوو دڵی و بۆ بەرەوپێشەوە چوون تاوەکو ئامانجەکانی وەدی دێنێت .

● کاتێ نەتەوە لەریگای راپەریندا دەبێت هەموو بەشێکی بەگوێرەی ئامانجێکی مەیدانی دیاریکراو دەجووڵێت .

بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئەوەی دووپات کردەوە کە رزگاری کردنی فەلەستین بە رزگاری کردنی خود دەست پێدەکات وەپاك کردنەوەی فەلەستین لە دوژمنان بە پاك کردنەوەی خو دەست پێدەکات لەمەو دژواری و سەلیباتانەی پێوەی نووساون، کاتێ بیروباوەر لە دەرون و کرداری خۆماندا وەدی دەهێنین رزگاری فەلەستین وەدی دەهێنین .

جێگری بەڕێز لە سەردانەکەی ئۆردووگای ((قودس بۆئێمەیە)) قوتابیان لە ناوچەی راشدیە سەرلەبەیانی رۆژی سێشەممەی رابوردووی .. کارکردن بۆ بنیات نانی عیراقێکی ئەتەوەیی گەشەکردووی بە توانای ئەوتۆکە بتوانی جلەوی زانست بگرێت وەك پێویستە . ئەوەئەو بنکەیەیە کە دەبێت بکرێت بۆ رزگاری فەلەستین .

بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش خوتبەی بۆ قوتابیان داو وتی .. ئەوەی ئەمڕۆ لە ئۆردووگای «قودس بۆئێمەیە»دا فێری دەبن ئەوە بەشێکی زیندووە لە سەر رێگای رزگاری کردنی فەلەستین.. بەشێکی زیندوی کارەکەیە .. بەڵکو لە تێکۆشانی رێگای رزگاری فەلەستین هەروەها وتی .. شۆڕش لە عیراقدا نابەرێت و حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی بە بێ بێ دوو دڵی لە رێبازیدا بەرەوپێش دەڕوات تا وەکو سەرجەمی ئامانجەکانی وەدی دەهێنێت . جێگری بەڕێز ئەوەی دووپات کردەوە .. کە عونسوری شەڕ لە ئۆرژاوا یا لە هەر جێگایەکی تر ، ئەگەر کۆببینەوە لە توانایدا نابێت کە ئەو زیانەی دەیەوێت بە شۆڕشی بگەیەنێت .

ئەوەبوو بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش سەعات حەوتی سەرلەبەیانی رۆژی سێشەممەی رابوردوو گەیشتبووە ئۆردووگاکە بەگەیشتنی ئەندامی مەکتەبی راپەراندنی یەکێتی ئیشتمانی قوتابیانی عیراق فەرماندەی ئۆردووگاکە هاوڕی هشام محمد ئامر پێشوازی کردوە .

بەڕێزجێگر بەناو ئۆردووگاکەدا گەڕاو جۆری ئیشوکاری ئۆردووگاکەو ئەو هەولوتەقەللایە شارەزا بوو کە قوتابیان دەیدەن بۆ بە جێگەیاندنی ئیشوکار لە کاتی دیاری کراوی خۆیدا بەڕێز گوێی لەو شەرحەگرتبوو کە هاوڕی فەرماندەی ئۆردوگاکە دەربارەی پێویستی ئوردوگاکە وداپەشکردنی ئیشوکارەکانی بۆ بەڕێزیانی کردبوو .

لە کۆتایی سەردانەکەیدا بەڕێز جێگر لە لایەن لێپرسراوان و هاوبەشانی ئۆردووگاکەوە بەڕی کرا .

چەند رۆژێکی پرشنگدار
هاوڕێینە

بەراستی .. رۆژە پرشنگدارەکان لە ژیانی مرۆڤی تێکۆشەردا ئەوانەی کە تاقی کردنەوە بێ وێنەکەتان ببینێ کە تایبەتی یە بە خۆتان و بە هۆیەوە لە تاقی کردنەوەکانی تر جیاتان ئەکاتەوە .. هەروەك چۆن حزبەمەزنەکەتان بە تیورەکەی و رێگاکانی کارکردنی و خاسی یەکانی خەباتگێڕەکانی جیایە .. ئەمە تاقی کردنەوەیەکی گەورەیە کە ئەیکەین بەر لەوەی دوای دەرچوون فرمان و ئەرکی کارکردنمان بکەوێتە ئەستۆ.. تاقی کردنەوەیەکی بێ نموونەیە لە ژمێرەوەری مرۆڤ پەروەریدا کە ئێژەی لاوی هەرزکار ئارق بریژن هەروەك کرێکارو جوتیار لە کارگەو کێڵگەدا ئارەق دەریژن .

بەم جۆرە کار تێکەڵ دەبێ و کۆششەکانی دەچنە ناویەکەوە هەروەك ئامانجەکان ئاوێتەی یەکتری دەبن و کۆششەکان دەچنە ناو یەکتری یەوە ، چەندین کچو کوڕی لاو لە تەمەنی ١٤ ساڵی تاتەمەنێك کە لە ١٩ یاخود ٢٠ ساڵی پتر نییە گشتیان بۆ بنیاتنانی وڵاتە مەزنەکەیان عیراق کار دەکەن.

مێژووی کۆن زیندووە

بەم جۆرە جارێکی تر مێژووی کۆن بە زیندوویی بۆ ئێستای ئەمڕۆ دەگەڕێتەوەو جارێکی تر ئەو گیانە دەگەڕێتەوە کە لە کاتی خۆیدا کاتی باپیرتان حامورابی گەورەترین یاسای مرۆڤایەتی دانا لە عیراق و جارێکی تر ئەو گیانە دەگەڕێتەوە کە لە لایەن عەرەبە موسلمانەکانی پێشو عیراقی پێ رزگار بۆ ئەوەی لە سەورێکانەتەوەو لەسەرریگای مرۆڤایەتی پەیامەکەی نوێ بکەنەوە .

ئەمڕۆ گیانی (نبوخذ نصر)یش لە ئیمەدا خەبات لە کارکردندا ئەگەڕێتەوە ... هاوڕێینە ... . بە کردەوە ری پێ بردنمان بە ئەرکی فرمانە پیرۆزە بنەڕەتی یەکان دەست پێ ئەکات کاتێك بە شێوەی مەیدانی و بەو رێگایەی ئێژە کارتان پێ کردکارئەکەین.

بڕوانە : ل : ٧

دەقی وتوویژەکەی بەڕێز صدام حسین بۆ گۆڤاری «دیرشبیگل»

رۆژنامەنووس : هیوادارم ئەمە دوا سەردانم نەبێ بۆ عراق

جیگری بەڕێز : نەء .. چونکە رۆیشتن بۆ نجف و کربلاو چیاکانی عراق لەم ماوەیەدا پێویستە .. بەتایبەتی کە دەزگاکانی راگەیاندنی رۆژئاوا ئێستا زۆر باسی ئەوە دەکەن کە پێی دەوترێ شۆڕشی کوردو شۆڕشی شیعە .. خۆزگە دەچووی بۆ باکوورو ونجفو کربلاء تا ئەو کەسانە دڵنیا بکەیت کە دەیانەوێ دڵنیا بن لەوەی کە شۆڕشێکی عراقی عەرەبی هەیە کە ماناو یاساکانی لە بیروباوەڕەکانی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیستو لەگیانی پەیامەکانی عەرەبەوە وەردەگرێو بە باوەڕو تواناوە پشتی بەهەموو گەل بەستوە ، .. ئایا ئەمە دەکەی ..

رۆژنامەنووس : دڵنیانیە کە رۆژئاوا دەیەوێ شۆڕشێکی دژ لەعراقدا بەرپا ببێ ، بەگوێرەی رای تایبەتی خۆی .

جیگری بەڕێز : ئەگەر رۆژئاوا ئەمەی ئارەزووش بێ ، بۆی ناکرێ .. لەوانەیە ببینی کەوا دڵنیایی لامان دەگاتە رادەیەك کە هەندێ کەس بە بوغرابی دادەنێن ، بەڵام ئەمە لە باوەڕمان بەگەلەکەمانو دروستی رەوتەکەمانەوە هاتوە .. واتە ئێمە بەکردار گەیشتوینەتە قەناعەتێکی چەسپاوو تەواو کە وا هەموو خرابە لە رۆژئاوا یان لە هەر جێگایەکی تر کۆببێتەوە ناتوانن ئەو زیانە بگەیەنن بەشۆڕش کە دەیانەوێ.. بۆیە نامەوێ بیروراکانت تەنیا لەقسەکردن لەگەل منداو وەربگری ، . بەڵکو دەمەوێ گەل ببینیو بەچاوی خۆت بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی ببینی ، چونکە باوەڕناکەم من بەتەدەر گەل بتوانم سوودمەند بم بۆت ، چونکە منیش لەگەلەوە فێر بوومە .

رۆژنامەنووس : من زۆر سوپاسگوزارم بۆ ئەو سەراحەتەی کە دەستمان بەقسەکرد ، چونکە من کەمتر سەراحەتم لەقسەکردندا هاتۆتە رێ ، بۆیە زۆر زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ئەم سەراحەتەتان .

جیگری بەڕێز : ئایا ناسەراحەتیت لێمان بیستوە .. عراق بە سەراحەت ناسراوە .

رۆژنامەنووس : لەم بارەیەوە رایەکی تایبەتی خۆمم هەیە . لە رۆژانی قوتابیەتیدا جاوم بەهەندێ قوتابی عراقی دەکەوت کە لە زانکۆ دەیانخوێند .. تا قەرایەکی تایبەتی کە لەبارەیانەوە وەرم گرتبوو تا ئێستاش لەبیرمە ئەوەیە کە ئەوان لە قسەکردنو بیرکردنەوەی شەخسیدا لە هەموو خەڵك دڵسۆزترو ئازاتربوون .. بەڵام هەرگیز لەبارەی عراقەوە هیچم نەبیست .

جیگری بەڕێز : ئەوان لەم بارەیەوە بەزمانی عراقی بەکاناوە یان بەزمانی مێژووی عەرەبەوە کە هەڵگری رێوشوێن و بەهاکانی بوونە ، قسەیان کردوە .

رۆژنامەنووس : ئایا دروستبوونی یەك سەرکردایەتی سیاسی ئەوە دەگەیەنی کە عراق، سوریا بڕیاریان داوە پێشەوایەتی نیشتیمانی عەرەب بگرتە ئەستۆ ، پاش ئەوەی جاران میسر ئەم دەورەی دەبینی ؟

جیگری بەڕێز : ئەوەی بەلای ئێمەوە بەبایەخە مەسەلەی پێشەوایەتی نیە .. بەڵکو رێگای راستیە .. ئەوەندە بەسە کە هەموو ، وەکو عەرەب ، رێگای راستی بدۆزینەوە و بکەوینە سەر ئەوەی کە نەتەوە رادەپەڕێنێ بۆ ئیلهامگیری گیانی پەیامەکەی رابردووی. گیانی یاسا کانی بەرەو پێشەوە روانینی .. پاش ئەوە بەلامانەوە گرنگ نیە لە رەوتەکەدا سەرکردەی ریزی پێشەوە بین یان سەربازبین لێرە یان لەوێ ..

ئەوەی کە بەلامانەوە گرنگە ئەوەیە کە هەموو وەکو سوارچاك بۆ پاراستنیو پێشخستنی رەوتەکە هەوڵ بدەین .. بۆیە ئەوەمان بەدڵدا نەهاتوە کە لە کاتی گفتوگۆکرداندا ئەم پرسیارە بێتە کایەوە .. بەڵام ئێمە باوەڕی نەواومان بەوە هەیە کە باشترین شێوەی رەوت رێزی لێدەگیرێ، جێگای راستی خۆی دەگرێتەوە . مەبەستمان لەباشترین شێوە ئەوەیە کە قایمکاری مەبدەئیو بارودۆخو توانای پێویست دابین دەکا بۆ جێبەجێکردنو وەدیهێنانی سوودو قازانجەکانی نەتەوەو ئارەزووەکانیو هەر شتێکی تر کە رەواو مەوزوعی بێت .

رۆژنامەنووس : جیگری بەڕێز .. باسی پەیامی نەتەوەتان کرد .. ئایا ئەکرێ بۆمی روونبکەنەوە مانای پەیامی نەتەوەی عەرەب چیە ؟

جیگری بەڕێز : بەمە لێرەدا مەبەستمان دوو لایەنە .. لایەنی نەتەوەیی .. واتە وەدیهێنانی بوونی پێویستی نەتەوە بەرەو وەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکانیو ئێمە وای دەبینین کە ئامانجە سەرەکیو بنەڕەتییەکانی نەتەوە سیانن .. یەکێتی نەتەوەو .. وەدیهێنانی ئازادیو بەختەوەری هەر کەسە لەچوارچێوەی نەتەوەو کۆمەڵەدا لەسەر ئەساسی وەدیهێنانی سوشیالیزم .. هەروەها رامان وایە کە نەتەوە پەیامێکی ئینسانی هەیە بەگوێرەی ئەو دەورە دەردەکەوێ کە لە خزمەتی ئینسانیەدا ، لە هەر جێگایەکی جیهاندا ، بەشداری پێ دەکا بێ ئەوەی قالبی ئامادەکراو پێشکەش بکا .. و لە رێبازی کارتێکردندا بڕوا بۆ وەدیهێنانی عەدالەت بەرەو بەختەوەری ئینسانو وەدیهێنانی ئاشتی .

رۆژنامەنووس : جیگری بەڕێز ، پاش رێککەوتنەکە راتان گەیاند کە ئەوەی هاتەکایەوە ئەوە نیە کە دەتانەوێ و لەو ئاستەدا نەبوو کە دەتانویست .. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە یەکێتی سیاسی سەرتاپاگیرو .. بەرپابوونی یەکێتی تەواو لەنێوان هەردو وڵاتەکەدا نەهاتۆتەوی .. ئایا ئەو گیروگرفتانە چین کە بوونەتە کۆسپ بۆ ئەم یەکێتییە ؟

جیگری بەڕێز : لە باری مەبدەئیەوە ، ئەگەر دە ساڵ پاش بەرپابوونی یەکێتی سەرتاپاگیری عەرەبیش چاوەت پێمان بکەوێ .. دەبینی دەڵێین ئەوەی هاتۆتە دی لەوە کەمترە کە دەمانەوێ . . لە مەشدا بشتمان بەبیروباوەڕو یاسایەکی ئەساسی ژیان ئەستووره ئەویش ئەوەیە کە ژیان هەمیشە بەرەو پێش دەچێ .. چ بە پێداویستیەکانیو چ بەئامانجەکانی .. لەباری زانستیو فیملیشەوە یەکگرتن لە نێوان هەردو وڵاتدا نەهاتەدی .. بۆیە وتمان ئەوەی هاتە دی لەوە کەمترە کە ئاواتی بۆ دەخوازین .. بەڵام مەیدان هێشتا والایە لە بەردەمماندا بۆ ئەوەی شتی باشتر لەوە بهێنینە دی کە هاتۆتەدی .. خۆشبینیش هێشتا لەم روەوە هەر هەیەو کرداریش هەر هەیە ، بەڵام ئەو گیرو گرفتانەی کە هاتنە پێشمانەوە بان دێنە پێشمانەوە ، ئەوە لەو جۆرە گیروگرفتانەن کە دێنە پێش ژیانەوە لەکاری خاوەن هێزو مەودای مێژویی کەورەی وەکو ئەمەدا بۆیە نابێ لەو باوەڕەدا بین کە یەکێتی عەرەب لەم باسایە بەدەرە .. بگرە ئەگەر بە ئاسانی بێتە دی ، ئەوا ئەو مانایە دەدا کە لە ژیانی عەرەبدا ئەوەندە خاوەن بایەخ نیەو لەحیساباتی ستراتیژی دەوڵەتاندا ئەوەندە گرنگ نیە ،.. هەر لێرەوە بەو کارەی کە بۆ وەدیهێنانی یەکێتی دەکرێ ، دەڵێین تێکۆشانو غەزا بۆ وەدیهێنانی یەکێتی .

رۆژنامەنووس : ئایا ئەشێ ئەو گیروگرفتانە ناوبەری .

جیگری بەڕێز .. واتە ئایا گیروگرفتی حیزبی هەیە ، یان گیروگرفتی دەوڵیان ئابووری یان کۆمەڵایەتیلە نێوان هەردو دەوڵەتەکەدا هەیە .. مەبەستم ئەوەیە ئایانەکرێ بەوردی ئەو شتە دەستنیشان بکەن کە مایەی وریاییە .. و ئەو کۆسپانە چین کە دێنە بەردەم یەکێتی ..

جیگری بەڕێز : وەڵامەکەم وەکو کلیلێکی ئەساسی بۆ هەموو ئەو شتە فەرعیانە کە باستکردن روون بوو .. بەڵام بەشێوەی ورد پێمان باش نیە بەشێوەی دوورودرێژو بەکە یەکە باسی ئەو شتانە بکەین کە لەسەری رێك ناکەوین تا ئەهێڵین رای گشتی لەسەر هەندێ شت بکەوێتە دووبارەکی کە لەوانەیە لەمەودوا لەسەری رێك بکەوین ..و تا هەڵی فەنی ئەدەینە هێزە دژەکان تا کاری ئەسەر بەخشی خۆیان بکەن .

رۆژنامەنووس : جیگری بەڕێز .. هەموو ئەو هەوڵە عەرەبیانەی کە لەمێژووی تازەی عەرەبدا بۆ یەکێتی عەرەب دراون تا ئێستا هەر سەرنەکەوتوون .. ئەو هۆیانە چین کە ئەم جارە زیاتر دڵنیاو خوشبینتان دەکەن بەسەرکەوتنی یەکێتی ؟

جیگری بەڕێز :

هەر چەندە هەوڵەکانی پێشو دراونو سەرنەکەوتن بەڵام لەگەل ئەمەشدا بنەڕەتەکە سەباردت بە ئێمە ئەوەیە کە عەرەبەکان تا ئێستاش هەر یەکگرتنیان ئەوی ئەمەش دووپات کردنەوەی رەسەنایەتی یەکگرتنەکەیە لە ئەقڵو دەرونی عەرەبداو .. بایەخەکەی لە واقیعەکەیاندا .. ئەگینا ئێوە دەزانن کە سوشیالیستی لە وڵاتێکدا دادەمەزرێ و ئنجا دوای تێپەڕبوونی چەند ساتێك لە چوارچێوەی دیاری کراوی دەستوریدا دەکەوێ ئەوا هەڵگەڕانەوە لەسەر ئاشتی فراوان دژی سوشیالیستی روونەدەات و ، کاتێك هەڵەیەکی ئل رەفتاربێ کردنی سیاسەتو لە مەبدانەکانی تری ژیان لە وڵاتێکدا روونەدات .. ئەوا هەڵگەڕانەوە دژی ئەو کارە روونەداتو کارکردنیش جارێکی تر لەم مەبدانەدا پێویستی بە ساڵانی دوورو درێژ هەیە ... بەڵام ئێمە دەبینین کە یەکگرتنی عەرەب هەرچەندە بەشێوەیەکی جیددی یەك جار ، ساڵی ١٩٥٨ دامەزرا کاتێك حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیستی لایەنێکی بنەڕەتی بوو تێیدا ... ئەوا ئەبینین کە جەماوەری عەرەب لەو وڵاتانەدا کە لە یەکگرتنیان تێیدا دامەزراو سەربشی نەگرت یاخود لەو وڵاتانەی تردا کە چاویان بڕیبوە ئەم کارە .. تائێستاش هەر بەهیوای یەکگرتن .. بۆیە کاتێك ئەو بنەڕەتانە دابین ئەکەین کەوا لە مرۆڤ ئەگەن لەیەکگرتندا بەختەوەربێو سەربەستو لە خودی خۆیدا پارێزراو بێ ئەوا یەکگرتنەکە دوای ئەمە بەردەوام ئەبێت .. لەبەر ئەمە موناقەشەکانمان لەم چوارچێوەیەدا کۆئەبوتەوە .. بۆ دابینکردنی زامنیە بنەڕەتییەکانی مرۆڤی نۆی عەرەبی لە پێناو ئەوەدا کە یەکگرتن بەردەوام بێو گەشە بکاتو لەپێناوی ئەوەدا کە رێژیمە نوێیەکە لەیەکگرتندا رێژیمێکی کلاسیکی نەبێ .. بەڵکو شورشێك بێ تێیدا لایەنەکانی چاکە لە هەردوو وڵاتدا کار لەیە کتری بکەن بەبێ ئەوەی دیاردەکانی نەخۆشی هیچ وڵاتێك بۆ وڵاتەکەی تر بگوێزرێتەوە.. و وا لە وێنە توێیەکە بکرێ بتوانێ نالەباریەکان لەهەردوو وڵاتدا لابەرێ بەبی ئەوەی نالەباری هیچ لایەکیان بۆ یەکگرتنەکە ببردرێ .

رۆژنامەنووسەکە :

جیگری بەڕێز ... شێوەی دەوڵەتەکە لەسێبەری یەکگرتندا چۆن دەبێ ؟ شێوەی دەستوریی .. شێوەی سیاسی ..

جیگری بەڕێز :

هاوڕێ وەزیری راگەیاندن لەکۆنفرانسێکی رۆژنامەنووسیدا باسی ناوەرۆکە بنەڕەتییەکانی دەوڵەتی یەکگرتنەکەی کردو ئەتوانی چاوت بەم قسانە بکەوێ .

رۆژنامەنووسەکە :

کی سەرۆکی ئایندەی دەوڵەتەکە دەبێ .. سەرۆك البکر یاخود سەرۆك الاسد .

جیگری بەڕێز :

گرنگ ئەوەیە کە یەکگرتنەکە دابمەزرێو ئەو دەستەبەریانەی پەنجەمان بۆ درێژکردن بۆ مرۆڤی یەکگرتنەکە دابین بنو .. یەکگرتنێکیش بێ لەسەر رێگای زۆرداری .. ئەو کاتەو کە هەندێ کەس بەئیعتیبار وەرنەگرین ئەوا بەرێوشوێنی زامنیە مەبدەئییەکان وەریان ئەگرین ئەك بە رێوشوێنی گەڕان بەدوای زامنی کەسایەتی بۆ ئەوان ... ئەم مەسەلەیە موناقەشەی لەسەر ئەکەین و لەسەر ئەم رێگایە پشت بەشتەکانی رابوردوو ئیعتیبارەکانیو هەموو خاڵەتەکانی دامەزراندنی یەکگرتن لە جیهاندا ئەبەستینو .. چەند ئەحکامێکی مەوزوعی حاڵەتێکی ئەم جۆرە هەیە جا لەنیشتیمانی عەرەبدا بێ یاخود لەجیهانداو لە هەموو حاڵەتەکاندا ئێمە ئایبەتی بەتی خۆمانمان هەیەو بەڵام ئێمە پشت بەو حوکمە مەوزوعیانەی ئەو تاقی کردنەوانە دەبەستین کە سوودبەخشن بۆ ئێمە .

رۆژنامەنووسەکە :

ئایا لە توانادا هەیە هەر یەکێك لە تاقی کردنەوەکانی تری وڵاتان دەستنیشان بکرێت .

جیگری بەڕێز :

هەموو ئەو یەکگرتنانەی لەجیهاندا دامەزراونو ئەو قەوارە یەکگرتووانەو حوکمە مەوزوعییەکانیان کە لە دەستنیشان کردنی ئینتیجاهە بنەڕەتییەکانی ناوەرۆکی دەستوردا پەنایان بۆ ئەبرێ .

رۆژنامەنووسەکە :

لە رێککەوتنەکەی ئەم دواییەدا یەك سەرکردایەتی بۆ یەك سوریا دامەزرا .. ئایا ئەمە وا ئەگەیەنێ کە چەند هێزێك لە سوریای عیراق لە جۆلان جێگیر ئەبن ..

جیگری بەڕێز :

پێش دامەزرانی بەرنامەی کاری هاوبەشی نەتەوەیی ئێمە لەیەك لاوە لەعیراق رامان گەیاندکە ساحەی عیراق تەواوکەری ساحەی سوریایە بۆ مەبەستی بەرپەرچدانەوەی مەترسی زایۆنی لەسەر خاکی سوریاو لە سەر دەسەڵاتی عەرەبیو لە هەموو بۆنەیەکدا کە دەستدرێژی زایۆنی تیدا کرابێتە سەر عەرەب .. بەجۆرێك رەفتارمان کردووە کە ئەو دەستدرێژییەی دەکرێتە سەر هەر وڵاتێکی عەرەب ، دەست درێژییە دەکرێتە سەر عیراق خۆی ، لەبەر ئەوە سوپای ئێمە لەسوریا دەبێ کاتێك ئەمە پێویست دەکاتو هەر کاتێك حکومەتی سوریا ئەمە داوا بکات .

رۆژنامەنووسەکە :

دامەزرانی دەوڵەتی یەکگرتنەکە کارێکی گەورە دەبێ لە نیشتیمانی عەرەبداو دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە نیشتیمانی عەرەبدا دەبێ .. ئایا دەرگای یەکگرتە لەبەردەم دەوڵەتانی تری عەرەب دا بۆ نموونە وەك سعودیە یان ئەردەن یاخود ئەوەی بە یەمەنی دیموکرات ناو دەبرێ ، بەکراوەیی دەمێنێتەوەو . ئایا دەتوانرێ یەکگرتن لەنێوان ئەم وڵاتانەدا دابمەزرێ بەبێ گۆڕینی رێژیمی سیاسی لەوێ .

جیگیری بەڕێز :

هەر کاتێك دەرفەتی هاتنە ریزی دەوڵەتی جاوەڕوانکراوی یەکگرتنەکە بۆ چەند لایەنێکی تر هاتە پێشەوەو هەر کاتێك ئەو بنەرە تەپێوبستانە دابین بوون کەوا لە بەردەوام بوونی یەکگرتنەکە ئەکەن کە جیددی و زیندووبێو ئەو وێنەیەی مرۆڤ لەچوارچێوەی یەکگرتنەکەدا دەپارێزن کە پەنجەمان بۆ کێشان ، ئەوا هەوڵی دابین بوونی ئەم دەرفەتە لەدەین و ، دەرفەتی بەکارهێنانیشی لەدەست نادرێت .. بەڵام ئێمە نامانەرێ لە بۆ چوونداپیشبینی کارێك بکەین کە لەوانەیە رووبداتو لەوانەشە ڕوو نەدات .. لەگەل ئەوەشدا یەکگرتنی عەرەب لە لایەنی مەبدەئییەوە کاڵایەك نیە کە بەتەنیا بەبەر عیراقو سوریادا بڕابێو یەکگرتنی عیراقو سوریاش ناوەند نییە بەڵکو وای لێ ئەویستری کە کاکڵەیەك بێ بۆ یەکگرتنی سەرتاپاگیرانەی عەرەب . کە هەوڵی یەکگرتن ئەدەین لەگەل سوریا لەبەر ئەوەیی کارکردەگانی ئێستا بۆ ئەم مەبەستە لەئارادانو پتر لەوەی کە بۆ چەند پەیوەستەکی وەك ئەوەی نێوان ئێمەو وڵاتانی تری عەرەب لەئارادان ، هەر وەك بۆی ئەچین یەکگرتن لەنێوان ئێمەو سوریادا لەم قۆناخەدا خزمەتێکی تایبەتی پێشکەش بەخەباتی نەتەوەییمان دەکات .

رۆژنامەنووسەکە :

جیگری بەڕێز .. دامەزرانی یەکگرتن لەنێوان عیراقو سوریادا نەسەر ئاستی جیهانیی دوو شت دەگەیەنێ ..یان دەبی سوریا لەمەو لا دان بەبڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش ژمارە (٢٤٢و ٣٣٨)دا نەنێ ئەمەش تێکچونی دۆخی نێوان سوریاو دەوڵەتی زایۆنی دەگەیەنێ لە مەیدانی سوپاییو سیاسیدا...یاخود عراق دەستی لە هەڵوێستی پێشوی هەڵگرتووە سەبارەت بەم بڕیارانەو هەڵویستی سوریان پەیڕەو کردووە .. واتە عیراق بەرێگایەکی ناراستەوخۆ و بۆ یەکەم جار دان بە ئیسرائیلدا بنێ .. کامیان راستە .. ؟!

جیگیری بەڕێز :

راستییەکەی ئەوەیە کە یەکگرتنە چاوەڕوانکراوەکە... کارێکی مێژوویی شورشگێڕانەیە بۆ پتر قایمەکاریی و کاریئەنەوەی عەرەب لەسەر رێگای بیروباوەڕە راستەکان لە پێشکەوتندا بەرەو پێشەوەونەك لە پاشگەزبوونەوە بۆ دواوە .. دەمانەوێ کارێکی مێژوویی بێ وێ کارێکی وەختەکی مەیدانیبابە نەبێ .. ئەمانەوێ کارێکی هوشیارانە بێو دەرئەنجامی کارو چەند کارکردەیەکی وەختەکی نەبێ بۆیە ئێمە لەو بڕوایەداین کە سەرکردەکانی یەکگرتن بەجۆرێك رەفتار ئەکەن کە بۆ خزمەتکردنی نەتەوەی عەرەب گونجاو بێو ... یەکگرتنو نەتەوەش لەبەردەم حاڵەتێکی دەستڕویشتوبیدا ئەبن کە ئەوە نیە کە ئێستا تیابدان ... ئەو خاڵەتە دەستڕۆیشتوییە جیایە وا لەهەق ئەکات لەسەر رێگای سیاسیو لەسەر رێگای چەك پتر روونو وەدیهاتوو دەبێو لە هەموو حاڵەکاندا ئێمە داوای مافەکانمان دەکەینو نامانەوێ مانی هیچ کەسێك زەوت بکەین .

رۆژنامەنووسەکە :

جیگری بەڕێز ، ئێوە بە سەرسەختترین بەربەرەکانی کارانی رێککەوتنە یەك قۆڵی یە ئاشتییەکەی نێوان میسرو ئیسرائیل دانەنرێن ، ئەم بەربەرەکانییە بۆ چی ؟

جیگیری بەڕێز :

ئایا کەسیك هەیە بەبڕوانەکی پاك لەو باوەڕدابێ کە رێککەوتنەکەی نێوان سادات‌و قەوارەی زایۆنی رێککەوتنێکی عادیلانەیە . من نامەوێ تۆ بەم پرسیارە تەنگەتاو بکەم .. بەڵام من لەو باوەڕەدام کە مروڤێك کە بە پاکی بیربکاتەوە لەو باوەڕەدا نابێ کە رێککەوتنەکەی نێوان سادات‌و قەوارەی زایۆنی ، بەژمێرەوەری باری سەرنجی جیددییانەی مافەکان، عادیلانەی دابنێ ، ئەمەش نەك تەنیا سەبارەت بەعەرەب بەڵکو سەبارەت بە غەیری عەرەبیش ، ئەوانەی کە نەکەوتونەتە ژێر کارتێکردنو باری یەکانی سیاسەتی نێو دەوڵەتانو کارتێکردنی مەڵبەندەکانی .

رۆژنامەنووسەکە :

رێکام بدەن کە پرسیارێکی پێشو بکەمەوە .. جیگری بەڕێز ئایا ئێوە لەو باوەڕەدان کە جەنگ رێگایەکی ئابرومەندترە یاخود رێگایەکی پاکترە لە وتوویژەکانی ئاشتی .

جیگیری بەڕێز :

من لەو باوەڕەدانیم کە هەمیشە جەنگ سەلامەترین رێگابە بەڵام باوەڕم بەبابەخو پێویستیبەکەی هەیە کاتێك هەموو رێگاکانیتر لەبەردەم عەرەب دانەخرێن .. بەڵام بۆ چی هەمیشە ئەم پرسیارە روویەڕووی عەرەب ئەکرێو لە قەوارەی زایۆنی ناکرێت .. هەمیشە پرسیار لەبەرگری کار ئەکری : ئایا لەو باوەڕەدای کە بەکارهێنانی چەك باشتری بەبێ ئەوەی پرسیار لە هێرش کاری زەوت کار بکرێ دەربارەی کارە ناڕەواکەی .. ئایا لەو باوەڕەدا نیکە ئەبێ پرسیار ناراستەی ئەوە بکرێ کەبە زۆروشتەم چەك بەکار ئەهێنێ ... ئێمە ئێستاو پێش ئێستاش لە مەڵبەندی هێرش بەری زەوتکەردانەنینو نەبووینو هەر لە ساڵی ١٩٤٨ و پێش ئەم رۆژەش هەمیشە عەرەبەکان لەمەڵبەندی بەرگری کردندا بوون .. کەوا بوو هیچ دادپەروەریەکی تندا نییە ئەگەر لەوبەرگریکەرە بترسین کە بە ناچاریی دژی هێرشبەری زەوتکار چەك بەکار ئەهێنێ .. بە باوەڕی تۆ کامیان بۆ چارەسەرەکە باشترن بەکارهێنانی سیاسەت یاخود چەك .

کاتێك ناتەبایی لەچوارچێوەی بەکارهێنانەکانی سیاسیو وتوویژکردن لەسەربنەرەتەکەی ئەبێ ئەوا بەکارهێنانی چەك شیاو نابێ ، بەڵام کاتێك لە وەزعێكدا دەبین کە پێویست ئەکات داکۆکی لە چارەنووسی خۆمان بکەین بەرامبەر بەوەی چەك لەدژمان بەکار ئەهێنێ .. ئەو کاتە بەکارهێنانی چەك شتێکی پێویست دەبێ .

رۆژنامەنووس : چۆن دەتوانین ئەم فیکرەیە بۆ رای گشتی روون بکەینەوە کەوا ئیسرائیل ئەم دەوڵەتە بچکۆلەیە لەوانەیە هەرەشە لە نەتەوەی گەورەی عەرەب بکا .. بۆ وا هەست دەکەن کە

Institut kurde de Paris

بویە یان حزب

● ابراهیم سلمان ●

لسەر بەربانگی و لبەر چاڤێ روژێ چوار پیرەژن دڕوینشتبون و سوحبەت دکرن ... ژ سوحبەتێت کولانێ و ڕەزی چونە سوحبەتێت تولاز و جانێت گوندی و ڤیانێ ... پاشی چونە سوحبەتێت بڕمیتێ و کانێ کیش تیتن چێتر کو بکەنە بڕمیت ... پاشی ئەوا لسەر بڕمیتێ و ئاخفتن و مەنمێت بڕمیتا خو دکرن دەستێ خو هاڤێتە منیستانێ خو و ل بەریکا خو گەڕیا دەستێ خویی رهژێ دەرکەتێ گرە دبەریکا خوداو قودیکاکیا بچویك ژێ دەرئێخست دوو تەپ ل قودیکێ دان پاشی دەرێ وێ ڤەکر و پلەك ل بڕمیتێ دا و داکا بەرکنا دڤنا خو یاراستێ و بێهنا خو بکتا راستێ هەلکێشا پاشی دابەر کتا دڤنا چەپێ وهەلکێشا و ئەو پیچا مایە بتپلێت وێڤە دکراسێ خودا پاشی قودیکا خو یا بڕمیتێ گێڕندا . ... هەمیا بڕمیت هەلکێشا ژ بلی دەیکا (چەپەری) چنکو دانێ وێ دکوشێدا بو زیوان ژی دگرتن و هەر جار جار رەخەکێ فەرخەستینێ بلند دکر دان بلندبو و دکەتە دناف فەرخەستینێ دا هەچکو ئێك بچویکەکی دهەلاڤێتو ... دەڕا سوحبەتو شاراندا .. لێ گەلەکا ب چەپەرێ کوڕێ خۆ شاهیە پێ دحەسیا هەکو بەحسێ وی دکەت دلێ وێ هندی شکەڤتەکێ لێ دهێت ... مەزنەبیت .. لنك وێ کوڕێ وێ ژهەمی زەلامێت گوندو باژێراو قەچاغا مێرخاسترە .. کوڕێ وێ (چەپەر) قەچاغە ورێگیرە و تالانکەرەو مێرکوژە ... هەکو بەحسێ کوڕێ خو کری بو هەرسێ پیرەژنا بدلێ وان نەبو لێ شەرم دکر کو بێدەنگ کەن حەتاکو ئێك ئێکە ژ دیوانا دەیکا چەپەری رابوین بهێجەتا نڤێم ژێو فراڤینێ ودرەنگێ شولی و بالاڤێ ... دەیکا چەپەری بتنێ ما لسەر بەربانگێ مال وبەرێ خودا رێکادهێتە گوندی ... زیارەت دەکەفتن درێکیدا .. هەکو مرۆڤ بەرێخو ددەتە وێ رێك مرۆڤ هنور دکەت کومرێت گوندی یێ لسەر لێڤا گوندێ خو دخازن و بخێرهاتنا خەلکێ دجیتو دهێت دکەن ... (چەپەر) نەهات ئەڤە سێ هەڤە ئەز چ ژێ نزانم .. خرزی من دیبا ... ئاخ داوۆ تو لکیربێ ؟ چاڤێ وێ یێ لرێ و هزر لدویف هزرێ هاتنە پێش چاڤا .. نە دزانی بوچی ئەڤرو هەرکوڕێوێ (چەپەر) ل بیرێ یە نە دزانی بوچی هەژ روژا بووی وب پێا چوبیو بویە چوار سالی و هەکو دانایە مزگەفتێو نەخاندی هەتا مازنبوی.. هەمی هاتنە بیرێ بەری کو ئێڤارا زوی دهێت بسەر گوندی دایگریت .. بەژنا زەلامەکی دیت هەچکو تشتەك ببشتێڤە یێ دهێتە گوندی...

دەیکا چەپەری نەدزانی بوچی چاڤێ وێ مال وی زەلامی ... زەلامێژی رێکا خو گرتبو و ژێهەل دهات ...

کۆلان کۆلانە ... تا نێزیکی مالا دەیکا چەپەری بووی و لسەر بەرباتگی وێ رویشت ... بسەر بەربانگی کەت ...

ـ خالەت کی یە دەیکا چەپەری ... ؟

ـ ئەزم خالەت گۆری ... تو هەڤالێ وی ؟

ـ بەلێ ...

ئاخفتنا خو دگوت و گوینیك خو ژ پشتا خو دانا و بەر پیرەژنێ دادا و ردەتینەك هات وپشتا خودا پیرەژنێ هێدیکا ژ بەربانکی هاتە خار و رێکا خو گرت و ژگوندی دەرکەڤت ..

دەیکا چەپەری ژی چاڤێت وێ دسەریدا زیت بونو ... تێ نە گەهشت کانێ زەلامی چ گوت ... لێ بچاڤەکێ بترس بەرێخودا گوینیکی هەچکو ئێکی دلی وێ ژێ ئینایە دەرێو هاڤێتیە بەر پشیکاو لسەر کریە شەر پاشی ئەو رچا ژێ مای کریە د وی گوینیکیدا و ئینایە وێری ...

دەستیت وێ لەرزین وهەواریەك دسینگی دا هاتە ڤەکوشتنو ناخفێت وێ زوهابون ... بێهنەخوش نە دشیا بلفلیت هەچکو بەرەکەو نە مروفەکێ برەوحە ... ئەوا تا وێ گاڤێ بشاهی وبدل خوشی بەحسێ مێرخاسێیت و زەلامیێت کوڕێ خو چەپەری دکرن ... هزرکر نکو گوینیك یێ دلفلیت و یێ بروح دکەڤیت و ... گوینیك دلەیزیت .. ستورانا دبێژیت ... چەپەر ژێ دەردکەت ببەژنا خویا بلندڤە و چاڤێت رەش وسمێلێت دەردکەت و رونیشتە بسەر سینگێ دەیکا خو نەوەکی عەدەتێ خو ... دەستێ دەیکا خو ماچ دکرو دروینشتە دەڤ وەکی بچویکەکی بچویك وێ ژی دەستێ خو بسەرێدا دئیتا خارێو بوودکرە گری ... عەدەتێ وێ بوو چەند دیتیا کو چەپەر شەرێ وێ ناکەت و برەمەتی بەرێخو ددەتێ گریا وێ دهات ... چەپەری دگوتێ : ـ

ـ دادێ بومن ژنکەکێ بخازن من دڤێت بیمە زاڤا...

ـ دەکیا چەپەری ئەو چ توڤەك بوو هاتی ئەو گوینیك دانایە بەرسینگ تە ؟؟

جلفەك ڤ دە یکا چەپەری کەت و ژ خەونا خو رەڤی ل دور خو زڤری دگوتە بابێ چەپەری ئەوێ دگەل دئاخفت ...

ـ نزانم بەس کوت ئەڤە چەپەرە ...

بلەز بابێ چەپەری خوف سەر بەربانگیدا گەهاندو ودەستێ خو هاڤیتێ ... پاشی دەستێ خو ئینا دەرێ وبنێ گوینیکی گرت وسەر نشیڤ کر دەرسوك وشەل وشەبەك و

بڕوانە ل : ٧

خەونەکێ

هوین هەمی بزانن ئاشتم
لەوما وەکو بەحسێ یارێ ل با من دکەن ..
تەزنك لەشێ من دگرن و ئەدجتم
لێ یارا من نزانم بو
ئەز هوی کرم ڤیانا خو
بەر سپێدەکێ هێشتا ئەز دخەو
بارکرو چو
نەیارا من جی جهێت ئاکنجی هەنە
کو ل دویف بگەرم
حەتا شوین ڤێت وێ دبەرزەنە
لەو شەپرزەمەو بێ سەرم
× ×
گەلەك شەڤا تێتە با من
پرچەکێ قژ یێ ل سەر ملا
تەصرێ رێیێت لێ رەڤاندین
ژ خەریبی یا
ژ بنێ پی یا
ئا خیتکێت دژوار ڤێ دکەڤن
ب هەر دوو خو من دگریت
من دهەلیسیت
دگریت ... دگریت
پاش ئێك سەر
دبیتن گوترە د دەستیت من داو
دەهبەیەك ژ دەستێ من دکێشیتە دەر
ئەز خو دقوتم
خو ئەدچرم
دکەمە هەوار
دگە قیژیێت خو هشیار دبم
لحێڤا من یا ژ سەر من چوی
ناهلیك یا بێ سەرو بەرە
• بالیفکا من یا تەزی یە
روندکێت من تەرە • • تەرە

محسن قوچان

چەژنا سەرسالێ

● خدرێ سلیمان ●

سالا نوو ل جەم نێزدیا ژ چارشەمبووا ئێکێ ژ هەیڤا نیسانا شەرقی دەستپێدکەت .. ژ بەر ڤێ چەندێ روژا یەکەم چارشەمبووا ڤێ مەهێ جەژنا سەر سالێ ، جەژنەکە ب شازو گرە سرو سەقەما دنیایێ ب بدورستی دشکێت، قیژینیا نیفرۆیێت هاڤینێ هێشتا ب سەردا نەهاتی یە ، دنیایە هوون و فێنك و خۆشە نەیە سارەو نەیە گەرمە ، کۆکا وەرزێ بەهارێ یە دەشت و دەر ، چۆل و بەیار ، گرك و دۆل ، ب کەسکاتیێ و نەفەلێ و، کولیلك و پەنیرۆتك و، قیفارو گیایك و ، کەنگرو کاری و ، سیرك و نێرگزو ، ریحانۆتکا یە رازاندی و خەملی یە ... هەیڤا نیسانێ مەهەکە پیرۆزە دناف هەیڤێت سالێدا هەتا ڤێ گاڤێ ژی نێزدی داوەتا دڤێ مەهێدا ناکەن ژنا نائینن دبێژن : **(نیسان ب خۆ بووکا هەیڤایە « مەلەك زێن » دڤێ مەهێدا تێتە خواری و دەنگ دکەت ل بەهارێ نە ل هێرە بگرە هەتا ب چیایێ شنگاری .. ** نیسان بووکا خەملی یە چوو بوکێت جوانترو قەشەنگ و شەپالتر دسەر خۆرا نابینت.. ئێجا جەژنەکە هۆسا پیرۆز دڤێت ئەو هەیامەك بت بەری هینگی خۆ بۆراب کارکربن ، دبینی کابانیێت ناف مالا چاخێ دگەهتە هەڤ باسێ هێکاو خرڤەکرنا وان دکەن ئەڤە دبێژت من سەد هێکەك وێ دخرکرین یادی دبێژت من لبەر بوو ئیسال گەلەکا کۆم کەم بەلێ پا مێڤانیێت مە دبژشن ... مالخۆیێت مالا باس هەر باسێ سەربرایە ئەڤە دبێژت من بەرخکەکی هزسا یێ راچاف کری و ئێدی دبێرت ما مە ژ سەرسالێ پیرۆزتر هەیە چ بکەین هێشتا یەکێمە .. هێڤارا جەژنێ ئانکۆ سێ شەمبوویێ دەرو نیفرۆ کابانی دبەزنە کلۆسکاو هێکا دئینەدەرو جۆرە گیایەکێ دئینن و هێکا دنافدا دکەلینن و پاشی ب دەرمانکا سۆرو زەرو کەسك و ڕەنگاو ڕەنگ دکەن ... مالخۆیێت مالێ ژی سەربرێت خۆ ئەدکوژن و دگروون و بەرهەڤ دکەن ، هەر لوێ ڕۆژێ جۆرە نانەکی دپێژن دبێژنێ سەوك کۆ ب ڕوونی دبێژن ...

یەفەرە هەر مالەك هێڤارا جەژنێ نانەکێ یان دووا بۆ هەر مالەکێ ژمالێت گوندی ببەتو هەکە بواڕا نەبر ئانکو ژێك دزیزو قەهەرینە،.. خۆ هەکە ژێك دسل بن و سەوك بواڕا برن نیشانا دلخۆشی و پێك هاتنێ یە شەڤا چارشەمبووێ هێشتا بەدلەکا شەڤێ مای ژ خەوێ رادبن کوڕو کچ قەستا گرك و دۆلا دکەن کولیلك و بەیبونا دچنن و دئینەمال بەری ب کەڤتە نیستاتێ هەمووا هندەك ئاخا ژ ئاخکۆلکا بەرهەڤ کری چونکە مەها نیسانێ چێ نابت عەردی ـ ب کۆلن گونهەیە عەردێ ئافزە ، دەمێ شین بوونێ یە کابانێ ژی شیرارکا دهاڤێنە پشتا خۆو وقستا بێرێ دکەن دابچەکە شیری بدۆشن و بتە هێڤێن بۆ سالێ هەمووی دچن ب لەزو بەز هەر بێریڤانەك دووسێ پەزەکا ددۆست و دزڤرنە مالو شڤانو . بەرخەڤان ژبەر خابرا سالا نوو پەزو بەرخك و کارا تێکەل دکەن دا ساڤا ماکا بەمێژینت و ئەوژی دلخۆش بن سەیکێ شەبەقێ کابانی کولیلك و بەیبونا ل دەرێ مالێ ددەن و هەر خانی یەکی ژخانیێت مالێ ژی دوو سێ قەفتیت کولیکا ب سەرەدەرێ ڤەدکەن و هێکا دشکێنن و قاچکێت ڕەنگاو ڕەنگ کری ل سەر ددەن چنکو جەژنە جەژنا سالا نوویە ، بەهارە دڤێت هەموو تشتێ خەملی بت .. سبەیکێ هەر مالەك ژ مالا کۆتکەکا ماستی ددەستێ زارۆکەکێ خۆ دکەت و بۆ مالا دبت بەلێ دەست فالا نازفرت هەر مالەکا بواڕا ماستی ببەت چەند هێکەکا ددەتێ . . ڕۆز ڕۆژا زارۆکایە نەیا وانو بەس ڕۆژا کچو کوڕو لاوایە ڕۆژا پیرەمێرو پیرەژنایە فێ ڕۆژێ هەموو ددەستوردایە ژ خۆڕا یاریا بکەن چەند تەرزێن یاریا دکەن (هێکانێ ، کابانێ ، هتد) هیکانێ ئەوە هەر ئێك ژ خۆڕا هیکەکا قایم و موکم هلدبژێرت و دکەتە دەقێ خۆو هێکانێ دکەن هەرچی هێکا وی شکەست دبتە پشکا هەڤالێ وی ئێجا هەکە ئێکی هێکەکە قایم هەبت بخۆ کۆشەکا هیکا دبەت یاری یا مێشکانێ ئەوە چەند کیژو کوڕەك هەر ئێك هێکەکێ دێ دانە عەردی و هەرچی مێشکەکێ لسەر هێکا وی دانا هەموو دبنە بەهرا وی ...

ئێجا وێ ڕۆژێ هەموو دچنە پیرۆز بایا ئێکو دوو مال ب مال داگەڕین و هەر چ مالا بچنێ دێ هێکا لبەر وان دانێن وەدست ب هێکانێ کەن.. بەلێ پا شڤانو بەرخەڤانێد ل دەشتێ لبەر پەزی ، پەزو خودان کرنا وی شڤان کاری جهەکێ دیاری کری ددانو ستاندن و بیرو باوەریا واندا وێ هەی شڤانیێت خۆ ژبیرناکەن ، دۆرو بەری نیفرۆ بێری هەر ئێك خوارنەکا قەدەر حالێ خۆ لێ دنێیت و خەلاتەکی دگەل خۆ هلدگرت و دچنە پەزی سەر کەری(١) بر کۆ چاخێ نێزیکی شڤانی دبن شڤان ب سەرێ پەزەکێ دگرت و دئینتە پێشی یا وان پێش کێش بێریا دکەت ئەو ژی خوارنا ئینایە رادخێن و خەلات و دیاریا ددەنە شڤانو بەرخەڤانی ب کەیفو خۆشی یاری و لاقەردی و دیلانا دکەن ... هێڤاری دزڤرنە مالی . .. هێڤاری هندەك خۆرت لاو ژ کچو کوڕا قەستا دەشتێ دکەن دا پەزو بەرخکا ژێك جودا کەن و دزڤرنە مال ، .. بەلێ یاری و رابواردن و خۆشی ب فێ چەلدی خلامی نابن بەلکو ژ نوو شەمالك تێتە هلکرن ژ نوو ئەڤە هنگاڤا ئێکێ یە ئەڤ کەیفو خۆشی نێزیکی مەهو نیڤەکا ئەدکێشن و دینە تەواف و هەر ئینیەکی ل گوندەکی دبنە مێڤان لێ ووتارێ لسەر وێ چەندێ نا ئاخڤم دێ هێلمە پشکا دوومێ ل ژێر نافێ (تەوافیت نێزدیا) .. بەلێ من دڤێت چەند پەیفەکا دەرهەڤێ ڤێ جەژنێ بنڤێسم ئەرێ نێزدی ژ کەنگی وەرە ڤێ جەژنێ دکەن پشتی مەزانی کو ئەڤە سەرێ سالا نوویەو خودێ مەزن (نێزی) مەلەکەکی ژ هەر هەفت ملیاکەتا دهنێرتە عەردی ، دا کاروبارێ دنیایێ وێ سالێ بڕێڤە ببەت و سەرو گوها لێ بکەت هەر هۆسا ئەڤە جەژنا سروشتی یە جەژنا ڤەژین و بوژاندنا جانوەرا ژ درەختو پەزو دارو دەوەن و هەمی گیاندارا . .. دبێژم هەر وەکی گەلەك دزانن هەکە بدورستی نزانین سەرهلدانا ڤێ جەژنێ لجەم وان کەنگی یە بوویە لێ ئەو دبێژن کا ئەنترین و پیرۆزترین جەژنا مە سەر سالە ، ..ئەم ژ مێژوویێ دزانین مللەتێت مبسۆپۆتامیا بەری شەش هەفت هەزار سالا نەخاسما بابلیاو پاش وان ئاشوریا جۆرە جەژنەکا هۆسا هەبوو هەروەها مللەتێت ئاری ـ ئنرانی جەژنا سروشتێو سەر سالی وا هەی و ژ کەـ فندا ب چافەکێ پیرۆز بەرێ خز ددەنێ مەبەست جەژنا

بڕوانە : ل : ٧

هشیارو بابێ خو

محسن سلێڤانەیی

رۆژەکێ لگەل بانگی سپێدێ بابێ هشیاری ژ خەو رابی ، دەیکا هشیاری ژك هشیار کردا بو وی خارنێ چێکت . بابێ هشیاری چوو دەستو چاڤێن خو بشوت لسەر کانی یێ ـ ئەوا برەخ کوندی شە لناف جنیکا ـ .

تێشت چێکریە ، ئەواهە چایە لسەر کوچکی » .

رینشتە خارێو دەیکا هشیاری چائینا . بروخ رینشت ، بو تێکرو ئەوی دەسلت بخارنێ کر .

ژبەر چەڤە چەڤا کەڤچکێ پیالێ هشیار ژخەورابی و کوت :« ئەڤە بابێ من دێ کیڤەچت؟» دەیکاوی گوت : « کوڕێ من بنڤە ، ناچت چ درا ، بەسی بو ناف رەزی» . هشیار گوت:

دەیکێ بابێ من چ رۆژا لڤی دەمی نە چوویە ناف رەزی ، ئەو دێ چنە درەکێ دی » .

دەیکا وی هندی بو گوت ، نەهەرێ هشیاری باوەرنەکر . ئینا بابێ وی لێ زڤری و کوت: « ئەز دێ چمە نێرگزا الجیای، ما تو دێ ئێ ؟ » . هشیاری ژك لێ زڤراند : « بەلێ ئەز دێ ئیم » ، بابێ وی گوتێ : « دێ زی رابە دەستو چاڤێن خو بشوو وەرە تێشتێ بخو » . هشیاری رابی چوو سەرکانی یێ ، دەستو چاڤێن خو شیشتن و هات لگەل بابێ خو خارن خار . چرا خلاس بین ژ خارنێ هەردوکا کارێ خو یێ چوونێ کرن ، ودەرکەفتن ، هشیارو بابێ خو گەهشتنە دەڤەرا نێرگزا الگەلی یەکێ کیرو درێژ . هەردو رینشتنە خارێ لسەر تەحتەکێ دنیڤەکا گەلی دا . هشیار دبێت کەوەکێ لسەر کەفرەکێ بلند بێت دخینت ، گەلەك دلێ هشیاری کەفتێ ، وگوت : « باب تو بو من ئەڤە ئەو کەوێ هە ناگرێ؟» بابێ وی لێ زڤراند : « کوڕێ من ئەڤە هەر کەوێ **تەیە ، چێنابت بگرم » . ئینا هشیاری کرە گری و گوت :**

«ئیللە من دڤێت، دەنگێ وێ گەلەك خوشە» . بابی وی گوتێ :

« هشیار ، تە دڤێت ڤێ گاڤێ ئێك دەستو پێن تە گرێت ، یان تە باڤێژتە دزیدانە کێدا ؟ » . هشیاری دا هزرێی خو ، بێهنەکێ ما ، دیڤرا چاڤێن خو پاڤش کری و گوت :

« نە من نەڤێت » . ئیجە بابێ وی لێ زڤراند : « با چاوا تە دڤێت بو کەوێ بێ ئەزمان ؟ » . ئینا هشیاری گوتێ : « راستە باب ئەز خەلەتم لمن نەگرە » .

بابێ هشیاری گوتێ کوڕێ من لڤێرێ بە ، ئەز دێ بڤێ لاتێ ڤەچم نێرگزێن هە .

هشیار : نە باب ، تو نەشێ پێڤە بچێ ، بێقام بلندە وگەلەك راستە دێ کەڤێ .

باب : نە کوڕێ من ، نەترسە ، بسانەهی یە ، ڤێ گاڤێ دێ چم نێرگزا بو تە ئینم .

بابێ هشیاری لبەر کەفرێ رارەستایە ، ودبینت گەلەك بلندە ، گەلی ژك نەخوشە پر دەحل و کەناری یە .

بەلێ ئەڤ پلنداهی یەو کەناریێت هە بو وی نەبینە ئاستەنگ ، دەست بێڤە چوونێ کر . پچەکێ پێڤەچوو ، دەستێ خو هاڤێنە کەلشتوکە کێو ما راوەستای ، نەشێت بلفت ، چونکو لێڤێن وێ کەلشتوکێ لسەر پلێ بین . بێهنەکێ ما وەسا راوەستای ، گەفت . هشیار کرەهەوارو کرەگری بابێ وی هات ژبن کەناری یا دەرکەفت ، ودەستێن خو بەرێ هشیاری نا ئینان ، وگوت : **« نەگری کوڕێ من ، هشیار ، پێدڤی یە بو تە نێرگزا بینم ، چ لمن نائینت ڤەد نەترسە » .**

جارەك دی بابێ هشیاری دەست بێڤەچوونێ کر ، حەتا گەهشتە نێزیکی نێرگزا وئەوێ لنێزیکی نێرگزا دەستو پێن وی دڤەمین ، ونزاتی دێ چکت ، بەرێ خو دتێ لڤی رەخی لڤی رەخی بنەکا گیای دبینت لرەخێ دەستێ چەپێ ، دەستێ خو دگەهینتێ کو دا خو پێ بگرت ، گیا بدەستێ وی ڤە دئیت وجار دی ڤبنێ گەلی دکەڤت ناف دەحل و کەناری یادا .

چاڤێن وی شین دبن وخین ژ سەرو ئالەکا دئیت . هشیار دکەڤتە وێرێ نەهشیاردبت ، بەلێ بابێ وی دەمێ با لنێرگزا ددت و بێهنا وان لنکڤە لێددت دلێ وی دسۆزت ، وکرێن ژێ دئیت.

گوهـ نەدا کوڕێ خو ونەراوەستا حەتا گەهشتە نێرگزا .

بێتر بێهن کرێ ، وهەمی کرن بو هشیاری ئینان .

لندافی هشیاری راوەستایە ونێر گزێن دلەیادا ، پچەك بسەرڤە چوو دچت ، هشیار هشیاردبت وخو دهاڤێتە بابێ خو ودچتە ستۆبی وی .

پشتی هەردو رەحەت دبن بابێ وی نێرگزا نیشا ددت ، دکتە دەستادا ودبێژت :

« بێ نەخوشی نێرگز ناڤێنە کرن » .

« یێ ژ زیلکا مێشا هێگفینی بترست ، هێگفینی ناخوت ».

من نەزانی

من نەزانی
من نەزانی کو ئەڤینی
هندە ئێشا
هندە ژانا
هندە خەما
دێ ئینیتن بۆ سەرێمن
دێ حەلینت ڤی دلێمن
من نەزانی
دێ طاریێ بەلافکەتن ناف رۆژێتمن
دێ وەرپێچتن خەونێتمن
خوشیێتمن و
من نەزانی
دێ ل ژینا من
درێژو ئالوزکەت ریکا
دێ درکا لێشینکەت و ئافدەت ب روندکا
دی وەرینتن گولێتمن
نە ب خودێ من قەد نەزانی
دی وەسا زی
وەك دوو گاڤا
ژبەر دوو چاڤا
بمە ماسی لدویری ئاڤا
من نەزانی
دێ بێ کەنی و
بێ خوشی بم
دێ هەر ب هزرو تەخمین بم
تو عەمرێمن

دلێمن یێ برینداده
چەندێ ژارە
یێ ب لەرزو دەرزو هەوارە
ناف پەراسیا ئاکرەکە نافەمرتن
رەژباوێ لەفەنو بایە
خوشی و کەنیە
ناف لەشی بریسی و تایە
تۆ جانامن
چاڤ ب کەنیە
دل ب گریە
بەلێ بلا .. هەمجا بلا.
ئەز نابێژم نەشێم برازم
ئەز نابێژم ئەزبێ باسم
ئەز بو کی بێژم حالێخو
چیرۆکا خو
بو کی ئەکەم ئەز دلێخو و
کەسێ نابینم ل دور خو
ژبلی دلێ باش خشکەکێ
قەد نەشیم بێژمێ قەسەکێ
ژکیڤە بینم بهنو سەبرێو
ئەز ل بەر بابێ غەمگینیێ
وەکی ترحێ بەردوشینم
ژکیڤە بینم تەناهی یێو
ئەزێ کە تیمە ئەڤینیا
ناکەهتە چ داڤو دەرا
ڤێت ئەشێرم ل بن پەرا

تێ نەگەهینم چ برا
ئەزم خودانێ ئەڤینیا مەزنو ژار
وەکی چیچکا پەر فوساندی و بێهیلین
نەدزانم دێ چەوا فرم
تەدزانم دێ گێڤەچم
دا دیربم ژنە خوشیادژوار
من نەزانی
کچێ ب خودێ من نەزانی
دێ هۆلمن کەت ئەڤینیاتە
دێ من ئێشینت هزراتە
ما من دزانی .. ؟!
دێ لمن درێژکەتن شەڤا
دێ خەوامن بەت ژ چاڤا
خوزی من تو
نەدیتبایە
چاڤ ب چاڤی
نەکەتبایە
کی دێ لمن ڤەکەتن دەری
کی دێ ڤەمرینیت ئاگری
بەلێ ژخویە .. هەمی ژخوبە
بفرێ خۆش و سەقاگری
زی و موکم کەتە سەرسەری
ئەڤینیاتە .. یابێ هیڤی
دلێمن ژنیڤێ کەرکری ..

● نزار بەزاز ●

Institut Kurde de Paris

پاشماوەی دەقی وتووێژەکەی بەڕێز صدام حسین بۆگۆڤاری "دیرشبیگل"

ئێوە نەتەوەی عەرەب لە لایەن ئیسرائیلەوە هەرەشەتان لێ دەکرێ ؟

جێگری بەڕێز : راستی‌یەکەی ، ئەوە ئیسرائیلە کە سەرزەمینی ئێمەی داگیرکردوە ، ئێمە نین کە سەرزەمینی ئەومان داگیر کردبێ ، بەڵام چۆن ژمارەیەکی بچووک سەرزەمینی ژمارەیەکی گەورە داگیر دەکا ، ئەمە پرسیارێکی رەوایە .. رۆژئاواش لە هەموو کەس باشتر ئەم راستی‌یە دەزانێ . ئەو ژمارەی جوولەکەیەی کە ئێستا لە ئیسرائیلن ئەو جوولەکانە نین کە لە بارو لە هەلدا لەگەل عەرەبدا لە پەرەسەندنو پێشکەوتنیاندا ، چ زابردوو وچ لە ئێستادا ، هاوکوفین ئەوانەی ئێستا لە ناو قەوارەی زایۆنیدان لەو کەسانەن کە لە ترسناکترین ئەلقەی تەکنیکیو زانستیو کۆمەڵایەتی لە پێشکەوتندا ، لە ئەڵەمانیای رۆژئاواو ئینگلتەرەو یەکێتی سۆڤیەتو ئەمەریکاو فەرەنساو پۆلۆنیا .. هتد کۆ کراونەتەوە .

ئێوەش دەزانن کەوا پێشکەوتنی زانیاریو تەکنیکی لەم وڵاتانەدا لە عەرەبەکان لە پێشترە چونکە عەرەبەکان ژێردەستەی ئیستیعمار بوون .. وشێوەکانی حوکمی عوسمانیو پاش ئەوە ئیستیعماری رۆژئاوا ؛ وەزعێکی ناسراوی دواکەوتوویی بەسەر عەرەبەکاندا داسەپاند .. بۆیە عەرەبەکان ، لە باری زانیاریەوە ، لەگەل ئیسرائیلدا ناجەنگن بەلکو لەگەل ئەلقەیەکدا دەجەنگن کە لە باری پێشکەوتنەوە لە هەموویان ترسناکترو پێشکەوتووترە کە لە پۆلۆنیاو لە ئەمەریکاو لە یەکێتی سۆڤیەتەوە هاتوون لە ڕێگای ئەو زایۆنیانەو کە بۆ سەرزەمینی داگیر کراوی عەرەب کۆچیان کردووو لە قەوارەی زایۆنیدا کۆ کراونەتەوە .. ئەماش بە ئێکە لەو هۆیانەی کە مەرکەزیانەکە باڵ بەعەرەبەوە دەنێن بەرەو پێشکەوتنی خێرا چونکە ئەوان بەرئەنکاری دوشمنێکی ئەوتو برچەک و بەتوانای زانیاری ولەتەکنیکی دەکەن لە لەهەموو قوژبنی جیهانەو وەرکۆ کراونەتەوە جگە لەمە . ئێوە دەزانن کە خێ بە هەڵە بردنێکی زانراو هەیە لەوەدا کە دەوترێ قەوارەی زایۆنی بەردنگاری هەموو عەرەب بێتەوە بوە .. چونکە قەوارەی زایۆنی لە کاری دژایەتی‌دا مەبەستی هەموو عەرەبە بەڵام بارو دۆخی دایەشکراوی و هۆی تر وایان کردوە کە عەرەب هەموو لە یەک مەلبەندی بەردنگاری فیعلی دژ بە قەوارەی زایۆنی دا نەبن . بەلکو ئەوەی کە بەرەنگاری قەوارەی زایۆنی دەکا ئەو هێزانەن کە بە شێوەیەکی هەمیشەیی یان تەنها لە وەزعی جەنگدا لەمل ملانێ دان .. زۆر جاریش تەنانەت توانا کانی ئەم هێزانەش بە شێوەی پێویست بۆ بەرەنگاربوونی مەترسی هاوبەشی ڕێکوپێک نەکراون

رۆژنامە نووس : ئایا عەرەبەکان پێویستیان بەم مەبدا نخوازیە هەیە بۆ پێشکەوتن .

جێگری بەڕێز : نەء .. ئێمە دروستمان نەکردوە . خەڵکی تر دروستی کردوە . بەڵام ئێمە بۆ پاراستنی ئەو پەیامەمان کە باسمان کرد . ناچارین بەلکو پێویستە لە سەرمان تووی ژیان لە ناو نەتەوەی عەرەبدا زیندوو بکەینەوەو بیخەینەوە کار بۆ خێراکردنی کاروباری پێشکەوتن تا بتوانێ پارێزگاری لەو رەوتەی بکا کە کەوتۆتە بەر هەڕەشە .. چونکە تۆوەکانی نەتەوەی عەرەب ئەوەندە زبندوە کە مەترسی دەست درێژی کردنی لێ ناکرێ لە لایەن دوژمنی دەست رۆیشتووەوە .. ونەو دوژمنە ـەستڕۆیشتوە ئێستا بوە بە هۆیەک لە هۆیەکانی پێشکەوتنی خێرای .. بۆیە ئێمە لەو باوەڕەداین کەوا ئەتەوەی خێراتر لە سەلاڵانی ڕابردوو پێش دەکەوێ ، بۆیە ئێمە بە توانایی خۆمان لەو لاوازیەماندا دەبینین کە خەڵکی تر بیری لی دەکەنەوە ،.. ولە ناوچوونی دوژمن لە، توانایەی‌دا دەبینین کە بیری لێ دەکرێتەوە ، چونکە هۆی دەستڕۆیشتوویی قەوارەی زایۆنی لە بزواندنی رای گشتی‌دا لای ئێوە ، ئەوەیە لە ناوتاندا جوولەکەی زایۆنی هەن .. هەر جۆرێک بێ ، من پە گشتی باسی کۆمەڵگای ئەوروپا دەکەم بە کۆمەڵگای ئەڵمانیاشەوە .. چونکە زایۆنی دوژمن لە مافی عەرەب ناکشێتەوەو هەر بە هێنانی جوولەکەی زایۆنی زیاتر لە لەکۆمەڵگاکانی دەرەوە بەرەنگاری پەرەسەندنی وزەو تواناکانی عەرەب دەبێو ئەگەر بێتو بتوانێ هەموو ئەو چوارده ملیۆن جوولەکەیەی کە لە هەموو جیهاندا هەن بکا بە زایۆنیو وبیانهێنێ بۆ قەوارەی زایۆنی ، توانای عەرەب هەر پەرەدەسێنێو ئیتر ئەو کارکردنەی لە دەست دەچێ کە دەیکردە سەر ئەو کۆمەڵگایانەی کە جوولەکە زایۆنیەکانی ئێوە کۆدەکرایەوەو ئەو کۆمەڵگایانە لە فیکری زایۆنی رزگاریان دەبێ .. وکۆمەڵگا ئەوروپیو ئەمەریکیەکان بە شێوەیەکی تایبەتی ناکۆکی نێوان سوودو قازانجی نیشتیمانی خۆیانو سوودو قازانجی قەوارەی دوژمنانەی زایۆنیان بۆ دەردەکەوێ .. بگرە دەولەتی زایۆنیەکان ، بە گوێرەی ئەو تیۆری مەزنیخوازیە تایبەتی‌یەی کە هەیەتی ، هەول دەدا سوودو قازانجی تایبەتی ئەوتۆ بۆ خۆی بهێنێتە دی کە لە سوودو قازانجی ئەوروپاو ئەمەریکا جیاواز .. سوودو قازانجی ئابوورییو بازرگانی لە ئاسیاو ئەفریقاو ئەمەریکای لاتینی .. ئەو کاتە دەکەوێتە پێکدا پرژان لەگەل سودو قازانجی دەولەتە رۆژئاوایی‌یەکاندا .. ئەمەش سود بە عەرەبەکان دەگەیەنێ .. بەم جۆرە دەبینی ئەو کارەی بۆ خۆئامادەکردن دەیکەین نە بەلەیەونەخاو ، بەڵام سەبرمان کەم نیەو سووریمان لەسەر بەرەوپێشەوە چوون سنووری بۆ نیەتا هەموو ئامانجەکانی نەتەوە نەهێنینەدی .

رۆژنامەنووس : جێگری بەڕێز .. چۆن دەنواڕنە مەسەلەی ئەو جوولەکانەی کە لە یەکێتی سۆڤیەتەوە هاتوون ؟

جێگری بەڕێز : ئێمە بە یەک چاو سەیری هەموو جوولەکەکان دەکەین ، لە هەر جێیەکەوە هاتبن ، چونکە کاتێک کە سەرزەمینو نیشتیمانی خۆیان بەجێ دەهێڵن .. دەست لە جنسیەی خۆیان دەهێنن ، مانای ئەوەیە بوونەتە زایۆنیو تفاقو کەرەستەی زایۆنی دوژمنن بۆ کرداری دژانە دژی عەرەب .. بۆیە لە سەر ئەم بنەرەتە دەنوارینە گشتیان ، بە پێچەوانەی ئەو جوولەکانەی کە شانازی بە هاونیشتیمانیەتیو سەرزەمینی نیشتیمانی خۆیانەوە لە ئەڵەمانیا وئینگلتەرەو یەکێتی سۆڤیەتو ئەمەریکاو لە هەموو جێگایەکی تر دەکەنو کۆچ ناکەنو ڕێز لە مافو ئازادی گەلان دەگرن .. بەو چاوە سەیری ئەمان ناکەین کە سەیری ئەو جوولەکانەی پێ دەکەین کە وڵاتەکانی خۆیان بەجێ دەهێڵن ، تەنانەت ئەگەر لە باری سەرنجیشدا لەگەلیاندا ڕێک نەکەوین .. چونکە بنەڕەتی تیۆرەکەمان ئەوەبە کە ململانێ لە نێوان جوولەکەو عەرەبدا نیە.. بەلکو لە نێوان راستی ناراستی دایە ..لە نیوان عەرەبدا کە مافیان داگیرکراوەو وئەو جوولەکانەدا کە داوای پەل‌کوتانو تەرز هەڵدان وخۆ دروستکردن دەکەن لەسەر حیسابی خەڵکی ترو سەرزەمینی عەرەب داگیر دەکەن .

رۆژنامەنوس : بەڵام جێگری بەڕێز ئەگەر ڕێگەم بدەی ، سەرۆکی میسری دەڵێ جگە لە گفتوگۆکردن بەولاوە هیچ ڕێگایەک نیەو سینابەم ڕێگەیەبە وە گەڕایەوە بۆ میسر .. ئەی بۆچی گفتوگۆکردن لەگەل ئیسرائیلدا دەدەنە دواوە .

جێگری بەڕێز : دوو نوختەی ئەساسی هەیە .. ئێمە وای تێ دەگەین کەوا هەموو عەرەبێک لە هەر جێگەیەک بێ فرمانێکی پیرۆزی لەسەرە بۆ داکۆکی‌کردن لە مافە داگیرکراوە کانی عەرەب لە فلستینو ئۆبالی داکۆکی کردن‌لە مافە داگیرکراوە کانیان تەنها ناکەوێتە سەر فەلەستینەکان خۆیان ، بەڵام ئەمە بۆ وایە ، چونکە ئێمە وەکو عەرەب لەوەوە بۆی دەچین کە ئێمە یەک نەتەوەین لە نیشتمانی عەرەبدا کە نیشتیمانی هەموومانە.. وفەلەستینەکان ئەگەر عەرەب نەبوونایە وسەرزەمینەکەیان لەم شوێنەی نیشیمانی عەرەبدانە بوایە لەوانەبوو سەرزەمینەکەیان لە دەست نەچوایە . . بۆیە عەرەبەکان ئۆبالی داکۆکی کردنیان لە مافی داگیرکراو لە دولاوە دەکەوێتە سەر .. مەبدەئی گشتیو عەمەلیو مەبدەئی تایبەتی

با بێینەوە سەر خوکمڕانەکەی میسر .. بۆچی سینامان لەدەست چوو .. وکاتێک کە باسی ئەوە دەکەم کە میسر سینای لە دەست چوو ، ئەمە لەبەر ئەوەیە کە میسری ڕەسمی دەوری خۆیو پەیوەندی لەگەل عەرەبدا لەسەر بنچینەی ئەو مەفهومە دەناسی کە باسمان‌کردو هەر لەسەر ئەم بنچینەیەش داکۆکی لە سەرزەمینی داگیرکراو دەکرد .. جگە لەمە ، چۆن لە دەسەڵاتداری دەگەین .. ئایا بەو جۆرە نێی دەگەین کەوا بریتیە لە گۆڕینی حوکمڕانێکی بێگانە بە حوکمڕانێکی بێگانەی تر ودەسەڵاتداریەکی بێگانە بە یەکێکی‌تر .. لە باری عەمەلیەوە سادات تەنها بەناو هەندێکی لە سینا وەرگرتەوە ووای کرد کە ئەمەریکا ، لە جیاتی داگیرکاری زایۆنی ، سینا بە شێوەی سوپایی داگیر بکا .. هەروەها وای کرد ئەمەریکاو ئیسرائیل بە سیاسەتو بە ئابوورییو بە ڕۆشنبیریو بە هەموو حالاکیەکانی تر هەموو میسر داگیر بکەن .. ئیتر چۆن وای تێبگەین کە سادات سینای وەرگرتۆتەوە .. خۆزگە وەری نەگرتایەتەوە چونکە دوژمن تەنها لە سیناو دوور لە میسر دەمایەوە .. بەڵام ئێستا وا لە قاهیرە .. جگە لەمە دەستی لە فرمانی سەرشانی خۆی هەڵگرت ، لە کاتێکدا سینای بەو شێوەیە کە باسمان کرد وەرگرتەوە .

ئەو لەباری عەمەلیەوە مافی ڕەوایەتی‌دا بەداگیرکردنی سەر زەمینی تری عەرەبو مەیدانێکی دەسەڵاتداری بەربڵاوی لە هەموو میسردا خستە بەردەمی .. وئەو هەڵە تەکتیکیە سوپایی‌یە مێژوییە یەی‌دابەدوژمن‌کە لە کۆنەوە ئاواتەخوازی بوو ، کە بریتیە لە مەیاندنی هەندێ جەبهەی عەرەب لە باری سوپایی‌یەوە تا بە شێوەیەکی باشتر هەڵی بداتێ کە جەبهەکانی‌تر چارەسەر بکا ، بۆیە ناڕەزایمان بەرامبەر بە کردارەکەی سادات داکۆکی کردنێکە لە خۆو لە دەسەڵاتو لە شەرەف .. داکۆکی‌کردنە لە ئێستاو لە پاشەڕۆژی نەتەوە ، بەهەمان شێوە کە داکۆکی کردە لە ئێستاو پاشە ڕۆژی دەسەڵات وشەرەفی میسر .. لەبەر ئەم هۆیانە ، ئێستاو ئەوجار ؛ ئەورێگەو تنامەیان ڕەت کردەوە ورەت دەکەینەوە کە ناونراوە بە ڕێککەوتنامەی (ئاشتی)و کە سادات لەگەل قەوارەی زایۆنی‌دا ئیمزای کردو وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا دەستی پیرۆزبایی بەسەردا هێناو بۆ جێبەجێ‌کردنی هەوڵی‌دا .

رۆژنامەنووس : بەڵام جێگری بەڕێز ئەی دەست پێشخەری تر کامەیە..سادات دەڵی نەئێستا لە دوارۆژدا لە گفتوگۆکردن لەگەل ئیسرائیلدا بەولاوە هیچ ڕێگایەک نیە واتە بە فسەوباوەڕی ئەو ئەمە تەنها ڕێگەیە ؟

جێگری بەڕێز : بە درێژەی مێژوو ئەوانە بە چۆکا هاتوون هەمیشە وای تێ دەگەن کە ژیان تەنها بەیەک ڕێگادا دەڕۆا بۆیە هەرەس دێننو هەڵوێستیان وەکو هی ساداتی لێ دێت .. ئەوانەش کە مێژوو دروست دەکەن هەمیشە خۆیان بە هێزتر دەبینن‌و هەمیشە لە بەردەمی خۆیاندا کاتی زیاتر دەبین کە ئەشێ بۆ وەدی‌هێنانی ئامانجەکانیان بەکاری بهێنن‌و دەشبینن کەوا دواڕۆژ کرایەوە نەک داخراو .. ولە هەموو لقو هەلەکانی ژیاندا توانای ژین دەکەنەدی وبەم لایەدا دەچن .. بەلکو تەنانەت ئەو کاتەش کە لە پێناوی راسنی‌دا شەهید دەدەین ژیانیان لە بەردە وامدا هەر کراوەیە .

ژیان تەنها بە یەک شەڵەگەدا ناڕوا .. بۆیە ئێمە لەو باوەڕەداین کە قسەکەی سادات راست نیە ، ئێمە داوامان لە سادات نەکردوە مۆلەکەبازی بکا یان بە چۆکا بێ ، بەلکو پێمان وت بە چۆکا مەیە ، چونکە ئیرادەی قایم دەتوانێ دە ساڵی تر کار وخۆراگرتن ، تەنانەت بیست ساڵی تریش بخاتە سەر سی ساڵی مل ملانێکە .. ئەو کاتە وەزعی سادات‌و وەزعی عەرەبیش ناکەوێتە بەر زیان‌و لە ئێستای باشتر دەبێ .. ئەو کاتە سیاسەت دەتوانێ زیاتر بکا بە بێ ئەم ڕێگایەی کە سادات‌کردی .. و چەک دەتوانێ سەرفرازی‌و دەسەڵات ئازاد بکا ، کە سیاسەت نەیتوانی هیچ بکا .

رۆژنامە نووس : ـ جێگری بەڕێز .. سادات دەڵێت کە عەرەب ئێستاو دوا رۆژێکی نزیک ناتوانن بەبێ میسر هیچ شەڕێک لە گەڵ (ئیسرائیل) دا بکەن .. لە بەر ئەوە بە مەزندەی ئەو دەبێت دوای ئەو هەنگاوانەی بکەون کە دەینێت .

جێگری بەڕێز : ـ پێویست نی‌یە لە سەرمان کە شوێن هەنگاوی سادات بکەوین وەیا جەنگێکی سەرچڵانە لە گەڵ دوژمنی زایونیدا بکەین ، دوای ئەوە ئێمە وا تەماشای سادات ناکەین کە نوێنەری میسرە ، .. ئێوە دەبینن کە زوربەی حوکمڕانانی وڵاتانی دنیای سێهەم بە زۆری بە کودەتایەک دێنە سەر حوکمو بە کودەتایەکی تر لە سەر حوکم لادەبرێن .سادات بە کودەتا هاتوە وە لەوانەیەبەکودەتا بڕوات . بەڵام لە توانامانداا نی‌یە کە گەلی میسر بە هۆی کودەتایەکەوە دروست بکەین . وەیا هەر لایەنێکی تر بتوانی سروشتی نیشتمان پەروەرێتی‌و پەیوەندی نەتەوایەتی بە کودەتایەک بگۆڕێت سادات لە راستی و خواستی گەلەکەی دوور کەونەوە سەرەڕای ئەوەی لە خواستی نەتەوە دوور کەوتەوە .. واز لەو سەر ژمارە کردنە ٩٩٫٩٪ یانەی وڵاتانی دنیای‌سێهەم بهێنن .. زۆر هەن سەر ژماریان بە ژمارەی ٩٩٪ کردووە بەڵام کە دوای ئەوەی ڕویشتوون بینیومانە کە ٩٩٫٩٪ کارێکی دژواری ئەوانەو کارێکی ئیرادی پاکی بە چاکەی ئەوان نی‌یە .

ڕۆژنامە نووسەکە .. ئەو هەڵوێستانەی دواین وای لە سەرۆکی میسری کرد کە زیاتر لە سیاسەتەکەیدا ڕەفی بنوێنی‌و ڕێگای نزیک بوونەوەی لە (ئیسرائیل) زیاتر بگرێت .. چاکتر وانی‌یە کە بە نەرمی مامەلەی لە گەڵدا بکرێت بۆ ئەوەی مۆلەتی گەرانەوەی بۆ ڕێزی عەرەب بدرێتێ ..

جێگری بەڕێز : ـ هیچ ڕێگاو هۆیەک لە بەر دەمی عەرەبدا نەما کە بەکاری نەهێنن بۆ ئەوەی سادات نەگاتە ئەو شوێنەی کە گەیشتێ ، لەبەر ئەوە ئەو نەرمی‌یەی لەبەردەم عەرەبدا مابووە مانای ئەوەی ئەوەدا کە بچنە سەنگەرەکەیەوە .. وە چونە سەنگەری سادات لە خیانەت بەولاوە هیچی تر نی‌یە وەک لە مەوبەر ڕوونمان کردەوە .

رۆژنان نووسەکە : ـ بەڵام وەک دەوترێت کە بڕیارەکان سەرۆکی میسری نەگرتەوە بەلکو گەلی عەرەبی گرتەوە.. ئێوە خۆتان وتتان کە ئێوە ناتاوەڕێ سزای گەلی عەرەب بدەن لە میسردا .. ئایا ئەمە ڕاستە ..

جێگری بەڕێز : ـ وتمانو ئێستاش دەڵێین ئێمە نامانەوێ سزای گەلی میسر بدەین بەڵام ئایا هەمیشە ئەوەمان لە توانادایە لە حاڵەتێکی لەم بابەتە کە شوێنەوارەکانی لە هەموو مەبدانەکاندا گەل نەگرتەوە .. ئایا کاتێ ڕۆژ ئاوایەکانو سۆفیات شەڕی بەرامبەریان کردە سەر بەرلین مەبەستیان ئەوە بوو سزای گەلی ئەڵمانی بدەن .. ئەویش مانای ئایلوقەدانی خەتی هاتووچۆی دەولەتێکی بەرامبەرە لە شەردا سزادانی گەلە . ئێمە مەزەندەمان وایە کە دەبێت سیاسەتێک ڕەچاو بکرێت وا لە گەلی عەرەبی میسر بکات ئەوە ببینێ کە چ زیانێکی گەورە کەوتووە لە ئەنجامی هەڵسوکەوتی سادات کە بووە مایەی عەزل‌بوونی میسر .. بەو چەشنە کەرەسەیەکی زیادەی تێکۆشانمان بۆ گەلی میسر ئامادە کرد بۆ ئەوەی دژی فەرمانڕەوائە بە کاری بهێنێت .. هەروەها بەو جۆرە بەشداری دەکەین لە بەشێک بار سووک کردنی تاسیری ئەو هۆی سڕ کردنانەی فەرمانڕەوای میسر دژی گەلی میسر بەکاری دەهێنێت بۆ ئەوەی ئەو بەردەوامێ دۆخی ئەو داماویە زامن بکات سەرەڕای خۆسەباندنی بۆ ماوەیەکی درێژ بە سەر گەلی میسردا .. لە بەر ئەو هۆیە توندو تیژی ڕەچاو دەکەین بۆ موقاتەعە کردنی ئابووری ئەک بە مەبەسی زیان گەیاندن بە گەلی میسر بەڵکو بە مەبەستی ئاسان کردنی ئەرکی گەلان لە میسر بۆ خۆ ڕزگار کردن لە فەرمانڕەوای میسر .

رۆژنامە نووسەکە : ـوا دەردەکەوێت لەم دوایەدا ئەو دەولەتانەی ڕێکەوت لە سەر موقاتەعە بە شێوەیەکی تەواو پەیڕەوی ئەو بریارانە ناکات .. ئەوەتا هێشتا پاپۆڕی عەرەبی لە نۆکەندی سوێسەوە تێپەڕ دەبێت .. هەر وەها تا ئێستا کومپانیای فرۆکەوانی عەرەبی لە نێوان قاهیرەو هەندێ پایتەختەکانی عەرەبدا دەگوێزێتەوە .. هەر وەها تاودکو ئێستا بارەی نووستوی عەرەب لە میسردا ماوە وە بۆڕی نەوت کار دەکات ڕات بەرامبەر ئەم مەسەلەیە چی‌یە ..

جێگری بەڕێز : ـ تا وکو ئێستا ئێمە دلخۆشین بۆ ئەو ڕێگایەی موقاتەعەی پێدا دەڕوات ، بەڵام هەوڵی بەهێز کردنو تەواو کردنی هەلقەکانی دەدەین بە دروست کردنی پەیوەندی لە گەڵ لایەنەکانی تردا وە بە نیشاندانی ڕای گشتی‌ی هەندی‌جار بۆ کەلەبەرەکان بۆ ئەوەی وا لە موقاتەعە بکەین چاکتروبە هێز تربێت لە شێوەی ئێستای

ڕۆژنامە نووسەکە : جێگری بەڕێز چی ڕودەدات لەسەر سنوری ئراو سێکەتان لەڕۆژ هەڵاتی ئێران .. بەو پێیەی عیراق سنوورێکی درێژی هاوبەش هەیە لە گەڵ ئێران دابە پێچەوانەی نیسرائیلەوە .

جێگری بەڕێز :ـ ئەوەی کە /ڕوو/ دەدات تا وەکو ئێستا شتێکی ئاسایە وە یا نیمچە ئاسای‌یە بۆ دوو ڕژێمەکە وەک ڕژێم لە عیراقدا کە بە سیاسەتی دژ بە ئیستیعمار ناسراوە وەرژێمی نوێ لە ئیراندا .. بەڵام لە کەل ئەوەشدا ئەوە ئەو حاڵەتە نی‌یە کە دەمانەوێت . چونکە ئێمە دەمانەوێت پەیوەندیمان لە گەڵ ئیراندا چاک بێت بە بێ ئەوەی لە ئیرانیکان بپارێنەوە بۆ ئەوەی ئەم پەیوەندیە بێتە کایەوە لە بەر ئەوە ڕۆژ جار ئێمە هەڵەی فەرمانڕەوا نوێیەکانمان خستۆتەوە بەر چاویان‌و بەرامبەر ئەو هەڵسوکەوتانەیان دانمان بە خۆدا گرتووە .. وامان داناوە کە پێویستی‌یەکی زیادەیە بە سەرمانەوە بەرامبەر هەڵسوکەوتەکانیان بە سیفەتی ئەوەی لەوان زیاتر تێگەیشتوو جێگیر بوون‌و کۆنیمان هەیە .. هەر وەها لە بەر ئەوەی ئێمە حزبێکین‌و لە کاتێکا هێشتا ئەوان کەس‌کەسن وەیا چەند حزبێکن وە لە بەر ئەوەی ئێمە یەک سەرکردایەتین وە ئەوان هێشتا چەند سەرکردایەنیەکن سەرەڕای ئەوەی ئێمە شۆرشێکی هاو چەشنین لە ڕێکخستن‌و کرداردا .. ئەوان هێشتا چەند ئیتجاهات‌و ڕێکخراوێکی هەمە جۆرن .. بەڵام ئێمە ناکرێت هەتاهەتایە ئەو سیاسەتەیان چاو لێ بپوشین کە لە کاری دژواریاندا مەبەستیانە ..

ڕۆژنامە نووسەکە : ـ لە گەڵ ئەوانەدا جێگری بەڕێز زنجیرەیەک گیروگرفت لە گەڵ ئیراندا هەیە لە ڕادەی ئەتەوەیی عەرەبیدا .. عیراق داوای گەڕانەوەی سێ دورگەکە دەکات .. تەنبی گەورەو تەنبی بچووک‌و ئەبو موسی بۆ عەرەبی خاوەنی .. لە کاتێکا .. تا وەکو ئێستا ایران سەر لە نوی داوای بەحرێن دەکات کە بخرێتە سەر ئیران .. ئەمە بەبێ گومان هۆزیەک دەبێت بۆ هەڵگیرسانی شەڕ لە لە نێوان ئیرانو عیراقدا .

جێگری بەڕێز : ـ هەڵسەنگاندنی کار بەم شێوەیە .. بە مەزەندەی من ڕاست نی‌یە .. ئێمە دەڵێین مەودای ڕاستیان بەرامبەر فەلەستینو عەرەب .. لە دور کەوتنەوەی سیاسەتی مەزنی خوازباندایە وە لە دورکەوتنەوەی ئازاردانی عەرەب‌و چارەسەر کردنی گیروگرفتی ڕابوردوو پاشماوەکانی بەم گیانەوە .. وەبۆ ئەوەی لەوە دڵنیا بین دەبێت زەویە داگیرکراوەکان بۆ خاوەنی بگێڕنەوە بەڵام ڕژێمی نوێ لە ئیراندا چۆن تەسەروف دەکات .. تا وەکو ئێستا ئەو تەسریحانەی بەرپرسیاران دەربارەی بەحرێن‌و سێ دورگە عەرەبی‌یە زەوت کراوەکەو هەندێ مەسەلەی تر دراون تەسریحانێکی خراپو کارێکی شەڕاویە خزمەتی ئیران ناکات .. ئەگەر بەراستی بیەویت لە دەولەتە بێگانەکان ڕزگاری بێت .. تەنیا ئەوە بەس نی‌یە کەسێک بڵێت من دەمەوێت لە دەسەڵاتی بێگانە ڕزگارم بێت بەلکو دەبێت ڕووو ئەو کارە هەوڵدات . چونکە لەو مەسەلانەی بەنیسبەت دەولەتە بچکۆلە دوا کەوتۆکانەوە گرنگە بۆ ئەوەی شتێک ڕزگاری لە دەولەتە بێگانەکان زامن بکات دەبێت پەیوەندیکانی لە کەل دراوسێکانیدا خراپ نەبێت .. بە تایبەتی کە لە سەرەتای ڕێگادا بێتو . لە بەر ئەوە مەزەندەمان وایە کە ئێران کاتی پەیوەندی سەرەتای ڕێگادا بێت . و لە بەر ئەوە مەزەندەمان وایە کە لە گەڵ عارەبدا خراب بێت ئەو ڕێگایە خزمەتی نکات ..هەر وەها کاتی‌پەیوەندی لە گەڵ عیراقدا خراپ بێتو کارە خرابەکەی دژی نەتەوەی عەرەبو دژی عیراق نیشانەی پرسیارێکی گەورە لە سەر سیاسەتەکەی دروست دەکات .. بۆچی بە تەنیا عیراق .. ئەوان دەڵێین ئێمە دەمانەوێت لە سەر سیاسەتێکی عادیلانەی نیسلام بوژێینەوە .. هەتا وەکو جەدەلەن وا دابنێین کە عیراق لە نێوان ئەو ڕژێمانەدایە کە ئیلتزام بە سیاسەتی نیسلامیەوە ناکات لە سەر ئەو شێوەیەی ئەوان باوەڕیان پێیەتی .. ئایا ئەو خراپترین ڕژێمە ..

ڕژێمی عیراق .. بەپێچەوانەی ڕژێمەکانی ترەوە هیچ کاریەدەستێکی بە ملیون یاخود بەملیار یان بە هەزاران بارەیان لە بانکەکانی ئەوروپا یاخود عیراقدا نی‌یە ... هەروەها عیراق کۆمەڵگای چینەکان نی‌یەو .. ڕژێم لە عیراق گۆمڕا (ملحد) نی‌یە ، ئەو لەو ڕژێمە کەمانەی عەرەبە کە دەستورەکەی لە لایەن حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیستەوە دانراوەو لە ناوەڕۆکەکانیدا دودبات کراوەتەوە کە ـ ئیسلام ئاینی دەولەتە ـ کەچی چەند ڕژێمێکی گۆمڕای عەرەب هەنو کاربەدەستە نوێ‌یەکانی ئێران دەیانناسن .. بەبێ ئەوەی ناوبان بێنین چونکە ئێمە لە بواری ناوێنراوەکاندا نین .. کەچی لەگەل ئەمەدا بە گژیاندا ناچی‌و بەگژ عیراقدا دێن هەرچەندە عیراق ئەو وڵاتەیە کە سوشیالیستی ئەجەسپێنێو ئابروی مرۆڤ ئەپارێزێو هەموو تواناکانی ئەخاتە کاربۆ خزمەتی خەباتی چەکدارانە دژی ئیسرائیلو ئەو پەڕی سوارچەکانە بەگژ ئەخشەکەی سادات ـ بیگن ـ کارتەردا چووو ... بە کردەوە ئالای جیهادی بۆ ڕزگارکردنی فەلەستین هەڵگرتووە .. لەگەل ئەمانە هەمووی‌دا وەک یەکەم لابەڕە دانەنرێ بۆ ئەو هیرشەی کاربەدەستە نوێ‌یەکانی ئێران بەردەوام بوونی کاربەدەستەنوێ‌یەکانی ئێران لەم کارە دووپاتی ئەکاتەوە کە لایەنێکی گرنگی ئالقە هونەری‌یەکان لە شورشی ئێراندا بەتایبەتی بۆ ئەوە دانراوە کە لە حوکمی شاە پتر نازاری عیراقو عەرەبی بدەن ئەمەش ئەبێتە مایەی ئەوەی گومان لە چەند ناوەندێک بکرێ تێیدا .

رۆژنامەنووسەکە :

جێگری بەڕێز ، هۆیەک لەو هۆیانەی ئێرانی‌یەکان لە بەگژ چوونی عیراقدا باسی ئەکەن ئەوەیە .. فرۆکەکانی عیراق لە کاتی ڕونانی کوردەکاندا بۆ ردومانی چەند گوندنکی ئێرانی کردووەو ئێرانی‌یەکایش هەروەک خۆیان ئەڵێن لە بەرامبەر ئەمەدا چەند هێزێکی سوپایی ئێرانیان لەسەر سنوری عیراق کۆکردۆتەوە .. ئایا ئەمە وا ئەگەیەنێ کە لەوانەیە بەهۆی کوردەکانەوە چەند شەڕێکی چەکدار لە نێوان هەردوو وڵاتدا هەڵبگیرسێ.. یاخود ئەمە بە هۆیەکی بەس بوو دائەنرێ بۆ وروژاندنی ئەم گیروگرفتانە لەگەل عیراقدا .

جێگری بەڕێز :

ئێمە ئەمە وادانانێین ... بەڵام ئێمە لە بیروباوەڕێکی ئەگۆڕەوە هەنگاو دەنێین کە ئەمەبە ! ئەوەی هەوڵی ئازاردانمان بدات هەوڵ ئەوەیە ئازاری بدەینەوە وئەوەی بەسەر دیوارەکەماندا هەڵیکەڕێ بەسەر دیوارەکەی ئەکردینەوە . ئەوی پاسەوانەکەمان بکوژێ پاسەوانەکەی ئەکوژینەوەو ئاغاکەی نازار ئەدەین وئەوی‌ئەیەوێ ساردوسوکی‌مان بێ‌بکات پتر ساردوسوکی‌ی پێ ئەکەینەوەو بە پێچەوانەی ئەمەوە ئەوەی ڕێزمان بکرێ ڕێزی لێ ئەنێین‌و ئەوی ئەیەوێ دۆستایەتیمان بکات بە جۆرێک کە بەرژەوەندی دوو قۆلی لەسەر بنچینەی وەک یەک دەستەبەری بکات بەم ڕێگایەدا لە گەڵیدا مل دەنێین‌و لەمەشدا لەو بیروباوەڕانەوە هەنگاو ئەهاوێژین کەبەئەنجامان بۆ درێژ گردن .

رۆژنامە نووسەکە :

کوردەکان دەڵێن : ئێمە دەچەوسێنرێینەوەو راودەنرێین لە عیراقدا ... ڕاستی‌ی ئەم قسانە تا چ ڕادەیەکە .

جێگری بەڕێز :

سود لە قسەکانم وەرناگرێت .. بەڵام خۆت بچۆ بۆ ئەوێ .. لەوانەیە ببینی لە فەڵەتێکدا یەکێک تەقەیەک

Institut Kurde de Paris

بکات ٠٠ بەلام ئێوەش لە ئەلمانیای رۆژئاوا ریکخراوی (بادر ماینهوف) تان هەیە کە کاری توندوتیژی ئەکات و کاری توندوتیژیش لە جیهاندا بلاوبۆتەوە ، هەر یەکێك کە دەمانچەیەکی هەبێ و هێزێکی بێگانە ئاراستەی بکات ئەتوانێ تەقە بکات ، بەلام ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە ئەوەیەکە ئەم دیاردە تاکە کەسییە نەبێ بە دیاردەیەکی میللی یانە ، هەرچەندە ئەمە ئێستا نەبووە بە دیاردەیەکی گەلی یانە ٠٠٠ بگرە دیاردەی ناوەندی یانەی میللی گەلی کوردمان پشتگیری کردنی حکومەتە نیشتیمانی یەکەی و شانازی کردنیەتی بە عیراقیەتی و شۆرشەکەیەوە هەروەك ئەوەی ئێمە شانازی بەوەوبە تیکۆشانیەوە ئەکەین لە پێناوی سەربەرزی و ئازادی و یەکێتی عیراقدا ٠

رۆژنامە نووسەکە :

هەروەك دەرئەکەوێ ٠٠ زۆر لەو کوردانەی بۆ ئەوروپا کۆچاین کردوە ئەلێن : ئۆتۆنۆمی مەسەلەی کوردی لە عیراقدا چارەسەر نەکردووە ٠ ئایا ئەمە راستە ٠٠

جێگری بەرێز :

بە بۆ چونی ئێمە ئۆتۆنۆمی مەسەلەی کوردی چارەکردوەو جگە لە ئۆتۆنۆمی و ریگاکەی بەرەو گەشەکردن، جیا بۆنەوەیە ٠٠ بچۆ بۆ ژوورووو ئێمە هەموو جێگایەکت بۆ دابین نەکەین کە ئارەزوی بۆ چونیت هەیە ٠٠ هەروەها ئەتوانی بچی بۆ نەجەف یاخود کەربەلا بۆ ئەوەی ببینی کە ئەوەی بە شۆرش ناوبراوە لەوێ نییەو تەنیا لە خەباڵی ئەو کەسانەدا هەیە کەلەو دیو سنورەوەن لەوانەی دوژمنی مرۆڤ و سەربەستی و سەربەرزییەکەین و ئەوانەی نایانەوێ عیراق ئاسودەیی تێدا بێ و دەوروکاری نیشتیمانی و نەتەوەیی رابپەڕێنێ ٠٠٠ ئەبینی کە شیعە موسلمانەکان عراقی عەرەبین و بڕوایان بە ئایینەکەیان هەیەو داکۆکی لە شۆرش و حزبەکەیان ئەکەن هەروەك داکۆکی کردنیان لە ئایین و شتە پیرۆزەکانیان لەمەدا وەك هەموو ئەو عیراقییانەوان کە دڵسۆزی نەتەوەو خاکی نیشتیمانیانن و هەروەها دەبینی کە هەموو ئەم مەفهومانە بە شێوەیەکی زیندوو دەچەسپێنن

رۆژنامەنووسەکە :

تایەفەیەکی گەورەی شیعە لە عیراقدا دەژی و [illegible] عیراقیش ماوەیەکی درێژ میوانداریتی خمینی کرد ٠٠ ئایا عیراق لە بەرپابوونی بزوتنەوەیەکی ئیسلامی ئەترسێ هەروەك لە ئێران رووبدا ؟!

جێگری بەرێز :

پێویستە بیرسین بۆچی لە ئێران بزوتنەوە بەرپابوو وە پێناوی لابردنی حوکم دروشمی ئایینی وەك دروشمێکی بنەرەتی بەکارهێنا ؟ ٠٠ وەلامەکەش ئەوەیە ٠٠٠ چونکە لە ئێران حوکمێکی تاکە کەسی دەست بەسەرا گر هەبوو بە کەمایەتییەکی دەست درێژی کەر بۆ سەر ئایینی ئیسلام کە ئایینی زوربە بوو پشتی بەستبو ٠٠ رێژیمی پێشو پشتی بە ماسۆنی و بەهاییەکان ئەبەست بۆیە پێشێل کردنی بەهاکانی ئاسمان و بێشێل کردنی مرۆڤایەتی لەسەر زەوی و لە بواری زۆروجەوری کۆمەڵایەتی و دەسەبەسەراگرتنی چینایەتی و فەسادا هەبوو ؛ بەلام ئێمە لە عیراقدا ئیلهام لە گیانی مێژووی دیرنیمانەوە وەردەگرین و لە پێشیەوە گیانی پەیامەکەی عەرەبە موسلمانەکان کە بۆ گشت مرۆڤایەتی هەڵیانگرت بەبێ ئەوەی لە لێکدانەوەی وشکی ئایینی پەیرەودا (مەزهەبی دا) یاخود نافم گەری دا نوقم ببین چونکە ئێمە پشت بە بڕوای حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست دەبەستین وەك بروایەکی ژیان کە ریزی بەهاکانی ئاسمان ئەگرێت و لە ئێوان ئەو وانانەی کە لە ئایینە پیرۆزەکەمانەوە بە ئیلهام وەری ئەگرین یەك رەنگی خواو دادپەروەریی لە سەرزەوی و لابردنی زۆروستەم و وەدی هێنانی یەکسانی و بە خنەوەریی یە بۆ گەل کەوابوو چۆن ئەتوانرێ ئەو رێگایە کە بۆ روخاندنی شاه بەکارئەهێنرا بۆ روخاندنی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست بەکاربهێزێ، لەبەر ئەمە ئەوان بەرامبەر ئەمە ئەوان بەرامبەر بە خۆیان نەك بەرامبەر بە ئێمە هەڵەیەکی گەورە ئەکەن ئەگەر وای بۆ بچن کە ئەو رێگایەی ئمپراتۆری روخاند لەوانەیە رۆژەکانی گەل لە وڵاتی عیراق بروخێنێ ٠٠ حزبی گەل بروخێنێ ئەو حزبەی کە هیواو ئاوات و ئابڕوو سەربەرزیانی دەربڕیوە ٠ جیاوازییەك گەل لە ئیجتیهادی ئایینی دا یەکێتییەکەی لە دەستئادات و زەینی ئاسینی رێگای خزمەت کردنی ئەتەوەو بەرژەوەندیەکانی لە دەست ئادات .

ئایا گەلەکانتان ئەو ڕوانینەی لە دەست داوە لەوەدا کە گەلە مەسیحی یەکانتان کاتۆلیك و پرۆتستانتی ٠٠٠ تێدایە

رۆژنامەنووسەکە :

ئەگەر گیروگرفتەکان لەگەڵ ئێران درێژەیان کێشا ئایا ئەمە ئەبێتەهوی ئەوەی کە رێکخراوی وڵاتانی ئەوت بۆ دەرەوە ناردو دور چاری مەترسی بێن و ئنجا سیاسەتێکی یەکگرتوو تەبایی لە نیو ئەندامانی ئەم رێکخراوەدا نەمێنێ و ٠٠ ئایا دۆخی ئێوان عیراق و ئێران کار ئەکاتە سەر رێکخراوەکە ٠

جێگری بەرێز :

مەترسە ٠٠٠ هەرچەندە ناکۆکی لە ئێوان ئیمەو شادا هەبوو ئیش رێککەوتنەکەی جەزایر ساڵی ١٩٧٥ ئەوا رێکخراوی ئوپێك بە هۆی ئەم ناکۆکییەوە کارێکی جەوهەریی تێ نەکرا .

رۆژنامەنووسەکە :

جێگری بەرێز ، ئەو سیاسەتە پیترۆلی بە کامەیە کە لە پاشە رۆژدا عیراق پەیڕەوی ئەکات ٠

جێگری بەرێز :

ئێمە لەژێر رۆشنایی توانا کانمان لە بەرهەم پیویستیان بە ئەوتی ئێمە هەیەو کە ئێمە لە پەیوەندیمان لەگەڵیاندا پیویستیمان هەیە ٠

رۆژنامەنووسەکە :

ئایا عیراق پیترۆلەکەی دوونەوەندە یاخود پتر ئەکات لە پێناوی کەم کردنەوەی تەنگ و چەڵەمەی وزە لە جیهاندا ٠٠

جێگری بەرێز :

ئێمە لەژێر رۆشنایی توانا کانمان لە بەرهەم هێناندا و لەسەربنەرەتی پیویستیمان بێ بەرهەمەکەمان دەست نیشان ئەکەین و ئیستاش ئێمە وزەیەکمان نییە بەکە لەبەرهەم هێناندا بەکارمان نەهێنابێ ٠

رۆژنامەنووسەکە :

بەلام هەروەك ئەوترێ نرخ بەرز ئەبێتەوە :

جێگری بەرێز :

ئایا . نرخی گەنم ٠ ئاسن ٠٠ زیو ٠ قوماش ٠ جل و بەرگ بەرز ئەبێتەوە ٠٠

کاتێك پیترۆل لەژێر کۆنترۆلی کۆمپانیاکاندا بوو ٠٠٠ ئایا نرخی بەرهەمەکانی دەوڵەتە پیشەسازییەکان و لەمانە دەوڵەتانی رۆژئاوا بەرزدەبۆوە ٠٠٠ بەڵێ نرخی کراس و نرخی پێلاو هەموو ماددەکانی تر بەرز دەبۆوەو ٠٠ ئیستاش کاتی ئەوە هاتووە کە نرخی پیترۆل بە شێوەیەکی عادیلانەو بە جۆرێك بەرزبێتەوەکە وا لەمن وتۆ بکات بەختەوەربین ٠٠٠ ئەك تۆ بە تەنیا لەسەر حیسابی من بەختەوەر ؛ بیت ٠

لە بەیرەوی ئێمەدا ٠٠٠ ئێمە ئامانەوێ هیچ مرۆڤێك کلول بێ ئەو کاتەدا کە ئێمە بەختەوەر ئەبین وە لە هەمان کاتدا ئامانەوێ کەسێ لەسەر حیسابی ئێمە بەختەوەر بێت ٠

رۆژنامەنووسەکە :

تەنسیری ئەم سیاسەتە لەسەر دەوڵەتانی جیهانی سێیەم چی ئەبێت .

جێگری بەرێز :

سەبارەت بە ئێمە ٠٠ هەڵوێستی خۆمانمان راگەیاندو لە یەك لاوە لە پەیوەندییە ئەوتییەکانماندا لەگەڵ وڵاتانی جیهانی سێیەم لە سەرەتای (١/٦)وە دەستمان بە جێبەجی کردنی کردو ئەگەر چاوت پێی بکەوێ ئەوا بە رەواو مەوزوعی دەبینی ٠

رۆژنامە نووسەکە :

جێگری بە رێز ٠٠ گرانبوونی پیترۆل ئەبێتە مایەی گرانبوونی بەرهەم هێنان لە وڵاتە پیشەسازییەکاندا ئەبێتە مایەی گرانبوونی بەرهەمەکانی ئەم دەوڵەتانە کە بۆ دەوڵەتانی جیهانی سێیەمی دەنێرن ٠٠ لەبەر ئەمە ئەبینین کە هۆی سەرەکی گران بوونەکە لە گرانبوونی پیترۆلەوەیە کەوا بوو هۆیەکە چییە ٠٠

جێگری بەرێز :

تۆ دەزانی و منیش دەزانم و هەموو ئەو رۆژئاوایانەی پەیوەندییان بە سیاسەتو ئابوریەوە هەیە دەزان لە ٠٠٠ رادەی گرانبوونی ئەوت لە ئاوسانی دارایی دا چەند کەمەو ٠٠ لەگەڵ ئەمەدا بارێك کەوین رێکەوتنی - جنتلمان - لەسەر ئەوەی نرخی ئەوت جێگیربکەین و رۆژئاواییەکانیش نرخی بەرهەمەکانیان جێگیربکەن ٠٠ ئێمە قایلین لەسەر راگرتنی (تجمید) نرخی ئەوت ئەگەر ئێمە هۆی زیادی یەکەبین و دەتوانین ئەم مەسەلەیە بخەینە بەردەم دەوڵەتانی ئۆپێك و هەوڵی قەناعەت پێ کردنیان بدەین بەرامبەر بەوەی رۆژئاواییەکان نرخی بەرهەمەکانیان رابگرن و دەتوانن هەوڵی قایل بوونمان بەراگرتنی نرخی ئەوت بۆ هەتا هەتایە بلاوبکەنەوە ، بەرامبەر بەوەی کە نرخی بەرهەمەکان لە وڵاتە پیشەسازییەکان بۆ هەتا هاتایە رابگیرێ مادامەکی ئێمە هۆیەکەین ٠٠ کەوابوو ئەمە چارەسەرەکەیە .

رۆژنامە نووسەکە :

چاوەڕوانی چ جۆرە کاردانەوەیەك لە جیهاندا دەکەی دەربارەی گرانبوونی نرخ دوای ئەوەی ئەمەرێکا نیشانی دا کە ناچارە شێوازی سوپایی بەکاربێنێ بۆ ئەوەی بە مسۆگەریی پیترۆلی پێ بگات ٠٠

جێگری بەرێز :

بێ گومان دەرفەتەکانی بەکارهێنانی شێوازە عەسکەریەکان بۆ دابین کردنی گەیشتنی پیترۆل وەك جاران ئەماون ٠٠ بگرە ئەوەی گەیشتنی ئەوتی وڵاتانی جیهان دابین ئەکات ئەوەیە کە ئەو مانگایە نەکوژن کە ئەیدۆشن و ٠٠ وەك من بۆی ئەچم جەنگ مانگا شیر دەرەکە ئەکوژێ ٠

رۆژنامەنووسەکە :

لە ساڵی (١٩٦٧)ەوە پەیوەندی دیپلوماسی لە نێوان عیراق و ئەمەریکادا پچراوە ، چی لەسەر واشنتۆن پێویستە بۆ دامەزراندنەوەی پەیوەندی دیپلوماسی

جێگری بەرێز :

پێویستە لەسەری ریزی عەرەب بگرێ و یاریان پێ نەکات یاخود پیلانیان لە دژ نەگێرێ ٠

رۆژنامە نووسەکە :

بەلام بەرامبەر بەوە ، لە نێوان بەغداو مۆسکۆدا رێکەوتنی دۆستایەتی و هاوکاری هەیە ، پەیوەندی لە گەڵ یەکیتی سوفیەتدا جۆرە ساردیەکی تێدایە ، هێ ، وەك ئەلێن لە سێدارەدانی هەندێ شیوعیە لە عیراقداو راونانیان ، ئەمەش گیانی بەرەنی نیشتمانی بەرەو روخان دەبا ٠

جێگری بەرێز :

رۆژ ئاواییەکان ، بە درێژایی عومریان تەیان وتووە پەیوەندی بەینی بەغداو مۆسکو گەرم و ئاساییە ، هەمیشە یەکی لەم دووشتە دەڵێن : یان بەغدا سەر بە مۆسکۆیە ، یان لە نێوان بەغداو موسکۆدا پەیوەندی سارده ، بەلام راستییەکەی ئەوەیە ، بەغدا لە رابوردودا سەر بە مۆسکۆ نەبووەو پەیوەندیشیان ئێستا سارد نیە ، چونکە شێوازی دەربرینی ئەو پەیوەندیە لە ساڵێکەوە بۆ ئەوەی تر جیاوازە ، هەروەها پەیوەندی نێوان دەوڵەتانی جیهان لە حاڵێکەوە بۆ یەکێکی تر دیسان جیایە ، جارێك گونجاوی و یەکانگیری هەیە لە باری سەرنجەکاندا بەرامبەر مەسەلەیەکو هی تر بە تەواوی بان هەندێ جیاواز دەبێ ، پەیوەندیمان لە گەڵ یەکیتی سوفیەت لەم قاعیدەیە دەر نەچوە ، لە گەڵ ئەوەشدا هەستمان نەکردوە ، مۆسکۆ پلان لە سەر عەرەب بگێڕی یان هەوڵی ئەوەبدا یاری بەعەرەب بکا یان رێزیان نەگرێ وەك وڵاتە بەکگرتوەکانی ئەمەریکا دەیکا ٠

رۆژنامە نووسەکە :

ئایا گیروگرفت لە نێوان عیراق و یەکیتی سۆفیەتدا هەیە ؟

جێگری بەرێز :

گیروگرفتمان نیەو پەیوەندی سیاسیمان باشە ، دیسان ئەسکەریش باشە ، بەلام خسوسیەتی دیار لە سیاسەتماندا هەیە ، ئێمە بەعسین و ئەوان شیوعین ، ئەوان سەرکردایەتی یەکیتی سوفیەت دەکەن و ئێمە سەرکردایەتی عیراق ، ئەوان لە وڵاتەکەی خۆیاندا سەربەستن و ئێمە لە وڵاتی خۆماندا ٠٠ ئەمەیە وەزعمان و لە بەرپابوونی شۆڕشەوە تا ئیستا ئەگۆڕاوە ؛ ئەوەی گۆڕاوە بۆ چونتانە لە تەبیعەتی ، بان لەوانەیە هەندێ جار بۆ جوولی یەکیتی سۆفیەت بەرامبەر تەبیعەتمان ، بەلام بەرای ئێمە ، ئێمە لە خاسیەتی مەرکەزیدا نەگۆڕاوین ، شتێ هەیە دەربارەی پەیوەندی نێوانمان و مۆسکۆ بەشێوی کردبی ؟ دەربارەی کۆچەوە ، هەر وەك لای ئێوەوە خەڵك کۆچ دەکەن بۆ - ئیسرائیل - هەر وەهاش لە یەکیتی سوفیەتەوە هەن کۆچ دەکەن بۆ - ئیسرائیل - وئێمە گلەیی لە دۆستە سۆفیەتیەکان دەکەین لەم بارەیەوە ، ئێمە وامان نەکردوە پەیوەندیمان لە گەڵ لایەنێك هەر لایەنێك بێ لە گەڵ ئێمە ، لەیەك جۆگەوە بروا لە ژباندا ، لە کاتێکدا دەبیستن یەکیتی سوفیەت رێگا بە کۆچی هاوولاتیە سوفیەتیەکان دەدا بۆ ئیسرائیل کە ئەوانە لە حەڵقاتی فەنی پێشکەوتوون و ئەو حەڵقانە ئیسرائیل بەهیز دەکەن ، بەلام لە گەڵ ئەوەشدا چەکمان دەدەنێ ، بەلام بەرامبەر ، دەوڵەت هەن پیاو لە حەڵقاتی پێشکەوتو دەگێڕن بۆ ئیسرائیل و چەکی دەدەنێ و هانی دەدەن بۆ دوژمنایەتی ، ئەمەیە جیاوازی نێوان یەکیتی سۆفیەت و ئەمەریکا ٠

رۆژنامە نووسەکە :

ئایا عیراق هەموو ئەو چەکەی دەست دەکەوێ کە داوای دەکا ؟

جێگری بەرێز :

هیچ دەوڵەتێ نیە ، لە جیهاندا چەك لە دەرەوە بێنێ و هەرچی دەوێت دەستی بکەوێ .

رۆژنامە نووسەکە :

راستە ٠٠

رۆژنامە نووسەکە :

جێگری بەرێز ، لە یەکیتی سوفیەت شیوعیەکان حوکم دەکەن و بەلام لە عیراق بەعسیەکان حوکم دەکەن ، ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە شیوعیە عیراقیەکان حەقی ئەوەیان نیە لە عیراقدا حوکم بکەن یان بەشداری تیا بکەن ؟

جێگری بەرێز :

ئەء ٠٠ ئەمان وتوە حەقی ئەوەیان نیە ، بەلام دەڵێین ئێمە لە وەکرەکانیان دەرمان هێنان و دەرگای بەشداربونیانمان - لە حوکما بۆ کردنەوە ، بەراستیش لە حوکمدا بەشدار بوون ، ئەمەش هیچ حزبیکی لیبرالی یان شیوعی لە جیهاندا نایکا ، ئایا حزبێك هەیە بە تەنیا خۆی شۆڕش بکاو بەردەوام بێ و بەهیزو قایمی بکاو لە لایەن گەلەوە پشتگیری بکرێ و دوایی بێت و دوای پێنج ساڵ رابوردن بە سەر سەرکەوتنی شۆڕشدا بە کەسانی تر بڵێ وەرن بەشداریمان لە گەڵ بکەن ؟ لە بەر ئەوە قبول ناکەین کەس لە پشتەوە لێمان بدا ، لەلاتان ، سوپا بۆ حزبی حوکمرایە ، بەو مانایە نە حزبێ حوکم را لە ناو سوپادا رێکخراو دروست بکا ، بەلکو بەو مانایەی سوپا لە ژیر کێفی حزبی حوکمرادایێ و لەگەڵ قەدەغە کردنی رێکخستن بۆ حزبەکان و ئەو وەزعە لە هەموو رۆژ ئاوادا مامەلەی پی دەکرێ و لە هەموو دەوڵەتە شیوعیەکاندا ، سوپا تابعی حزبی حوکمرایە لە وەلاو رێکخستنداو رێکخستن و کار بۆ هەمووان قەدەغەیە تەنیا بۆ حزبە شیوعیەکان نەبێ و چارە نووسی سەر پێچی کەری ئەمە مردنە ، بە نیسبەت یاسای تایبەتی ئێمەشەوە ئەوەیە ئەوەی پێچگە لە حزبی بەعسی لە ناو سوپادا رێکخراو بکا لە سێدارە دەدرێ ؛ لە بەر ئەم هویە لە سێدارەمان دان چونکە لە ناو سوپادا رێکخراویان کرد ، ئەگەر بەشێك بوینایە لە مەرکەزەکان ئیستقطابی دەولی ئەو بەزمە هەڵنەدەگیرسا ، چونکە ئێمە بە شێ نین لە کەس

رۆژنامە نووسەکە :

جێگری بەرێز ، سەرۆکی سوریا لە کۆتایی نیم مانگەدا سەر دەدا لە یەکیتی سۆفیەت ، ئایا تەقەللای ناوبژی کاری ئێوان عیراق و یەکیتی سۆفیەت دەدا ؟

جێگری بەرێز :

دەربارەی چی ؟ وا دیارە ئەم پرسیارەتان بەر لە گفتوگو کردن داناوە ، ئیستا بۆتان روون بووەوە تەگەرەیەك لە ئێوان ئێمەو موسکۆدا نیەو پەیوەندیەکانی دۆستایەتی ئێوان هەردوو وڵاتمان لە سەر رێگای ئەخشە کێشراوی دەروا بە ئیرادەی هەردوو لامان ٠

رۆژنامە نووسەکە :

بۆ یەکەمجار وەزیری دەرەوەی ئەلمانیای رۆژئاوا سەر لە بەغدا دەدا ، لە گەڵتان باس لە سەر ئاشتی دەکا ، ئایا لەو باوەڕەدان بۆن ، پایتەختی ئەلمانیا دەوری ناوبژی کار لە زۆران بازی رۆژ هەڵاتی ناوەراستدا دەبینێ ؟

جێگری بەرێز :

بە بایەخدانەوە گوێ لە وەزیرەکەتان دەگرین ، بەلام هەروەك روونو ئاشکرا ، تۆمان وت بیروڕای خۆمانی بە روونو ئاشکرا پێ دەڵێین ، چونکە ئێمە وای دەبینین مەسەلەکە حەلقەیەکی فنی کەم نیە تا ناوبژی کاری تیا بکرێ ، ئەوەی کەمیە سەرنجدانی عادیلانەی ستراتیژییە بۆ ئەستی کێشەی زۆران بازی عەرەبی زایونی و مافی خوراوی عەرەب ، بەرای گشتی ئەلمانیا دەڵێین ، ئێمە ئارەزومان لە پەرە پێدانی پەیوەندیەکانی نێوان ئێمەو نێوان ئەلمانیاو هەموو دەوڵەتانی جیهاندا هەیە ، بەلام لە سەر ئەساسی ئەو بیرو باوەڕانەی دەستمان بۆ کێشان ، ئەویش سوودی بەرامبەرەو رێز گرتنی بەرامبەرو دەست نەخستنە ناو کاروباری ناو خۆو سەرەرای بوونی سوودی وا کە پێویست بە کاری ناو کۆیی دەکا .

رۆژنامە نووسەکە :

هەندێ گرفت هەیە بۆنەتە کوسپ لە رێی بازرگانی نێوان عیراق و ئەلمانیا ، تا سنووری خۆیی بگری ، ئایا ئەو کوسپانە لا دەبرێن و گۆڕینەوەی بازرگانی نێوان عیراق و ئەلمانیا دەکرێتەوە ؟

جێگری بەرێز :

بە هیوای ئەوەین هەرچۆنی بێ ، هەلەکە لە ئێمەوە نیە ، بەلکو هەلەکە لە ئێوەوەیە ، ئەلمانیا دیارەکان پەیوەندیان دەوێ بە شێوەیەکی نا متەوازی و بە بێ ئەوەی لایەکەی تر فرسەتی هەبێ دیسان راگەیاندنتان دژی ئێمەیە ٠

رۆژنامە نووسەکە :

عیراق چی لە وڵاتانی ئەوروپای هاوبەش دەوێ کە وەزیری دەرەوەی ئەلمانیا بەناوی ئەو وڵاتانەوە سەر لە عیراق دەدا ؟

جێگری بەرێز :

لێیانمان دەوێ هەڵویستێکی عادیلانەو راست خواز بوەستن ، یان هەر هیچ نەبێ هەڵویستی نا عادیلانەو ناراست خوازی نەوەستن

رۆژنامە نووسەکە :

بێگومان یەکێ لەو مەوزوعانە ، تأمین کردنی بترولە بۆ ئەلمانیای یەکیتی لە لایەن عیراقەوە ، ئایا وەزیری دەرەوەی ئەلمانیا دەگمرێتەوەو رێکەوتنی لە گەڵ عیراق بەسترابێ بۆ زیاد کردنی بترول بۆ ئەلمانیای رۆژئاوا ؟

جێگری بەرێز :

ئێمە سەبری داواکاریەکانی ئەلمانیا دەکەین و لە سەر ئەساسی سودی یەکسانی مامەلەی لە گەڵ دەکەین و لە بەر روونا کی ئەوەی هەمانە لە رووی ئیمکانیاتی نەوتەوە ، چونکە بترۆل بۆ فرۆشتنە نەك بۆ خەزن کردن ٠

رۆژنامە نووسەکە :

باشە رۆژی گەیاندنی بترۆل بە وڵاتانی رۆژ ئاوا چۆن دەبێ ئەگەر وەك کەنەدا بۆ نمونە لەم دوایەدا بریاری دا بالوێز خانەکەی بگوێزێتەوە بۆ قودس ؟

جێگری بەرێز :

وەك حالی ئاسن لە ئەلزاس و لۆرین ، ئایا ئێوە ئاسن دەدەن بە یەکی سەرتان ببرێ ؟

رۆژنامە نووسەکە :

ئەء ٠٠

جێگری بەرێز :

دیسان ئێمەش بترول نادەین بەوەی سەرمانی پێ ببرێ ، ئایا ئەمە هەڵویستێکی عادیلانە نیە ؟

رۆژنامە نووسەکە :

چۆن سەیری پاشە رۆژی ناوچەکە دەکەن ؟

جێگری بەرێز :

بە هیواوە سەیری دەکەم ، بەبێ ئەوەی گرفت و گرێکان و گیروگرفت و چاوەرێ کراوی زۆرم بیر بچێ ، بەلام دوا سەرکەوتن بۆ سوودی عەرەب دەبێ ٠

رۆژنامە نووسەکە :

پشت بە خوا بە چاو پێکەوتنەکە رازی دەبن ٠

جێگری بەرێز :

خوا راگیرت کا ٠٠٠

رۆژنامە نووسەکە :

خوا لەشت ساغ کا ٠٠

جێگری بەرێز :

زۆر سوپاس ٠

دوای ئەوە جێگری بەرێز وتی : ئێمە هیواداریین ای گشتی زایونی لە وڵاتەکەت رێگات بدا سەربەست بی لە بڵاو کردنەوەی ئەم چاو پێ کەوتنە

رۆژنامە نووسەکە :

تاسیری زایونی ناتوانی رێگای قسەکانم لە گەڵتانا بگرێ ، ئەزایونی و نە هیچ هێزی ناتونی رێگای قسەم لێ بگرێ ٠

جێگری بەرێز :

هەمیشە شادمانین کە هەر مرۆڤی لە هەر گۆڕەك باوەری پێ یەتی و چۆن باوەڕی پێ یەتی حەق بڵێ ٠٠٠ ئەمەیە خەباتی مرۆڤایەتیمان ٠

Institut Kurde de Paris

لیکۆلینەوەو بیبلیۆگرافیای

چیرۆکی کوردی وچەند راستی یەك

-سۆران مەحوی -

چەند راستی یەك :

لە ئاکامی تەتەلەکردن و لیکۆلینەوەی بەرهەمە ئەدەبی یەکان ٠٠ دەکەینە راستی یەك بلێین :- ئەدەبی کوردی بەگشتی و چیرۆکی کوردی بەتایبەتی ئیمرۆ لەگەشەکردن و پەرەسەندندایە و لە لایەن رەخنەگران و لیکۆلەرەوانەوە ، بایەخ و گرنگی یەکی تەواوی پێدراوە ٠

چونکە بەڕاستی چیرۆکی کوردی ، وەك بابەتێکی مەزن لە ئەدەبدا ٠٠ رۆژێکی بە بەهاو بەنرخ لە کۆڕینی کۆمەڵو بەرەو پێش چوونی دەگێڕێتو ٠٠ بێ لەوانەش سینەی لاپەڕەکانی بە ئاسوودەیی یەوە ، بۆ زۆر بابەتی گونجاوی مەسەلەی مرۆڤ ئاوالا کردۆتەوە (١)

دیارە چەسپاندنی ئەمو دیاردانەش ، بە هەردوو بارەکەیدا ٠٠ چ لە ڕووی خەملاندنی یەوە ، یان چ لە ڕووی یانە دواوەی ، هەمووی لە ئەستۆی رەخنەگران و لیکۆلەروان دایە ٠٠ بێگومان ئەوەش بەوە دێتەدی ، کە هەموو بیرکردنەوەو هەڵچوونێك لەو ڕووەوە٠٠ بە دانانی چەند بەرنامەیەکی دیارو نەخشەیەکی لەبارو چەند بۆچوونێکی مەوزوعانەو دوور لە عاتیفەیەکی سەر راکێشانەوە دەبێت (٢)٠

چونکە نایشارمەوە ، بەر لە هەموو شتێکیش ئەبێ ئەوە لەبادمان نەچێت ٠٠ کە رەخنە هەڵوێستە بەرامبەر ژیان و دیاردەکانی باری کۆمەڵایەتی و ئابووری و رامیاری و گشت فەلسەفەکانی ئەم ژیان و سەردەمە ٠٠ ئینجا ئەگەر رەخنەگر یان لیکۆلەرەوە ، بەو ریبازگایەدا گوزەری نەکرد ٠٠ ئەوا ئەنجام کارەگلەی لە کاری رەخنەگری یان توێژەری دەردەچێتو پێبزانێت یان نەزانێ ، دەخلیسکێتە ناو چەند مەبەستێکی لاوەکی و هەندێ کێشەو ئالۆزەوە ، کە بێشك بەهای کارەکەی پێدێتە خوارەوە ٠

جا ئەگەر بمانەوێ لەم روانگایەوە بڕوانینە کتێبی (لیکۆلینەوە بیلیۆگرافیای چیرۆکی کوردی ١٩٢٥-١٩٦٩) کە براعومەر مەعروف بەرنجی لەم ماوەیەدا خستی یە کتێب خانەی کوردی یەوە ٠٠

زۆر زوو بەو راستی یە دەگەین و دەتوانین بە ئاسانی هەندێ تەپۆ تۆزی ناتەواوی بتەلێینن کە بەسەر چەند لاپەڕەو ستوونێکی کتێبە کەوە نبشتووە٠٠ و ڕووی گەشی هەندێ راستی بە خزمەتی سوودی گشتی بخەینە روو ٠ جارێ سەرەتا بە پێویستی دەزانم ٠٠ کەمێ زانیاری لەبابەت کتێبەکەوە بۆ بەرچاوو روونی خوێنەران نیشان بدەم کتێبەکە لە (چواربەش) دا خۆی دەنوێنێ و هەر بەشەشی بە پێی توانستو باری سەرنجی نووسەرەکەی چەند لق و چلێکی لێدەکەوێتەوە ٠٠ تا ئەنجام بەپێرستی ناوی نووسەران و بەرهەمەکانیان کۆتایی دێت

پێشەکی پێش ئەوەی بچمە کلۆکی باسەکەوە ، دەمەوێ بەراوورد یك گەرچی سەرپێش بێ ٠٠ لە نێوان ئەم بەرهەمە نوێیەی نووسەرو (چیرۆکی هونەری کوردی ١٩٢٥-٩٦٠)

-٥-

کاك حوسین عارف دا بکەین ٠٠ هەر چەندە کتێبەکەی کاك حوسین عارف لەو بوارەدا ٠٠ وەك سەرەتاو بەردی بیناغەی ئەو بابەتە نوێیە خۆی نیشان دا ٠٠ و لە هەندێ شوێنیشدا بابەتەکانیان ئە توێژینەوەی باسەکان یاندا یەك دەگرنەوە ٠

لەگەل ئەوەشدا ، ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم ٠٠ لیکۆڵەرەکەی (عومەر مەعروف) چڕوپڕتر و زیاتر گیانی هیلاك بوونی پێوەدیارە ٠٠ بەتایبەتی فیای چیرۆکی کوردی) یەوە لەڕووی زانیاری (بیبلیۆگرافیای کە توانست زانستی یەکی زۆری کوردیەوە ٠

ئەمانەش ئەوە ناگەیەنن ، کە ئەبێ کتێبەکە لەکەمەو کوڕی بەدەربن و ناتەواوی یەکانی نەخرێتەروو ٠٠ نووسەر لە بەشتی یەکەم)ی لیکۆلینەوەکەیدا ، کە بە (قۆناخی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی چیرۆکی کوردی ١٩٢٥-٩٣٥) داناوەو لە باس کردنی چیرۆکی لە (خەوما)ی جەمیل سائیب دا ٠٠ بە پشتو پەنای گیانی (تیرەگەرێتی) رەخنەی لە جەمیل سائیب گرتووەو ٠٠ کە گوایە دژی تەواوی شێخ مەحمود بووە ٠٠ ویستوێتی کە (سەرتاپا مێژووی خەباتی نیوە سەدەیەکی بسرێتەوە)

-٦-

کە ئەمە پێچەوانەی تەواوی رابەکەی خاوەنی (چیرۆکی هونەری کوردی)یە ، کە ئەو رای وایە ، چیرۆك نووس وەك (دل گەرم و مرۆڤێکی رۆشنبیرو خارەن ئەزمون بۆ شێخی ئەمرو کێشەکەی روانیبوە) ٠

-٧-

هەر چەندە منیش لەو رووەوە رام ، لەگەل کاك حوسین عارفدا جووت دەبێتەو ٠ بەلام نابێ ئەوەش فەرامۆش بکەین ٠٠ ئەگەر بێت لەو کاتو سەردەمەی شێخ وورد بینەوە ٠٠ و باری کۆمەلایەتی و ئابووری و رامیاری هەڵسەنگێنێ ٠٠ دەبینن تازەکە بیری (شۆسیالیسی) کەبشتبوە لای ئێمە ٠ ئەو بیرە ئەوەندەی چیرۆك نووس وەك رۆشنبیرێکی هەستیار وەریدەگرت ٠٠ ئەوەندە شێخو دەستو پێوەندەکانی دژی وەستانەوە ٠٠ بە تایبەتی کە دەسنتو پێوەندیش بەسەر وەزعەکەدا زاڵ بوونو تا دەچوو شێخیان بە هەڵەدا دەبرد ٠٠

خۆزێنەی ئەو دیمەنە تا دەرحالیش بە بەرچاوەوەیە (بێقەزایێ باجی ڕەحمە

-٨-

نایەلێ ڕێك هەڵبەرین) ٠٠ وای لە چیرۆك نووس کردوە چەند ئەگەر دژ بە شێخ بووبێ گەلێ زیاتریش لەوە دژی ئەوان وەستابێتەوەو ئەنجام ئەو چیرۆکەی لێرسکابێت ٠

ئەوە لە لایەك ، لە لایەکی کەشەوە ، کە نووسەر دێتە سەر باس کردنی ڕووی هونەری چیرۆکەکانی سەر بەو (قۆناخە) نازانم چۆن دەرکی بەوە نەکردوە کە چیرۆکی لە (خەوما) لە چاپ کردنەوەیدا مامۆستا (جمال بابان)و هەروەهاش لە چیرۆکی(مەسەلەی ویژدان دا دا مامۆستایان (علی کمال باپیر)ی شاعیرو دکتۆر (ئیحسان فوءاد) لە هێنانی چیرۆکەکە بۆ سەر شێوەی ڕێنووسی کوردی ئیمرۆدا دەستێکی باڵایان بووە و ٠٠٠ هەق وابوو ، ئەو لایەنەش فەرامۆش نەکرایەو وەك (ئەمانەتێکی ئەدەبی) بە نەوەی ئیمرۆ بگەینرایە ٠

دوا بەدوای ئەوە نووسەر لە (بەشی سێیەم)داو لە باس کردنی (قۆناخی) چەوسانەوەی ئافرەت لە سایەی ڕژیمی دەربەکێتی)نا لە چێروکی کاروانی مامۆستا (موجەمەد سالح سەعید دەدوێتەو بە قسەی گوێ ئاگردان وسەرجام بەرهەمەکەی بە بەرهەمێکی دواکەوتوو پوچەڵی ساڵەکانی پەنجا) دادەنێت ٠٠ ئەمە لە کاتێك دا نووسەر لە نووسێنێکی لەمەو بەری دا کە لە یەکێك لە ڕۆژنامەکان دا رای بەرامبەر چیرۆك نووس بەم جۆرە دەربڕیوە دەربڕیوە

(دیارە ئەگەر یەکێك بیەوێ مێژووی چیرۆکی کوردی بنووسێتەوەو سوارچاکەکانی بخاتەروو لەتەك ئیبراهیم ئەحمەدو مارف بەرزنجی و حەسەن قزلجی و محەرم محمد امین و مستەفا سالح سەعید)ئەهێنێت ، چونکە بەراستی هاندەرێکو بزوێنەرێکە بۆ پەرەسەندنو گەشە پێدانی چیرۆکی کوردی

-١٠-

ئینجا ئەگەر لەپاش ئەو قسەی نورسەرەوە ٠٠ سەرنجێك لە جم و جۆڵە ئەدەبی یەکانی چیرۆك نووس (موحەمەد سالح سەعید) بدەین ٠٠ نابینم چیرۆك نووس لە هیچ ڕۆژنامەو گۆڤارێکا ، یان لە شێوەی پەرتوك دا بڵاوکردە یێنەوە ٠٠ تائیمڕۆ نووسەر لەو دەلاقەیەوە رادەی پێش کەوتنو یانە دوادەی چیرۆك نووس پێ پێوابێت ٠٠

نووسەر هەر بە هەمان شیوازە لە شوێنێکی کەی باسەکەیدا ٠٠ کە بە ناوی (خەباتی جوتیارو دەسەڵاتی دەربەك و موچە خۆری بیرۆکراتی) دا ناوی دێنێت ٠٠ دێتە سەر باس کردنی چیرۆکی (لالۆ کەریم) و دەڵی :- (کوایە خاوەنی ئەو چیرۆکە تارادەیەك ڕەنگ دانەوەی چیرۆکەکانی کوێرەوەری (یلە) ی تیا بەدیدەکرێ و هەمان رەنگی بۆ ڕێژراوە) ٠ -١١-

سادەو ساکارتر بڵێین :- نووسەر دەیەوێ بڵێ:- گوایە چیرۆکی (لالۆ کەریم) تارمای چیرۆکەکانی کوێرەوەری ڕێوەدیارە ٠٠ کە ئەم رایەش بە بڕوای من رایەکی ناکامڵەو رەنگە وانەبێ ٠٠ چونکە هیچ مەرج نییە ، ئەگەر چیرۆك نووسێ لە (جووتیارێ) یان (کرێکار) ێك یان لە هەر زەحمەت کێشێکی کە دوا ٠٠ ئیتر بۆ چیرۆکی نووسێکی کە نەبێ لەو بارەوە یلوێ ٠٠

چونکە بەراستی باری کۆمەلایەتی و ئابووری و ڕووی ئایدلۆژی نووسەرەکەیو جۆری (تعامل)و هەڵسو کەوتی لەگەل ئەو کەرەسانەو لەگەل ئەو کەرەسانەو جۆری راو بۆچوونی بۆ بابەتەکەو رێگای چارەسەرکردنی کێشەکە دەیگۆڕێ ٠٠

ئینجا خۆ ئەگەر بەو رایەی نووسەر ببوایە ٠٠ کە کردوێتی بەعاڵای بەقەد باڵای باسەکەیدا ٠٠ ئەبوایە (شێخ مارف بەرزنجی لە چیرۆکی (تحای پیرۆز)دا لە هیچ ڕۆشنبیرێکی شۆرشگێڕانە نەدوایە ٠٠ چونکە یەر لەو چیرۆکی (لالۆ کەریم)دا وەك مەسەلەیەکی داهێنانو باڵەوانێکی نوێ قسەی لێوەکراوە ٠٠ گەرچی باڵەوانە ڕۆشنبیرەکەی ئەمیش هەر ٠٠ ترو بە ئاگاتر بێت ٠

چەپکێ راستی کە :-

نووسەر لە باسی ئەو چیرۆکانەی لە (رەنج و تێکۆشانو ئاوارەی) چیرۆکی کوردی دەدوێن ٠٠ دەماخ بە زۆری لەگەل چیرۆکی (کارمان نەویت)دا دەسووتێنێ ٠٠ و لەپال ئەو چیرۆکەدا گرێ کوێرەی زۆر گیروگرفت دەکاتەوە ٠٠

کە ئیمڕۆ چیرۆکی کوردیو ئەو چیرۆکە لە هەوێنی بێکاری کرێکاران دا هەن کەچی لەگەل ئەوەشدا ، خۆی لە چەندان چیرۆکی کە بێدەنگ کردوە ٠٠ کە لە هەمان بابەتو کێشە قسە دەکەن ٠٠ بۆ وێنە یەکێك لەو چیرۆکانە چیرۆکی (کولەمەرگی) (عەبدوڵلا ئاگربنە) کە لە کات و سەردەمی خوێدا مشتو مڕێکی زۆری جولقاندو ئەنجام خوێنەران لەو ڕووەوە بەگەلێ زانیاری ئاشنا بوون ٠

هەروەها نووسەر لە باسێکی کەی لیکۆلینەوەکەدا ٠٠ کەبەناوی (سەردەمێکی کپو بێدەنگ ١٩٦٠-١٩٦٩) ناوی دەبات ٠٠ کاتێ دێتە سەر هەڵسەنگاندن و شی کردنەوەی چیرۆکەکانی مامۆستا دکتۆر (مارف خەزنەدار) بە تایبەتی کۆمەڵە چیرۆکی (ئەڵەمان کوردی) زۆری رەخنەی لە دکتۆر ئەوەیە : **کە نە ئەبوایە دکتۆر چیرۆکانی ئەوەندە (پیاهەڵدان و وەسف)ی(١٢) تیابوایە ٠٠ چونکە ئەو دیاردەیە هۆیەکن بۆ هەناسە سواربوونی بابەتەکەی ٠٠**

ئەو رایەی نووسەر ڕەنگە تارادەیەك بسەلێزێت ٠٠ چونکە چیرۆکی کوردی نوێ ئیمڕۆ ، وە تەکنیکێکی هونەری تازەبابەت ، لابەنگیری ئەو هونەرە دەگرێت ٠٠ ئەویش بێگومان لەبەر ئەوەی ئیمڕۆ ، ڕۆژی سوورەەتو خێرایی یەو ٠ ((ئەو جۆرە وەسفانە کات بە فیڕۆدەدات.

ئەو لەلایەك نابەوێ لەپال کەشەوە ، ئایا کێ ناڵێ : -چیرۆك نووس نایەوێ لەپال ئەو وەسفانەی دا ، مەبەستێکی شاراوەی پێ بدرکێنێت ٠٠ کە هەرگیز مەبەستی راستەوخۆ درکاندنی نەبێت ٠ ٠ لە سەرێکی کەشەوە زۆر جاربووە ٠٠ خوێنەر لە سایەی ئەو وەسفە چرانەوە، کە رووکەشی شتەکە دەگرێتەوە ٠٠ زیاتر قوول بوونەوەی بە ناخی پاڵەوان و رووداو شوێنەکەدا کردووەو ، لە رێگای ئەو گەڕانو پشکنینانەوە توانیوێتی پەی بە باری نەفسی و فەلسەفی پاڵەوانەکان وێنەی رووداوەکەو دیمەنی شوێنەکەی لە بیر ئەچێتەوە٠٠

دوا راستی :-

شتێکی تر ، کە نامەوێ لێی بێدەنگبم ٠٠ ئەویش ئەوەیە نووسەر لە (بەشی چوارەم)ی نووسینەکەیدا ، بۆ بیبلیۆگرافیای چیرۆکی کوردی) تەرخانی کردوە ٠ ٠ ئەبینن زۆر چیرۆکی خزانۆتە ئەو بەشەوە ، کە بەراستی رەواو هەقی لیکۆلینەوەیەکی خەستو خۆڵو پەیوەندی یەکی سەرو مڕیشیان بە بابەتەکانی نووسەرەوە هەیە . کەچی نووسەر هاتووە لە لیستەی ناوی چیرۆکەکان دا جێی کردونەتەوە ٠ ٠ هەروەهاش بە پێچەوانەوە لە زۆر چیرۆکی لاوازو بێبێزی وەها کۆڵیوەتەوە کە لە خانەی چیرۆك دا شوێنیان نابێتەوە .

هەروەها وەك من پێبزانم ٠٠ لە ڕازاندنەوەو بوختەو ناباب کردنی باسە کانی ئەو تیبە ٠٠ تەنانەت بە ناونیشانی کتێبەکەشەوە ٠٠ چەند قەڵەمێکی ڕەنگینیو بە بڕشت، باری سەرنجیان تیادەربڕیوە ٠٠ کەچی ئەو سەربازە نەناسراوانە ، هەر بە نەناسراوی ماونەتەوەو لە لایەن نووسەرەوە بە ووشەیەك مایەی رەنج و زەحمەتیان نیشان نەدراوە ٠٠٠

ئیتر لە کۆتایی دا ، ئومێدەوارم ئەم چەندراستی یە جێی خۆیان گرتبێتو برای نووسەریش لە چاپی بەشی دووەمی کتێبەکەی دا ٠ ٠ کەلیکۆلینەوەکەی لە ساڵەکانی (١٩٦١ - ١٩٨٠) دەست پێدەکات ٠٠ ئەو راستی یانە بەبەر چاوەوە بگرێو دوا ووتە سوپاس و ڕێزم هەیە .

دەراوێزەکان :-

١ - پاشکۆی عیراق ژمارە (٢١) لیکۆلینەوەی هونەری یان هەڵبرزکاندن لە تای تەرازوی رەخنەدا جەمشید حیدری ٠

٢ - هاوکاری ژمارە (٤٤٤) ساڵی ١٩٧٨ (تیشکی سەرنجم بۆ لیکۆلینەوەی هونەری یاخود هەڵبرزکاندن ؟!

٣ - هەمان سەرچاوی پێشوو ٠

٤ - چاپی کۆڕی زانیاری کورد ساڵی ١٩٧٨ (عومەر مەعروف بەرزنجی) ٠

٥ - چاپی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ساڵی ١٩٧٧ (حسین عارف) .

٦ - لیکۆلینەوە بیبلیۆگرافیای چیرۆکی کوردی ل ٢٠ ٠

٧ - چیرۆکی هونەری کوردی ل ١٨ ٠

٨ - بڕوانە دیوانی حەمدی بەداد ساڵی ١٩٥٧ ٠

٩ - لیکۆلینەوەو بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی ل ٨٧ ، ٨٨ ، ٨٩ ٠

١٠ - پاشکۆی ڕۆژنامەی برایەتی ژمارە (٢) ٣١-٥-١٩٧١ عمر مەعروف بەرزنجی٠

١١ - لیکۆلینەوەو بیبلیۆگرافیای چیرۆکی کوردی ل ١٠٠ ٠

١٢ - هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ١٤٨ - ١٤٩ ٠

له ئەدەبی گەلانەوە

چوار شیعر و چوار شاعیر

(١) سواری گالیسکەی هەچ گەسێ بوو گۆرانی ئەو بڵێ !

دەڕۆم و لە ڕێگەما هیچ گالیسکەیەك بەدی ناکەم -
سواری عارەبانەیەکی گا دەبم ٠
کاکی عارەبانچی کەوتۆتە چەقەنەو گۆرانی -
منیش ٠٠ گۆرانی خۆم دەڵێم ٠٠٠٠
دەزانم گۆرانیەکەی ئەو زۆر خۆشە ،
بەڵام چی بکەم هی خۆم خۆشترە ٠
دیارە هەر لەبەر ئەوەبوو ،
لە سەر ڕۆخانە بەردینەکەدا ،
چوست وەستاو جێی هێشتم -
دیسانەوە دەبێ ئەم ڕێگەیە بە پێ ببڕم ٠٠٠٠
عارەبانەش بە بەتاڵی لەبەر چاوما شۆڕدەبۆوە ٠
کەوانە دبسان ٠٠ پیادەو تەنیام !٠٠٠
دەشزانم گۆرانیەکەی ئەو زۆر خۆشە-
بەڵام چی بکەم هی خۆم خۆشترە ٠

ژنە شاعیری خەلیمەت بێرامو کۆڤا
١٩١٧-١٩

(٢) کچێك ٠

ئەو درەختە لە دەستەکانم چەقی ،
خوێنی ڕژایە باسکەکانم ،
ئەو درەختە لە سینگما سەوزبووە -
بە ناخما شۆڕبۆتەوە ،
لقەکانی وەکو باسکەکانم لە منەوە ڕواون ٠
× × ×
تۆ درەختیت ،
تۆ قەوزەییت ،
وەنەوشەیتو بە ڕووی (با)دا دەشنێیتەوە ٠
تۆ سنالیت ٠٠ بەڵام مەزنیت ،
ئەوانەش هەمووی ٠٠ هیچیان هیچ نین بە ڕووی دونیا٠

شیعری شاعیری ئەمریکی:-
ئیزرا پاوند (١٨٨٥-)

(٣) ئاگرو سەهۆڵ

هەندێ دەڵێن دونیا بە ئاگر کۆتایی دێ ،
هەندێکی تر ٠٠ دەڵێن سەهۆڵ ٠
لەو ئارەزووانەی خۆمەوە کە چەشتم ٠
لەگەڵ ئەوانەم دەڵێن ئاگر ٠
بەڵام گەر بلوابە دوو جار تێك چێ ،
لەو هەموو قین و کینەی من ببینیم
دەڵێم سەهۆڵ بۆ ڕوخانی
مەزنترە
جێی خۆیەتی و ٠٠٠ زۆر ڕاستترە ٠

شاعیری ئەمریکی :
ڕۆبرت فرۆست

(٤) بەفرێکی نەرم

بەفرە ڕۆژێ بوو پیاسەم دەکرد :
لە بەفری نەرم پاڕامەوە یاری بکەین :
ئەوەندەی یاری کرد تا دوا کۆژی توایەوە ،
بەڵام زستان بە تاوانێکی گەورەی دانا ٠

(شێرزاد حەسەن)
لە ئینگلیزییەوە کردوویە
بە کوردی

سەرنج:- ئەم چوار شاعیرە بەڕێکەوت
لێبرە کۆبوونەتەوەو هەربەکەی سەر بە
قۆناغو ڕێبازێکی شیعری جیاوازە

شاعیری ڕۆمانسی ئینگلیز:-
بلێك (١٧٥٧-١٨٢٧)

دیاریەکی ناهەموار.. !

ژیان عزیز گەردی

ئازیزەکەم
ئایا ئەزانی باسی چی دەریایەك ئەکەم !؟
ئەزانی من، لە بۆتەی چی زەریایەکدام ؟
بۆیە دەڵێم ، پرسیار دەکەم ٠٠
من دەمەوێت لەم دەریایە
دەربازم کەیت ٠٠
شەڕۆلەکان ٠٠ دەمبەنو دەمهێننەوە
لە ناوەڕاست ، یاخود لێوار
نە ڕام دەگرن ٠٠
نە دەمهێڵن
وەك کەشتی یەکی چاڕۆکەدار
با بیشکێنێت ، ڕێ وون بکات
هیچ قەراغو لێواریکیش
نامێنیت تیا لەنگەربگرێت !
گیانە ٠٠ ئازیز
منیش وەك ئەم کەشتی یە سەرلێشێواوەم
بێ ئەندازە هەر ئەڕۆمو ٠٠
لەنگەرناگرم !
جا بزانە ئەم دەریایە ناوی چی یە ٠
خەمی سەرەتاو ڕێی بەردەوامی ی ژیانە !
لەم دەریایە
نیشان دانی شوێنو جێگای جوگرافیایم
زۆر سانایە !
کشوەری خەم
دەکەوێتە سەرووەوە !
هی ناسۆری لای چەپەوەیە
هی فرمێکیش لە لای ڕاستە
گیانە ، بۆیە ، چاوەڕوانی ئەو ڕۆژگارەم
کیشوەر ، کیشوەر
نوقمی دەریای ئەوین کەوێت
شەپولی ڕووناکی بەرەو لێوار مل ڕێ بگرێت
تا لەنگەریش بە من بگرێت
ئازیزەکەم ٠٠
ئەو ڕۆژە کەی ٠٠ کەی ٠ کەی ٠ کەی ٠ دێت؟!
کەی دێت -
کەی دێت ؟!

تو ئەو خوایە
بە یەك وشە گەر پێم ئەڵێی
چیت دەوێ لێم ؟
سەردەمێکە تێم ئاڵاوی
بۆ کوێ دەڕۆم ٠٠٠ لە کوێوە دێم
لە چەقی ڕێگەم وەستاوی
سەیر ئەوەیە ناشناسم
تۆش نازانی هێشتا من کێم
دەپێم بڵێ چیت دەوێ لێم !
ساتێ ڕاوەستە بزانە من کێم
خۆم کوڕەکەی دوێنێم قەولەکەت داپێم
((لا کە بەم لاوە بزانە چیم دەوێ
لە گەردنی زەردت یەك (ماچم دەوێ)) !(١)

(١) فۆلکلۆری کوردی ٠

Institut kurde de Paris

پاشماوەی وتەی جێگری بەڕێز لە ئوردوگای « القدس لنا »

ئەم ڕێگەیە نەفسەکان مشتوماڵ ئەکات و بگرە دەرونەکان پاك ئەکاتەوەو وا لە مرۆڤ ئەکات کە لەسەرو ئیعتبارە خۆیەکی یەکانەوە بێت بۆ ئەوەی دەست لە ملی بیرو باوەڕەکان بکات لە بێگەردی لە بێخەوشی داو لە ئالقەکانیدا لە تیشك ڕاندو بێگەردی دا .

ئیژە دەربارەی قودسو دەربارەی فەلەستین هوڕاتان کێشا ، بە دڵنیاییشەوە ئەم کارەتان لە خۆیدا بەشێکە لە کاری ڕزگارکردنی قودسو ڕزگارکردنی فەلەستین .

ئیژە خۆتان ئامادەنەکەنو گەلەکەتان ئامادە ئەکەن ئەویش بەو نموونەیە زیندووەی ئەیخەنە بەردەمی بۆ ئەوەی فەلەستین ڕزگاربکات و قودس ڕزگاربکات .

هەر جۆرە چەسپاندنێکی بیروباوەڕەکانو هەر چەسپاندنێکی زیندووی مەیدانی یانە لە کارکردنداو لە دڵسۆز بوون بۆ کارو لە وردی لە کاردا ولە ڕێزگرتنی زانستو وەدەستهێنانیو .. لە کارکردندا بەگیانی قوربانی دانانە لەسەر خاکی عیراق ، ئەوا بنەڕەتە ساغ ودروستەکەی ڕزگارکردنی فەلەستینی زەوت کراوی عەرەبی دائەنێ ..

خوشکو براینە ، ناتوانین فەلەستین ڕزگار بکەین ئەگەر یەکەم ، لە کارکردنماند جیددی نەبینو ئەگەر لەگەڵ خۆمانو لەگەڵ گەلەکەمانو لەگەڵ بیروباوەڕەکانماندا ڕاست گۆ نەبین .

کاری ڕزگارکردنی فەلەستین بەڕزگارکردنی دەرون دەست پێ ئەکاتو پاك کردنەوەی فەلەستین لە دوژمنان بە پاك کردنەوەی خۆ ئەبێ لەو چەپەڵی و ئالەباری یانەی پێوەی نووساون .

کارکردن لەسەر ڕێگای ڕزگار کردنی فەلەستین

کاتێك بیروباوەڕەکان لە نەفسی خۆماندا و لە ڕەفتارماندا جێگیرو بەدی ئەهێنین ، ئەوا ڕزگارکردنی فەلەستین وەدی ئەهێنین .. ئەمەش کە ئەمڕۆ لە ئوردوگای (قودس ی خۆمانە) ئەیکەن بەشێکی زیندووە لەسەر ڕێگای ڕزگارکردنی فەلەستین . . بەشێکی زیندووە لەکارکردن بگرە لە تێکۆشان لەسەر ڕێگای ڕزگارکردنی فەلەستین ... کارکردن بۆ بنیات نانی عیراق نابێتە مایەی دەست بەردار بوون لە کاری چەکدارانە بۆ ڕزگارکردنی فەلەستین بەڵام کارکردن بۆ بنیات نانی عراقی نەتەوەیی پێشکەوتووی بەتوانا کە خاوەن زانست بێ وەك پێویستە ، ئەو بنکەیەیە کە ئەبێ بۆ ڕزگارکردنی فەلەستین هەبێ .

بەم بۆ چونانەو پشت ئەستور بەمانە ، حزبە مەزنەکەتان حزبی بەعسی سوشیالیست بایەخی ئەم تاقی کردنەوەیە دەسەلمێنێ چونکە بەتەواوەتی ڕێی پێ ئەبات هەروەکو دروشمە ناسراوەکەی هەڵگرت . . . ئەوی بۆ بنیات نانی نیشتیمانەکەی ئارەق نەڕێژێ بۆ داکۆکی لێ کردنیشی خوێن نارێژێ .. لەو کاتەوە لە ساڵی ١٩٧٩ حزبەکەتان بە شێوەیەکی زیندوکاری وردی سودبەخش و بێوچانی بەمێ بنیات نای عیراق لە سەرڕێگای بیروباوەڕەکانی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست وەك بنکەیەکی ڕزگارکراو گرێداوە لەگەڵ ڕزگارکردنی فەلەستین و قودسی شەریفدا .

پێش دوو ڕۆژ چوویەن بۆ ئەردەن و بەشەو بەچاوی خۆمان ڕوناکی یەکانی قودسمان دەبینی .. بێگومان مرۆڤ کاتێك باسی قودسو باسی فەلەستین دەکات لە ناخیدا چەند سۆزێکی تایبەتی دەجولێن ، بەڵام هاوڕێو برایینە بە تەنیا سۆز بۆ ڕزگارکردنی فەلەستین و ڕزگارکردنی قودس بەس نی یە بۆیە کار دەکەین و لە مەیدانەکانی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فیکری و سۆپایی دا لە پێناوی ڕزگارکردنی قودسو ڕزگارکردنی هەموو خاکی فەلەستین دا خۆمان ئامادە ئەکەین .

لەم مەفهومانەوە ڕیزی ئەو کیانە بەرزە ئەگرین کە لە ڕەوشتاندا و لە مەفهومەکانتاندا هەستی پێ ئەکەین . ڕیزی ئەو ئامادەبوونە بەرزەی بەخشینتان بەو زەوی یە چاکە ئەگرین لە پێناوی ئەوەی خۆمان ئامادە بکەین تا وەکو خاکە پیرۆزەکەمان فەلەستین لە ژێر چنگی داگیرکردن دەربهێنینەوە .

هاوڕێیان ..

بێگومان .. پێویستەو بە شێوەیەکی تایبەتی مدحو سەنای کچە هاوڕێکان بکەین لە کارو ڕێکخستندا . ئیستعمارو نوکەرانیو خائنەکانو ڕاراکان دەزانن ، هەتا حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست بێ هیچ لایەك نیە بتوانێ ڕای گشتی عەرەبی وا لێ بکا خۆی بێ ئاگاو مەچەکی دانەوێنێ تا لە سەر ڕێگای ڕزگاری فەلەستین بە دوور بێ .

هاوڕێیەك لێی پرسیم : کەی پیلان گێڕان دوایی دێ ؟

پێم وت : دڵنیابە پیلان گێڕان دوایی نایەت ، بەڵام دڵنیاشبە هیچ پیلانی لەو پیلانانە سەر ناکەون ڕەنگەو چۆرو سەرچاوەی هەرچۆنێ بێ .

چەند ڕۆژێ لەمەو بەر لە گەڵ ڕۆژنامە نووسیکی ئەڵمانی ڕۆژ ئاوادا بووم ، پرسیاری دەربارەی شورشو گەل لێ دەکردمو ئەیوت ڕۆژئاوا پیلان لە دژی ئێوە ئاگیرێ پێم وت ، هەرچۆنێ بێ من موناقەشەی ئەم مەسەلەیەت لە گەڵ ناکەم ، بەڵام پێت ئەڵێم لایەنەکانی شەڕانی لە ڕۆژ ئاوادا یان لە هەر شوێنێکی تر کۆ ببنەوە ناتوانن ئەو زیانەی ئارەزووی دەکەن بە شورشی بگەیەنن ، ئێوە دەڵێن عیراقیەکان لە خۆیان بای بوون ، هەندێ هێزی ناحەزیش دەڵێن سەرکردایەتی حزب بایی بووە ، بۆچی ، ئایا باوەڕ بوون بە گەل بایی بوونە ؟! کاتێ دەڵێین هیچ لایەنێ ناتوانێ ئاواتی جەماوەرو ئاواتی گەل داماڵی .. ئایا ئەمە مانای بایی بوونە ؟ ئەمە باوەڕ بوونە بە گەلو ئەوەی گەلێکی وای لە گەڵ بێ ناترسێ ، ئایا ئیتر چۆن بیر لەوە دەکاتەوە هیزێك هەبێ لە سەر ئەزر بتوانێ زەفەر بە عیراق بەرێ ؟ کەواتە حەقمانە بپرسین بەعسیەکان لە کوێدا گۆشکرانو پێ گەیشتن ؟ ئایا لە هولە گەرمو ساردەکاندا پێ گەیشتن یان لە ساحەی تێکۆشاندا ؟ !

ئەی ئیتر چون بیر دەکەنەوە لە ڕۆژ هەڵات یان ڕۆژ ئاوا یان باشوور یان باکوور یان هەر شوێنێ بێ بترسین ؟ .. ئایا ئەوەی نە ترسی بە بایی بوو دادەنرێ ؟

بۆچی .. ئایا مرۆڤ بوە .. تا بترسی ؟ یان بوە بۆ ئەوەی ئازاو تێکوشەر بێ؟ سەرئەنجام ئێمە لە کێ بترسینو بۆ بترسین ؟ ئەوەی دەترسێ ئەو مرۆڤەیە کە کار دژی حەق دەکا ، ئەو کەسانەی لە پێناوی حەقدا کار دەکەن، ناترسن ..

بەورۆژنامە نووسەمان وت : ئێوە دەتوانن بڵێن ئەمانە لە خۆ بایی بوون ، بەڵام ئێمە دەڵێین ئێمە باوەڕمان بە گەلە ، باوەڕمان پێیەتی چونکە بەشێکین لەوو بەشێکە لە ئێمە لە بەر ئەوە ، ئەوانە دڵنیا بکە کە دەبانەوێ دڵنیابن ، خەبرسیش بدە بەوانەی نایانەوێ دڵنیابن کە شۆڕشی عیراقدا توشتی هەڵدێر نابێو حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب بە بێ سڵەمێنەوە کاروان بەەرو پێش دەبا هەتا هەموو ئامانجەکانی بەدی دێن .

برایان ..

لە بەر ئەوە ، چارە ڕەشەکان لە ماوەیەکەوە بۆ بۆ ماوەیەکی تر بەختی خۆیان لێرەو لەوێ تاقی دەکەنەوە ، بەڵام لێیان گەڕێن با بەختی خۆیان تاقی بکەنەوە ، ئێمە گوێ بەوە نادەین ، چونکە شۆارشی تووشی گرانیو تە گەو تەگەرە نەبێ شۆڕش نیە ، شۆڕشی ئەو هیزانە پێتی لە دژ نە گێڕن کە دەیانەوێ عیراق هەر مانگای دۆشمین بێ بۆ بێگانە ، شۆڕش نیە ، ئەو شۆڕشەی بەر ژەوەندی نارەوای لە ژێر گوهێ ودا سەر دەنگێ چەپەری و هندەکا دیت .. خەلکێ کارێت خو هیلات بچویکی یارێیت خو ژ جاوەڕێی ئەوەیێ کە هەبن پیلانی لە دژ بگێرن

ئەوەی باوەڕی بە گەلەکەی هەبێ ، ڕێگای تێکۆشانی لە سەر ئەساسی حسابی فەنی لە موختەبەر پڵەکانی قونانجانە ، بەڵکو ئەو عەرەقە حساب دەکا کە بە دڵسۆزی دەیڕێژی و دەیکاتە چەکێکی زیندو ڕوو بە ڕووی دوژمنی پێ دەبێتەوە ، لە بەر ئەوە کاروانی شۆڕش سەرکەوتو هەموو تاقی کردنەوە مەزنەکانی تری سەرکەوتن کە وزای لێ کردون شانازیو فەخر شۆڕشەکەتانەوە بکەن .

وەپشت بە خوا ڕۆژی لە ڕۆژان لە شوێنێکی ڕزگار کراوی خاکی خەلەستین پێك دەگەین .

سەرکەوتنتان لە کارەکەتانا لە ئوردوگای قوس بۆ ئێمەیە دەخوازم لە پاڵ خوێندنتانا تا بە خێر بونتان خزمەتی نەتەوەکەتانو ئامانجەکانی حزبەکەتان بکەن ، سڵاومان بە هاوڕێکانتان بگەیەنن کە بەشداری لەم ئوردوگایەدا دەکەن دوای ئێوە یان ئەوانەی بە هوی ماوە تەنگیە وە بەشداریان نەکردوە یان لە بەر هەر هویەکی تر بێو پێیان بڵێن ئێمە بە هیوایین ئەو هیزەی ئیستاو ئەمڕۆ لە قدس بیبینن پشت بە خواو ئوردوگاکەی ئێوە دەبینین لە والسلام علیکم .

«پاشماوی» بویە یان حریە

قوتیکەك و هندەك هەستیکێت ڕویت کەتنە بەرسینگێ دەیکا چەپەری وکولوخکەك گورول بو چو وێفە ... !

هەردو مانە هیبەتی چاڤێت وا دڤیان ژ سەری دەکەڤن بابێ کورکی ما ڕاوەستیای وگوینك د دەستیداوچ ناکەت ...

دەیکا چەپەری دانێ وێ یێ دکوشا وێدا نەدشیا ڕابیتەڤە ...

بێهنەکا خوش مان وەسا ... دەیکا چەپەری تیف تیف بەردا کەنیەکا دەنگ بلندو دەست بسترانا کر سترانا سەرکێ زافای گوت ... دانێ خو ژ گۆشا خو ڕاکرو کوخکێ کورێ خو هەلگرت و بەرسیتگێ خو ڤەناو یا بو سترانا دبێژیت و جارو جار ڕادوەسێتو کەتە کەنی . . . کر هەوارو گازی هەمی ژنکێت گوندی کر .. گازی هەمی خەلکی کر ..«وەرن . . . وەرن ، هوین نا بینن کورێ من چەپەری ژندکا ڕەفای .. ئەفرۆ دەواتا وی یە چەپەریژی هەر ل جهێ خو خو کرە گلومچکو ڕونیشتە خارێ و سەرێ خو کرە دناف پێت خورا هەچکو قورمکەکێ دارێ سوتی و ... دکرە گری گربەکا بێدەنگ ... هەمی لەشێ وی مشك بوو ... وەجگو ئەڤە دەهساڵە ڕوح تێ نەمایە .. خەلکێ گوندی ژی پیچ پیچە گوهێ ودا سەر دەنگێ چەپەری و هندەکا دیت ... خەلکێ کارێت خو هیلات بچویکی یارێیت خو ژ بیرکرن ... مزگەفتا گوندی دەرکەت خەلکێ گوندی هەمی لدویف دەنگ دەیکا چەپەری وکەنیا وێ وسترانێت وێ جوون دەیکا چەپەری بەرێخودا مێرێ خو کوێ بێدەنگە . . . دەستێ خو هافێتە دەستێ وی و ڕاکێشا ...

ـ هلو ... هلو ...

بەرێخۆ بدەنێ ... بەرێخو بدەنێ ... دەواتا کورێ وی یەو یێ دکەتە گری !!!

دستێ مێرێ خو بەردا ...و دو هەستیکێت مەزن هەلگرتن و دەرسوکا چەپەری تێ وەرکر .. سەرێ وی ب دەستەکی گرت...و هەستیکێ دەرسوك تێوەرکری ودەستێ دی و ژسەر بەربانگی هاتە خارێ و هەرا دلەیزیت و ... خەلکی گوندی نزانن چ بکەن ... چ .. دلوفانێ سینگی دا چێیوون.. خەما بو بخۆن ... یان ... هەرێکی وهزرێت خودا تشتەك دگوت ... دلێ هەمیا بدەیکا چەپەریفە بوو ... لێ هەمیا دزاتی کو چەپەر لسەر ڕێکەکا خوار دچو ... و دیماهیکا وی هەر دا هولێ هێت ... هەمیا هزر دکر کو چەپەرێ هاتیە کوشتنی ... وەکی وی خەلك وکوشت ... لێ چەپەر پشتی پخوو خەلەتپێت خو جەسیایی و دیتی کو یێ دویرە ژ دلێ خەلکی ... و پشتی گەلەك تشنت کربن و دخرابیارا چەرمێ وی مستویر بووی ... سپێدەهیەکێ ژ خەو ڕابوو بگونەکیدا جوو خوارێ دیت کو قوریزێنە وزبمارە ... نێزیکبو ژ کۆما خەلکی دیت کو زەلامەك یێ رازایە و بجویکەکێ سافا یێ خو دخوت هندی یێ دکەتە گری ... دیمەنەکێ کەلەك دل کڕیو ... گەلەك هزر دسەریدا زڤرین . . . ژ گوندی دەرکەت ... ڕونیشتە بن دارەکێ و گۆرە و کالکا خو ژ یێ خو کرنو بەرێ تڤەنگا خو دا سێگێ خو پشتی منیشەکەك بربە بەر .. تیلا یێ خو دانا سەر لەولەبا تڤەنگێ و لویلیا تڤەنگێ یا بەلیڤەو چاڤێت خو نقاندن... پێنەك ل لەولەبا تڤەنگێ دا سینگێ وی کونبوو وپشتا وی هاتە قەورانن ... و کەتە وێژێ ...

پشێ هەیفەکێ خەلك بەر هەستیێت وی هەلبوون .. .

گوندێ چەپەری وێ ڕوژێ یێ وژین دگوفەندا چەپەریدا .... ورەیکا هەرا بکولانادا دچیتە خوارێو دبێژتە خەلکی وەرنە دەهواتێ . . .

بابێ چەپەری ... چنگلێ وێ گرت ولێك ڤراند .... و لێ کرە گازی ..

ـ چەپەر ... مر ... مر ... مر ... تەزانی ؟

چەپەر یێ مری ... بەس بکە هەوار ... یێ مری ... چەپەر نەما ... نەما ...

ـ نەء ... چەپەر نە مریە ... چەپەر شنویکا یێ بوی ... ئەڤرو چەپەر یێ بوی... ئەڤرو یێ بوی ئەڤرو دەواتا وی یە ...

وچون وخەلکێ گوندی بدویڤەودێ

هەمیا یێ گفاشیتە ...

«پاشماوەی» چەژنا

ئەورۆزا پیرۆزە ڤێجا جەژنا
سەر ساڵا ئێزدیا ئێکسەر وان
دئینتە بیرا مە نە خاسما
ڕێزو قەدرگرتنا زەردەشتیا
بۆ خاکو چاندنیو خودان کرنا
پەزی ...و بەری وان ژی
ئاشۆریو هەرە وێفەتر بابلیا
... ئۆکە ژی ئەم بچافەکێ
بلند تەماشای کەلەپورو
مێژووا خۆ دکەینو تشتێ هێژا
فەدژینینەڤە دبینی لبن سایا
شۆرشا تیرمەهێ ل ساڵا
١٩٦٩و هێرفە ئێك ژوان تیتالا
هاتە ساخ کرن (میهرەجانێت
بەهارێ) ل شارێ مووسل بەلێ
پا یا ب بەرگۆتنێ دکەفت
ئەرە ئێزدی هەر لسەر
یابەرێ ئەڤ تیتالە جەژنە
نە شەمراندبوو ، دبت
گەهۆرینەك لدیف تیۆرێ
بێشڤەچۆنا شارستانیەتا
مرۆڤایەتیێ ب سەردا هاتبت
بەلێ وان هەر پاراستیە
ئەڤ جەژنە هەکە دوورو
کوورتر مرۆڤێ لپێ بچت ،
دبێژم ئەڤ جەژنەو هندەك
کریارو دانو ستاندنێت دیو
کۆمکرنو شرۆڤەکرنا کەلەپوورێ وان دێ تیرنیژەکا
ڕۆناهیێ لهندەك کوژبێت
تاری ژ ئۆلو مێژووا ئێزدیا
کەت ..

---

١ ـ سەرکەری : ئەو بێریڤانەیە یا پەزێ وا دناڤ کەرێ بەزیدا ژ هەمووا پتربت

٢ ـ پرکۆ بێریڤانێت دی پەزێ وان کێمترە .

بۆزانین

نەخشەی پەرە پێدانی نەتەوایەتی بۆ ساڵانی ٩٧٦/ ١٩٨٠

وەزارەتی ئاو دێری
دەزگای گشتی چاککردنو کار پێ کردنی
پرۆژەکانی ئاو دێری

قۆناغی زمارە (٥١)ی ساڵی ١٩٧٩ بۆ سواخ دانی هەردوو جۆگەلەی کانیاوی سمافوکو کانیاوی شکفتی لە ناحیەی سەرسەنگ .

١ ـ دەزگای گشتی چاککردنو کار پێ کردنی پرۆژەکانی ئاو دیری داوا لە قۆناغەکان دەکا کە بەپەلەی نۆیەم بەشداری یان کردووە (ئەو قۆناغەکانە کە پەیوەندی یان بە بینادرسنکردنەوە نی یە) .

وەکۆ بوونەکانیان لە ژووری بازرگانی تازە کردووەتەوەو شەهادەنامەی باجی داهاتیان پێ بە ئەندەرەکانیان ئێسکەش بکەن.

٢ ـ کاروباری قۆناغەکە بدیتی یە لە سواخ دانی هەردوو جۆگەلەی کانیاری سماقوکو کانیاوی شکفتی لە ناحیە سەرسەنگ .

١ ـ دەتوانرێت سەندەکانی قۆناغەکەو ئەو ئەخشانەی کە تایبەتن بە قۆناغەکەوەلە بەشی باسایی لە دەزگای گشتی چاککردنو کار پێ کردنی ئاو دێری بە (ـ/١٠) دە دینار دەست ڕێکودێت ببینرێت کە نادرێتەوە .

گ ـ ئەندەرەکە لە گەڵ پسوالەی بارمتەکە بێ لە زمیریاری نەخشەکە لەم دەزگایەیا کەفالەتی بانقی لە گەڵدا بێ بە (ـ/٤٥٠٠)چوار هەزارو پێنجسەد دینار لە یەکێك لە بانقەکان کە دانی پێ نرابێ بە مەرجێك بۆ ماوەیەك کە لە دوو مانگ کەمتر نەبێ و لە ڕۆژی داخستن قۆناغەکەوە بەکاربێو هەتا بۆی بلوێ تازەش بکرێنەوە .

٥ ـ ئەندەرەکان لە ناوزەرفێکی داخراودا بنو پێشکەش سکرتاریەتی لێژنەی کردنەوەی ئەندەرەکانی ئەم دەزگایەی بکەن ، ئەویش لە یا پێش کاتژمێری دوانزەی نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٣ـ٧ـ ١٩٧٩ دەبێت .

٦ ـ هەر ئەندەرێك ئەگەر لە ماوەی دیاری کراوی خۆیدا پێشکەش نەکرێ یا هەموو مەرجەکانی تیدا نەبێ پشت گوێ دەخرێو پێویستە قۆناغەکانیکان ئەم بەڵگە نامانەی خوارەوە پێشکەش بکەن .

١ ـ پێناسی زووری بازرگانی .
٢ ـ پێناسی ڕێکخستنو تۆمار کردنی قۆناغەکان.
٣ ـ شەهادەنامەی ئەو کارانەی لەمە دەچن .
٤ ـ شەهادەنامەی باجی داهات .
٧ ـ ئەم دەزگایە بەوەوە پابەند نی یە نزمترین ئەندەر لە ڕووی نرخەوە یان هەر ئەندەرێکی تر قبوڵ بکات .

ع ـ سەرۆکی دەزگا
عباس محمد نصیف

بۆزانین

لە پرۆژەکانی ئەخشەی بەرەپێدانی نەتەوایەتی ـ بەرنامەی ڕەنێوهێنان ـ ئەمینداریەتی گشتی کارو خانەسازی ـ قۆناغەکانی نهێنی ژمارە ٩ـ١٩٧٩ بۆ دروستکردنی دادگای بیدایەتی دهۆك .

لەبەر ئەوەی تا ئێستا هیچ قونتەراتچیەك بە دەم ئەم قۆناغەکانەوە نەهاتووە بڕیارماندا سەر لە نوێ بۆزانینەکەو بە پێی ئەم مەرجانەی خوارەوە دوبارە بکەینەوە .

١ ـ ئەتوانرێت کۆمەڵە لیستمارەی مەرجەکانی قۆناغەکە لە مەڵبەندی ئەم ئەمینداریەتی یەدا یا لە بەڕێوەبەرێتی کاری پارێزگای دهۆك بە (٢٥) بیست و پێنج دینار دەستبکەوێت کە نادرێتەوە بە مەرجێك قۆناغەکانی مەرجە گشتیو مواسەفاتە هونەری یەکان بکڕێت کاتێك قۆناغەکەی دەکەوێتە ئەستۆ .

٢ دوا ماوە بۆ پێشکەش کردنی ئەندەرەکان لە یا پێش کاتژمێری دوانزەی نیوەڕۆ ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٠ـ٧ـ١٩٧٩ ئەبێتو ئەدرێت بە سکرتێری لێژنەی کردنەوەی ئەندەرەکان لە مەڵبەندی ئەم بەڕێوەبەرێتی یەدا :

٣ ـ ئەمانەی خوارەوە دەبێ لەگەڵ ئەندەرەکاندا هەبن

أ ـ بارمتەی سەرەتایی بە سیانزەهەزارو پێنجسەد دینار لە شێوەی کەفالەتی بانق یا لە شێوەی چەکێکی مۆرکراو بۆ ماوەی شەش مانگ بەکار دێت لە ڕۆژی داخستنی . قۆناغەکەکە .

ب ـ پێناسی زووری بازرگانی لەگەڵ بەڵگەنامەیەکدا کە لە بەڕێوەبەرێتی باجی داهاتەوە دەرچووبێتو بۆ ئەم ساڵ تازە کرابێتەوە .

ج ـ بەرنامەی ئەو کارانەی لەمە دەچن .

د ـ پێناسی پلەی قۆناغەکانچیەکان (پلەی حەوتەم) بۆ ئەوەی قۆناغەکانچی لە قۆناغەکەکە بەشداری بکا بە پلەیەك کە لە پلەی خۆی بەرزتر بێ .

٤ ـ هەر ئەندەرێك لە کانی دیاری کراوی خۆیدا پێشکەش نەکرێ یا هەموو مەرجەکانی تیدا نەبێ پشت گوێ دەخرێ .

٥ ـ ئەم بەڕێوەبەرێتی یە بەوەوە پابەندنی یە نزمترین ئەندەر لە ڕووی نرخەوە یا هەر ئەندەرێکی تر قبوڵ بکات .

٦ ـ هەرۆژێکی دواکەوتنی کار (٤٥)چل و پێنج دینار سزا ئەدرێ .

٧ ـ ماوەی بەجێهێنانی ئەندەرەکەشمش مانگە لە ڕۆژی پێشکەش کردنی ئەندەرەکان .

٨ ـ پێویستە قۆناغەکانچیەکان نەخشەکان لەگەڵ ئەندەرە کانیاندا بهێننەوە نەخشەکان تەنیا ئەدرێتە ئەو قۆناغەکانچیەی کەوا قۆناغەکەی بۆ دەرچووە .

٩ ـ پێویستە قۆناغەکانچی (٢٥٠) فلسی بە ئەندەرەکەوە بلکێنێت .

١٠ ئەندەرەکان ئەگەر لە ناو زەرفێکی داخراودا نەبن پشتگوێ دەخرێت ورەفز دەکرێن .

١١ـ لە بەجێهێنانی قۆناغەکەدا بۆ قۆناغەکانی کاروباری ئەندازیاری مەدەنی بە هەردوو بەش یەکەم ودووەم میەوە دەبەستێت .

١٢ ـ هەر سڵ کردنەوەیەك لە ئێو ئەندەرەکە لە لایەن قۆناغەکانچی بنووسرێت پشتگوێ دەخرێت .

١٣ ـ پێویست قۆناغەکانچی کاتێك قۆناغەکەی دەکەوێتە ئەستۆ ئەمبارێك یا حەند عەمبارێك بۆ پاراستنی جیمە ئامادە بکات .

١٤ ـ پێویستە قۆناغەکانچی کاتێك قۆناغەکەی بۆ دەرچێت ئەندازیارێکی سەرپەرشتی کەر دانبێتو بەدەوامێکی تەواو ئیش بکات ، هەروەها بەکارهێنانی هەمە جۆری شارەزایی هونەری لەو ئەندازیارانەی کە خاوەن پسپورن بۆ جێبەجێ کردنی بڕگەکانی تر وبەپێی پێویستی یەکانی پرۆژە کە .

ا ـ فالرز : جۆی ـ رەڤگکچۆ دنیبا ارلمن وو مێارلمن ارلما

محمد محی الدین شریف
و ـ ئەمینداری گشتی کاروخانەسازی

Institut kurde de Paris

ئەم کاتەت باش

ناوێك وهونەرمەندێکی بچکۆلە

– ناوی « هەردی تۆفیق حمە حسین »ە لە ساڵی ۱۹٦٥ لە شاری هەڵەبجە هاتۆتە ژیانەوەو ئێستاش لە پۆلی دووی ناوەندیەە ٠

● **کاکە هەردی باسی سەرەتای دەست پێکردنی هونەریت بکە بۆ خوێنەران ؟**

– کاتێك لە قوتابخانەی سەرەتایی بوم لە هەموو ئاهەنگەکانی قوتابخانەکەماندا بەشدار ئەبوم ٠٠ لە پۆلی شەشی سەرەتاییدا لە شانۆگەری لافاودا دەوری منالێکی هەتیومدی لە پۆلی یەکی ناوەندی چیرۆکی « دایکی فەلەستینمان » پێشکەش کردو لەو شانۆگە – ریەشدا دەوری منالێکی هەژارم بینی لەم ئاهەنگەی دوایی تیپی نواندنو مۆسیقای هەڵەبجەشدا دوو بەرهەم پێشکەش کرد یەکەمیان « تابلۆی بەتۆزی کرد » ئەوی تریان گۆرانی « بەنازم کردی » بوو ٠

● **ئێستا چیتان بە دەستەوەیە ؟**

– بەم زوانە خۆمان بۆ بەرهەمێکی نوێتر ئامادە دەکەین ٠

● **دوا رۆژ پێت خۆشە چی بیت ؟**

– ئەمەوێ لە دوارۆژدا وەك هونەر مەندێکی ڕەسەن لەپێناو پێشخستنی هونەری کوردیدا تێبکۆشم ٠٠

جەباری حاجی کەریم
پ ـ هاوکاری لە هەڵەبجە



باوەڕهێنانی سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی شۆڤێنیالستی ، سەرکردەورابەری شۆڕشی ۱۷ـ۳۰ تەموزی مەزن بەمافی ڕەوایی نەتەوایەتی گەلی کوردماندا ، لە ڕوانگە مرۆڤایەتیو باوەڕی ڕاستەقینەوەیەوە هەڵقوڵاوە ٠ هەڵگاوەکانی سەرکردایەتی حزبو شۆڕشیش لە ماوەی (۱۱) ساڵی تەمەنی شۆڕشدا بە چەسپاندنی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان لە چوارچێوەی کۆماری عیراقی یەکگرتوی بەهێزداو تەقەللای داسۆزانە بۆ سەرکەوتنی ئەم تاقی کردنەوەیە ، ئەم ڕاستیە ساغ دەکاتەوە ٠



بایەخدان بە بەرەوپێشبردنی باری کەلی کوردمان بەلایەنی چەسپاندنی مافە ڕەواکانیاو بەلایەنی بەهێزکردنی عیراقدا ، هەموو لایەنەکانی ژیانی گەلەکەمانی گرتۆتەوە، ناوچەی کوردەواری لە سایەی شۆڕشو مافی ئۆتۆنۆمیدا پێشکەوتنی گەورەو دیاری بەخۆیەوە دیوە.

ئەوەی لە بەرەوپیرەوەچونی یادی «۱۱» ساڵەی بەرپابوونی **شۆڕشی ۱۷ـ۳۰ تەموزی** مەزندا لەم بارەیەوە دەمانەوێ دەستی بۆ بکێشێتن بایەخداتی شۆڕشە بەلایەنی ڕۆشنبیریو بڵاوکراوەی چاپکراوی کوردیو زیندو کردنەوەی فولکلۆرو نەریتی میللی پێشکەوتنخوازی کوردیەە ٠بۆ ئەم مەبەستە چەندان دامو دەزگای تایبەت بە **کاروباری** ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوە دامەزراون لەم دەزگایانە

(دەزگای ڕۆشنبیری بڵاوکردنەوەی کوردی)

بەدیارو چالاك لەم مەیدانەدا دەست نیشان دەکرێ ٠ ئەم دەزگایە دور گۆڤاری کوردیو ڕۆگوامەیەکی هەفتانە دەردەکا **(ڕۆشنبیری نوێ)(بەیان) و (هاوکاری)** ٠

بێجگە دەیان چاپکراوی هەمەچەشنە کە ئەم دەزگایە بەکوردی دەری کردونو تاوێکی پێشکەوتوی داوە بەچالاکی ڕۆشنبیری کوردی ،

لەماوەی ساڵانی ۷۸ـ۱۹۷۹دا ئەم چالاکیە دیارتر خۆی دەنوێنێ ، لە ساڵی ۱۹۷۸ دا (۲۵) کتێب لەم دەزگایە بەکوردی دەرچوە کە زۆرلایەنی ڕۆشنبیریو ئەدەبیو زانیاری زمانەوانیان گرتۆتەوە بێجگە لە چاپکراوی سیاسیو ئاراستەکردنو هوشیارکردنەوە بۆ ئەمساڵیش ۱۹۷۹ لە دوو مانگی نیسانو حوزەیراندا پێنج کتێبی چاپکردوەو (۷) ی تریش لەبەرهەمی ڕۆشنبیری بەرێوەنو بەم زوانە دەردەچن و (۱۳) کتێبی تر بەم زوانە سەرەی چاپکردنیان دێنە سەرو هەندێکیان دەزگاکە خۆی چاپیان دەکاو هەندێکی دەستی نووسەرەکانی دەگرێو یارمەتیان دەدا بۆ چاپکردنیان



● **لەو کتێبانەی دەرچون :**

– هاوری صدام حسین – دەربارەی شۆڕشو ئافرەت ٠

– دەقی تەواوی بەیاننامەی بەرەی نیشتمانی .

– پەیمانی کاری نەتەوەیی هاوبەش ٠

– وتارەکانی هاوڕێ صدام حسین لە پاریزگاکانی سلیمانیو هەولێر ٠

● **ئەو کتێبانەی بەم زوانە دەردەچن :**

– مصطفی نەریمان – توێژینەوەیەك لە پێنج بەرهەمی نجم الدین ملا ٠

– ابراهیم سلمان – کۆمەڵ

– د٠ کاویس قفطان نیو هەنگاو دور لە دۆزەخ–کۆمەڵە چیرۆك ٠

–عبدالله عباس – سێ سەمفونیەو شەش سرد –

– صباح غالب – ئافرەت لە چیرۆکی کوردیدا –



چالاکی وەرزشی لە یەکێتی ئافرەتان

● **یەکیەتی ئافرەتانی سلیمانی چالاکانە لە هەموو ڕوویەکەوە گەلێ چالاکی یانەهەیەو وان لەخزمەتی جەماوەری ئافرەتاندا یەکێك لەم چالاکیانەیان چالاکی وەرزشی هەمە جۆرەو خوشکەرەوزە عەدول جەبار سەرپەرشتیان ئەکا ٠**

هەریەم بۆنەیەوە سەرمانداله بەشی وەرزشیو لەوێدا خوشکە ڕەوزە دەربارەی چالاکی ئەم ماوەیەی دواییان وتی :ـ

× ئێمە وەکو دەست پێکردن هێشتا لە سەرەتادایەو بنیەکانمان بەتەواوی خۆیان نەگرتوەو لە دەمەدەمی پێگەیشتنو خۆ ئامادەکردندان، بەڵام لەم ماوەیەدا بۆ هاوبەشی کردنی خێوەتگایەکی مەرکەزی لە هاوینە هەواری صلاح الدین تیپێکی دیدەوانیمان ئامادەکرد کە ژمارەیان ۸ کچ بوون لەکچانی هاوبەش لەیەکیەتی ئافرەتانی سلیمانیداو خیوەتگاکە لەڕۆژی ۷/۲وە دەستی پێکردوەو هەتا۱۲/۰۷ ئەم خیوەتگایە تیپی هەموو لقی پاریزگاکان هاوبەشی تیاکردوە لەوێدا گەلێ چالاکیوەرزش ئەنوێنرێ، لەگەڵ کردنەوەی گەلی پێشانگای ئیشی دەستی لەبابەتە فۆلکلۆریەکاندا ، لەگەڵ ناهەنگی گۆرانیو مۆسیقای هەمە چەشنەدا ٠

● **دەربارەی چالاکیەکانی تریان وتی :ـ**

× هەر بەناوی ئافرەتانەوە هاوبەشی یەکیەتی نیشانە پێکانمان کردووەو ئێستا ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری لقی سلیمانی ئەو یەکیەتیەنو واش بەتەماین لە لقی یەکیەتی ئافرەتانی سلیمانیدا تیپێکی تایبەتی بەم یاریبە دابمەزرێنین و لە کێبرکێکانی وڵاتو پاریزگادا هاوبەشی بکەینو تەنها چاوەروانی ماتنی کەرەسەو کەلوپەلەکان ئەکەینو تائێستا نزیکەی چوار پێنج کۆبونەوەمان کردووە بۆ لێکۆڵینەوە لە پێداویستیەکانمان هەروەها هاوبەشی هەموو چالاکیە وەرزشیو هونەریەکانی پاریزگامان کردووەو یارمەتی لایەنە وەرزشیەکانمان داوە بەنیازی سەرخستنو گەشەکردنیان ٠

● **هونەری کرێکاران :**

تیپی هونەری میللی سەربە یەکێتی نەقابەکانی کرێکاران لە سلیمانی بەم زوانە چیرۆکی تەمسیلی « بریار » بۆ تەلەفزیونی تامیم بە کوردی تۆمار دەکا کە ژمارەیەك لە هونەرمەندەکانی تیپی ناوبراو بەشداری تیادەکەنو هەندێ بەشی لەناو شاری سلیمانیدا تۆمار دەکرێ « بریار » کاکطە بابان کردویەتی بەکوردیو کاك ئیسماعیل بەرزنجی ئامادەی کردوە بۆ تەلەفزیون ٠

چیرۆکی (بریار) لەتەلەفزیون

ڕێ ڕەو

ئەگەر ئیستامان فێری ئارامگرتنمان نەکا ، پێویستە دەرس لە میژوو وەربگرین ، بەڵام ، پێ بە باوەڕ دەڵێین ، ئیرادەی ئیستامان بەش دەکا، کەوا خۆراگرینو لەپێناوی ئەوەدا کار بکەین کە مافەکانی نەتەوە بەجێ دێنن ٠

هاوڕێ عدام حسین

چاپکراوی نوێ

ژمارەی نوێ ژمارەی نوێ « بەیان »

ژمارە پەنجاو پێنجی گۆڤاری « بەیان » کە لە دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی دەردەچی لەم دوایەدا کەوتە بازارەوە ، لەم ژمارەیەدا ، بێجگە لە چەندان وتارو باسی ئەدەبیو ڕۆشنبیریو زانستیو هەمەڕەنگ ، بایەختێکی تایبەت بەجیهانی منالان دراوە بێجگە لە گۆشە دیاری کراوەکانی پۆستەی خوێنەرانو هەمەچەشنەی تر ٠

● **نەخۆشیەکانی نووسین**

بە پێی بیروڕای پزیشکەکانی بوستن لە ئەمەریکا ، درێژەدان بە ماوەی نووسین سرشتو کەسایەتی ئەو مرۆڤە دەردەخا ٠

هەروەها دۆکتور ئیسرنیست هارکمان لە لێکۆڵینەوەکانیدا ئەوەی ڕوون کردەوە کە ئەو کەسانەی لە شەش سەعات کەمتر دەنوون کەسانی سرشتینو باوەڕیان بە خۆیان هەیەو بارمەتی خەڵك دەدەن ئیشیان جێبەجێ دەکەن ، بەڵام ئەوانەی لە نۆ سەعات زیاتر پێویستیان بە نووستن هەیە کەسانێکی تووشی دڵەڕاوکێ ونێگەرانی بوونو هەمیشەیش دڵتەنگەو ئائومیدن ٠

● **لەگەڵ ٢٤ مار دەژێ ٠**

بیتر سنیمان لە خوارووی ئەفەریقا توانی بۆ ماوەی ٣٦ ڕۆژ لەگەڵ ٢٤ ماری ژەهراوی لە شوێنێکی پەرژین دار بژێ ٠سنیمان تائێستا لەو شوینە لە گەڵ مارەکاندا دەژێ چونکە دەیەوی درێژە بە ماوەکە بداو بیکا بە ٤٠ ڕۆژ، ئەگەر مارەکان بەهێمن مانەوە لەوانەیە بیکا بە ٥٠ ڕۆژ ٠

بیتر سنیمان قەرەوێلەیەکی لەم شوێنە داناوە وەختەکەی بە خوێندنەوەی گۆڤارورۆمان ئەباتە سەر هەروەها چەندەها خەڵك بە حەپەساوێکەوە دێنە سەیرکردنی .

جیهانی منالان

ئەنجامی گرەوی « جیهانی منالان »

منالە ئازیزەکان :

تا ئێستا ، چوار گرەوی جیهانی منالان بڵاو کراوەتەوەو بەردەوام وەڵام لە منالە ئازیزەکانەوە هاتوە ، ئێمەش هەر چوار وەڵامو ناوەکان دەخەینە بەردەستو ڕاسترین وەڵام پاداشتی جیهانی منالانی پێ دەبەخشرێ ، تاقە سەرنجی بۆ منالە ئازیزەکان با لەگەڵ وەڵامەکاندا ئەو کۆبوونە بنێرن کە لەسەر لاپەرەکەیە ،و لێرەدا وەڵامە ڕاستەکانی چوار گرەوەکە بەر چاو دەخەین :

گرەوی یەکەم :

–شاری سلیمانی ، زانکوی سلیمانی ، فرگەوتی گەورە،

گرەوی دووەم :

–ای حوزیران ڕۆژی خۆمالی کردنی نەوت ٠

گرەوی سێیەم

–هاوکاری، بەیان ،ڕۆشنبیری نوێ ئۆتۆنۆمی ڕەنجی کرێکار، ڕۆژی کوردستان ، پاشکوی عیراق ، دەنگی جوتیار ، هەفتانە ڕۆژنامەی «هاوکاری»

گرەوی چوارەم :

– سەری ڕەش ، صلاح الدین ، حاجی هومەران ، شەقلاوە . بێخال ، گەلی عەلی بەگ– هتد .

لە ئەنجامی ڕاکێشانی گرەوەکەدا : منالی چالاك **(قسان کریم احمد لە کەلار)** بە یەکەم دەرچوو ، پیرۆزبایی گەرمی لێ دەکەینو پاداشتەکەی بریتی یە لەچەند یاری یەکی داوا دەکەین ، سەر لەبەرئوەبەریتی ڕۆشنبیری چەماوەر بدا لە سلیمانیو دبارییەکەی لە کاك حمە سعید حمەکریم بەیامنێری «هاوکاری» لە سلیمانی وەربگرێو سوپاس٠

جیهانی منالان

چیرۆك بۆمنداڵان

کەرۆیشکەکان

باوکم گووتی :

پرسیارێکی ساکارت لێ دەکەم؟ خۆ باوکم بەر لە ئیستا پرسیاریکی لی نەدەکردم ؟

بێم گووت :

– مەسەلە و پرسیاری ساکارم ناوێ ، پرسیارێکی گرانم لێیکە ، چونکە پرسیاری سادەو ئاسان وهەتا مرۆڤی کێزیش دەیزانێ ٠

باوکم وەرامی دامەوە :

– ئای چەند زیرەکە !! باشە ئەوا پێك هاتین ٠ پوسیارێکی گرانت لێدەپرسم ٠

باشە ، لەبەرزایی یەکدا قەفەسێك هەیە ، ئەو قەفەسە (١٠) کەرویشکی تێدایە ! ٠ بەڵام بەڕای من دەبێ قەفەسەکە زۆر گەورەبێ ٠

باوکم گووتی :

– تەماشاکە ، وا وێنەی قەفەسێکی گەورەت بۆ دەکێشم ، (١٠) کەرویشکی تێدا دەژی ٠

بەسەرسوڕمانیکەوە گووتم :

– ئەم کەرویشانە چۆن ئایا ئەمانە کەرویشکن ! ئەمانە سەگی گەورەن ، کەرویشك کچکەیە بەڵام تووکەکەی درێژە! ٠

– بەڵام تۆ وای داینێ ئەمانە کەرویشکن !

– تۆ کەرویشکەکانت بەرەڵلاکردن بۆ ئەوەی بلەوەڕێن ، باشە ئێستا چەند کەرویشکمان هەیە ؟

گووتم : ١٠ کەرویشك

– باشە ئێستا وای داینێ کە (٥) کەرویشك : تێنووبوونو دەیانەوێ ئاو بخۆنەوە ، وا ئاویشمان لەناو قەفەسەکەدا ، داناوە !

باوکم وێنەیەکی کێشا کە (٥) کەرویشك ئاو دەخۆنەوەو لێی پرسیم :

– چەند کەرویشك دەلەوەڕێن ؟

گووتم :

– پێنج !

– ئافەرین ! وەرە پێشەوە ئێستا وای داینێ کە ئەم پێنجەش تێنوو بوون ، بەڕاکردن چوون بۆ ئاو خوا ردنەوە ! داوادەکەم چەند کەرویشك لەناو قەفەسەکەدا یە ؟

– بەڵام بابە خۆ کەرویشکەکان ڕایان نەکرد ! بازیاندا ٠

– جیاوازی چی یە ؟

– بازیاندا بەڵام هیشتا تێنوویان نەبووە !

– بەڵام من دەڵێم تێنوویانە!

– ئا ٠٠٠ من دەزانم تێنوویان نی یە !

– ئایا دەزانی گۆرگێك لەناو گیایەکەدا یە !؟و ددانەکانی تیژنو زۆر خۆریشە !

– من ئەمە نازانم ، من لەکەرویشکەکانم دەترسێم !

باوکم بەدەنگێکی بەرز گوتی :

– دەی بە ئازایی کەرویشکەکان بخەرە ناو قەفەسەکەوە ، وێنەی هەموو کەرویشکەکانمان کێشا لەناو قەفەسەکەدا ٠ وەك بڵێی خۆیان لە گورگەکە شاردبێتەوە ٠

پاش ئەوەی کەرویشکەکانم ژمارد ، بەئازایی گووتم :

– کەرویشکەکان هەموویان لەماڵەوەن ، هەر (١٠) کەرویشك ، گورگەکە هیچی بەرنەکەوت !

باوکم گووتی :

– ئافەرین ٠٠٠

● **فەهد گردەوانی لە عارەبی یەوە کردوویە بە کوردی**

جوانترین منال

شیلان غازی

مجید خالد

بەهرە صابر

محمد ولید

ساهرە کاکە مەند

طاهر توفیق

Institut kurde de Paris